# وەرە شوێنم کەوە

## ڕێنیشاندەری ڕاوێژکار

**وەشانی نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، ٢٠١٧**

Come Follow Me

**تیم گرین**

وەرگێردراوە لەلایەن مەهدی ئەحمەدی (ناسراو بە مەهدی جاف)

بۆ یەکەمجار بڵاوکرایەوە لە شانیشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) ٢٠١٤ لە ڕێگەی lulu.com.

هەروەها ئەم چاپی دووەمە بەردەستە بۆ داگرتن بە خۆڕایی لە come-follow-me.org

مافی لەبەرگرتنەوەی © تیم گرین ٢٠١٤، ٢٠١٧. هەموو مافەکانی پارێزراوە.
هەرچۆنێکبێت، ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە ڕەنگبێت چاپ بکرێت و سەربەستانە لێبیگیرێتەوە بۆ بەکارهێنانی کەسی.

**داواکارییەک بۆ خوێنەران**

ئەمە دووەم چاپی وەرە شوێنم کەوەی ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە، کەوا بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە لەسەر ئەوەی یەکەمیان بە یارمەتی سەرنجەکان و پێشنیارەکانی خەڵکانێکی زۆر. ئەگەر هەر پێشنیارێک یان سەرنجێکت هەیە، دلۆڤانانە پێشنیارەکانت بنێرە بە بەکارهێنانی پەڕەی تێبینی لە کۆتایی ئەم پەرتوکەدا.

ئەم خولە پشت دەبەستێ بە زۆرترین دۆزی لێکۆڵینەوەی خوێندن، شایەتیدان، چیرۆکگەلی-ڕاستی-ژیان، هۆندراوە و وێنەکان لە جیهانی موسڵماندا. تکایە یارمەتیمان بدە بۆ ئامادەکاری ئایندە بەناردنی هەر نمونەیەکی لەم شێوەیە کە تۆ هەتە پەیوەستبێت بە باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان، جا لە وڵاتانی زۆرینە موسڵمان بێ یان لە ڕۆژئاوا. هەروەها تکایە سەرچاوە مەڵپەرییەکان پێشنیار بکە. بە پارچە ڤیدۆکانەوە، بۆ تەواوکاری پەرتوکی خوێندنەکە.

سەرباری وەرە شوێنم کەوە، ئێستا ماڵپەڕی زۆرتر بەردەستن لەسەر بنەمای ئەو کەرەستانە بۆ قوتابییەتی ب.پ.م، بە ئەوانەی پەیداکراون لە www.bmbtraining.org. بەشی ب ڕێنیشاندەری ڕاوێژکار دەکرێت دابگیرێت وانە بە وانە لە come-follow-me.org.

**سوپاس.** **تیم گرین**
**comefollowmecourse@gmail.com**

هەموو پرسیارەکانی پەرتوکی پیرۆز، مەگەر بە پێچەوانەوە نیشانەکرابێت، لە کتێبی پیرۆز دەرهاتوون، کوردی سۆرانی ستاندەر®، ک.س.س®. مافی لەبەرگرتنەوە ©١٩٩٨، ٢٠١١، ٢٠١٦ لەلایەن بیلیکا پارێزراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە لە تەواوی جیهان. ک.س.س لە هەرێمی کوردستان و نوسینگەی بیلیکا لە هەرێمی کوردستان بە نیشانەکانی بازرگانی تۆمارکراوە™.

وتەکانی پەرتوکی پیرۆز نیشانەکراون لە ک.س.س دەرهێندراون لە پەرتوکی پیرۆزدا، کوردی سۆرانی ستاندەر، مافی لەبەرگرتنەوەی © پارێزراوە ١٩٩٨، ٢٠١١، ٢٠١٦ لەلایەن بیلیکا. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

وێنۆچکەکان بە ڕێگەپێدراوی بەکارهاتوون: وێنۆچکەکانی گفتوگۆ دروستکراون لە http://onelinewebfronts.com/icon و مۆڵەتدراوە لەلایەن CC BY ٣.٠. وێنۆچکەی پەرتوکی پیرۆز دروستکراوە لەلایەن **فریپیک** لە مەڵپەڕی www.flaticon.com.

بەرگەکەی شێوەکراوە لەلایەن دەیڤد ڤۆسبورگ. www.zagmediaarts.com

## سوپاس و پێزانین

لە دڵەوە زۆر بە گەرمی سوپاسی ئەوانە دەکات یارمەتیدەر بوون لە ئەم پرۆژەدا لە ڕێگەی هاندانەکانیان، هەڵسەنگاندن و نوێژەکانیان. خەڵکێکی زۆر یارمەتیدەر بوون لە پەرتوکی خوێندنی وەرە شوێنم کەوە و وە پەسندیانکرد بەشداریکردنیان و بە بوونیان لەناو پرۆژەکەدا؛  هەندێک لە وان (وەکو سۆزان و ڕیچەڵ) هەروەها چەندەها بیرۆکەی بەنرخیان پێدام بۆ ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە، هەر وەک کاک سکۆت و ماڵکم.

کاک جەیکۆب بیرۆکەی زۆری داهێنەری پێشکەشکرد، بەتایبەتی لە 'سەرەداوی کەلتوری' بۆ شیکردنەوەی بۆچون و کەلتوری موسڵمانان لە جیهاندا و لە داڕشتنەوەی چاپی یەکەم. بۆ چاپی دووەم، خاتوو پێنی دەستیکرد بە بەرەوپێشچونی سازکردنی ڕێنیشاندەری وانەکان، وە هەروەها خاتوو جێن ئیشێکی نایەبی کرد بە زیاتر پەرەپێدانی ئەمانە، پێشکەشکردنی بیرۆکەی نوێی زۆر و بارکردنیان بۆ بڵاوکردنەوە. (بارکردنی سەرهێڵ)

سوپاسی خێزانەکەم دەکەم بەتایبەتی ڕەیچڵ. پێکەوە چەندەها ساڵە خۆشی و دڵتەزێنی ئەوانە هاوبەش دەکەین کە لە ئیسلامەوە هاتوون و بڕوایان بە مەسیح هێناوە؛ ئەوان هەنگاوی زۆریان ناوە و هەندێکجار ڕێگایەکی تەنیایان هەڵبژاردوو بۆ شوێنکەوتنی مەسیح. ڕەیچڵ زۆر بەدڵفراوانییەوە لەگەڵ ئامانجی درێژخایەنی من بوو بۆ ڕۆژی تەواکردنی ئەم پرۆژەیە (کە زیاتر لە دەساڵ دەستمکرد بە ئیش لەسەری!) وە یارمەتییەکی بەنرخی دام لە پێداچوونەوە و تەماشاکردن و پژارکردن و خوێندنەوەی.

'سوپاسێکی' بێ پایەنی هەمووتان دەکەم.

## تکایە یەکەمجار ئەمە بخوێنەوە

خولی وەرە شوێنم کەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە بە پێشینە موسڵمانبوون دەستپانکردووە بە شوێنکەوتنی عیسای مەسیح. ئەم خولە ئامانجی ئەوەیە یارمەتیان بدات بەهێزتر گەشە بکەن لە مەسیحدا و لە کۆمەڵگەکەی ئەو.

خولی وەرە شوێنم کەوە پێکهاتووە لە سێ توخم:

١. پەرتوکی خولەکەی خوێندکارەکان، بۆ خوێندنی ماڵەوە بۆ ئامادەکاری بۆ گفتوگۆ؛

٢. ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە، بۆ یارمەتیدانت بۆ بەڕێوەبردنی کاتی گفتوگۆ؛

٣. تۆ، ڕاوێژکارەکە! پەرتوکاکان قوتابی دروست ناکەن. قوتابییەکان قوتابی دروست دەکەن.

لە ژێر دەستی خودادا، دەتوانیت کاریگەرییەکی گەورەت هەبێت لەسەر ژیانی باوەڕداری نوێ: وەک ڕاوێژکار، فێرکار، هاندەر، نمونە، تکاکار و هاوڕێی ئەوان. وەرە شوێنم کەوە تەنها ئامرازێکە بۆ بەکارهێنان لە سنوری پەیوەندیدارییەتی قوتابییەتیدا. ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە یارمەتیت دەدات ئەو ئامرازە کاریگەرانە بەکاربهێنیت، ئاخۆ لەگەڵ باوەڕداری تاکدا یان لەگەڵ کۆمەڵ.

ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە دوو بەشی هەیە. **لە بەشی ئەلف، تکایا پێنج خولەک دابینبکە بۆ خوێندنەوە بۆ 'چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم خولە'**. ئەمە گرنگە لەبەرئەوەی ڕێچکە و سنوری خوێندنەکەی ڕەنگبێت نوێ بێت بۆ تۆ. لەپاشاندا، کەرتەکانی دیکەی بەشی ئەلف بخوێنەوە لە ڕوانگەی پێداویستی خۆتەوە. بەشی **'سەرەداوی کەلتوری'** ڕێنمایی گرنگ لەخۆدەگرێت بۆ ئەوانەی کەمتر ئاشنان لەگەڵ کەلتوری موسڵمانان. ئێمە پێشنیارت دەکەین هەموو هەفتەیەک ئەمانە بخوێنیتەوە، هەروەک دابەشکراون بەسەر وانەکاندا.

**بەشی ب ڕێنیشاندەری بۆ هەموو وانەکان دەدات هەنگاو-بە-هەنگاو.** ئەوانە بریتین لە گفتوگۆی پرسیاراوی و ڕێنمایی وردەکاریکراو، بۆ یارمەتیدانی دوو جۆر ڕاوێژکاری مەسیحی: بۆ ئەوانەی ئاشنا نین لەگەڵ ئیسلام، و بۆ ئەوانەی شارەزا نین لە دروستکردنی دارشتنی پرسیاری گفتوگۆ کردن. ئەگەر تۆ پێشەکی ئاشنای هەردوو ڕوکارەکە بویت ڕەنگبێت پێویستی کەمترت بە ڕێنیشاندەرە وردەکاریکراوەکانی وانەکان ببێت. بەڵام دەکرێت هەر وەریانگریت وەک خاڵی-دەستپێکت بۆ پەرەپێدانی پرسیارەکانی گفتوگۆی خۆت.

لە هەر ڕەوشێکدا بێت، تکایە دڵنیای بکەرەوە کە لەگەڵ خوێندکارەکاندا تاوتوێی پرسیارەکانی پەرتوکی خولەکە بکەن کە دەستنیشانکراون 'بۆ گفتوگۆ'، یان 'بەرسقی کەسی'.

زانیاری-سەر بە تەنها بەس نییە، و ئەم خولە یارمەتی باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان دەدات (ب.پ.م) بگۆڕێن بە سێ ئاست:

- 'سەر'، لەگەڵ گۆڕانکاری بۆچونی جیهان لەسەر بنەمای وشەی خودا؛
- 'دڵ'، بەرکەوتنی ناوچەکانی هەستیاری، هاندان و هەڵوێست؛
- 'دەستەکان'، لەگەڵ ئەرکی کرداری هەموو هەفتەیەک بۆ خوێندکارەکان بیانکەنە ڕاهێنانەوە.

ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە دەکرێت ئازادانە دابگیرێت، چاپبکرێت یان لەبەربیگیرێتەوە بۆ بەکارهێنانی کەسی، هەر وەک دەتواندرێت بدۆزرێتەوە لە ماڵپەڕەکەمان come-follow-me.org .

**سوپاس!** **تیم گرین**

comefollowmecourse@gmail.com

# ناوەڕۆک

## بەشی ئەلف: ڕێنیشاندەری گشتی


| بابەت | پەڕە |
|---|---|
| چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم خولە | ٢ |
| دەوری تۆ وەک ڕاوێژکار | ٤ |
| چۆنێتی ڕێبەری هەر وانەیەک | ٥ |
| ڕێبەریکردنی گفتوگۆی کۆمەڵ | ٨ |
| بەقوتابیکردنی باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان | ٩ |
| زاراوەکانی موسڵمانان و کێشە کەلتورییەکان | ١١ |
| پرسیارە پەیتاپەیتا کراوەکان | ١٢ |
| تێبینی داواکراوە | ١٣ |
| سەرەداوی کەلتوری | ١٤-٢٦ |


## بەشی ب: ڕێنیشاندەری وانەکان


| وانە | | پەڕە |
|---|---|---|
| | سەرەتا کۆبوونەوە | ٢٨ |
| ١ | بوون بە شوێنکەوتووی مەسیح | ٣٠ |
| ٢ | ژیانی نوێ لای مەسیح | ٣٢ |
| ٣ | خودای باوک | ٣٤ |
| ٤ | گوێڕایەڵیکردنی مەسیح لەلایەن دەسەڵاتی ڕوحی ئەوەوە | ٣٦ |
| ٥ | قسەکردن لەگەڵ خودا | ٣٨ |
| ٦ | وشەی خودا بۆ ئێمە | ٤٠ |
| ٧ | ئەندامەکانی کڵێسای مەسیح | ٤٢ |
| ٨ | ئەندامی دوو کۆمەڵگە | ٤٤ |
| ٩ | هۆیەکان بۆ چەوسانەوە | ٤٦ |
| ١٠ | بەرپەرچدانەوەی چەوسانەوە | ٤٨ |
| ١١ | ژن و مێرد | ٥٠ |
| ١٢ | چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانمان | ٥٢ |
| ١٣ | شایەتی دان | ٥٤ |
| ١٤ | لەناو هەڵکێشان | ٥٦ |
| ١٥ | ڕێگای ڕاست | ٥٨ |
| ١٦ | یاسای خۆشەویستی | ٦٠ |
| ١٧ | ڕۆژووگرتن و بەخشین | ٦٢ |
| ١٨ | چارەنووس و جادوو | ٦٤ |
| ١٩ | خزمەتکردنی یەکتری | ٦٦ |
| ٢٠ | گەشتی ئێمە بۆ ئاسمان | ٦٨ |

پاشکۆ: ئایەتەکانی لەبیربوون بەکارهاتوون لە ئەم خولەدا ٧٠

# بەشی ئەلف:

# ڕێنیشاندەری گشتی

# چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم خولە

| تکایە بە دڵنیاییەوە ئەم کەرتە بخوێنەوە. یارمەتیت دەدات خولەکە قازانجی زیاتری هەبێت. |
| --- |

### ئەم خولە بۆ کێ و بۆ چییە؟

ئەم خولە بۆ شوێنکەوتووانی مەسیحە کە بە پێشینە موسڵمان بوون، یان بۆ ئەوانەی نزیکن لە بڕیاردانی چارەنوس بۆ مەسیح. یارمەتییان دەدات یەکەم هەنگاو بنێن بۆ قوتابییەتی. هەروەها باوەڕدارانی کاملێش کەڵکی لێوەردەگرن، لەبەرئەوەی خولەکە یارمەتییان دەدات کاردانەوەیان هەبێت لەسەر ئەو کێشانەی پەیوەستە بە کەلتوری موسڵمانان و وە تاوتوێکردنیان لەگەڵ ئەوانی دیکە.

### ڕێچکەی فێربوون چییە؟

ئەم خولە تەواو نابێت تەنها لەڕێگەی خۆ-خوێندنەوە. دەبێت بەکاربهێندرێت لە ڕێگەی پەیوەندیدارییەوە. ڕێچکەی خولەکە بۆ خوێندکارەکان هەموو هەفتەیەک بۆ:

١. یەکەم، لە پەرتوکی خوێندنەکەوە فێربە لە ڕێگەی خوێندنی کەسی خۆت لەماڵەوە؛
٢. دووەم، ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر تۆ (و ئەوانی دیکە ئەگەر گونجا) لە گفتوگۆدا، نمونەیانە هەفتەی جارێک؛
٣. سێیەم، فێربوونەکان بکە ڕاهێنانەوە لە سنوری ژیانی ڕۆژانەیاندا.

لە وردەکاری زیاتردا:

- قۆناغی 'خوێندنی ماڵەوە' فێربونی چالاک لە خۆ دەگرێت نەک خوێندنەوەی ناچالاک، داوا لە خوێندکار دەکات شتێک بکات لە پاش هەر کورتە کەرتێکی فێرکردندا:
  - هەندێک لە پرسیارەکان یارمەتی خوێندکارەکان دەدات بەبیریان بێت کە هەر ئێستا چیان خوێندەوە؛
  - هەندێک لە پرسیارەکان یارمەتییان دەدات تێبگەن و فێرکردنەکان لە ژیانیاندا بەکار بهێنن;
  - هەندێک لە پرسیارەکان یارمەتییان دەدات ڕەنگدانەوەیان هەبێت لەسەر هەڵوێستیان و قسە لەگەڵ خودا بکەن دەربارەیان؛
  - هەندێک لە پرسیارەکان یارمەتییان دەدات ئامادەبن ئەزمونی خۆیان هاوبەش بکەن لە کاتی گفتوگۆدا؛
  - هەروەها وێنەکان و نمونەکان یارمەتی خوێندکارەکان دەدات وشەی خودا ببەستنەوە بە ئەزمونی ژیانەوە.

- قۆناغی گفتوگۆ مادەکان زیندو و پەیوەستدار دەکات. دەنگی خوێندکارەکان بۆچوونی خۆیان و گوێگرتن لە بۆچوونی ئەوانی دیکە. ئەمە هەڵوێستە کۆنەکەیان دەشکێنێت و جۆش و هاندانێکی نوێ دێنێتە پێش.

- قۆناغی 'ئەرکی کرداری' شتێک دەدات بە خوێندکارەکان بیکەن پێش چاوپێکەوتنی دواتر. ئەمە ڕێگری لە وانەکە دەکات کە تەنها نەبێتە شتێکی دیتانە (ڕووالەتی)، بەڵکو وای لێدەکات کە ببێتە بەشێکی ژیانی ڕۆژانەیان.

### ئایا بۆ بەکارهێنانی تاکەکانە یان کۆمەڵەکان؟

ئەم خولە دەکرێت بە هەردوو بار بەکاربهێندرێت، و وە هەر یەکەیان بەرژەوەندی باش و خراپی تێدایە. بە پێی بارودۆخەکە ڕێنمایی دەکرێیت لە ڕوانگەی ئەوەی کێ بەردەستە بۆ خوێندنی خولەکە. ئەگەر گونجاو بوو کە کۆمەڵێکی بچوکی ب.پ.م کۆبکەیتەوە، ئەمە پەیوەندی یەکدی پتەو دەکات و دەرفەتیان دەداتێ کەڵک لە ئەزمونی بەڕێوەبردنی گفتوگۆ وەربگرن. ڕێبەریکردنی تاکیش هەروەها گرنگە. بەڵام گفتوگۆی یەک و یەک دەشێت بە یەک ئاراستەدا بڕوات، کاتێک هەموو پرسیارەکان دەکەیت و ئەوانیش وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدەنەوە؛ کەواتە هەوڵ بدە ئەزمونێکی هاوبەش پێک بهێنە، کە وا بکەیت هەردووک لە وشەی خودا فێرببن و لەیەکتری کەڵک وەرگرن.

لە ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارەدا هەندێک جار مەبەستی ئێمە لە 'خوێندکارەکان' لە هەردووک تاک و کۆیە. هەروەها لە جیاتی ناو هێنانی نێرینە یان مێینەن 'ئەوان' یان 'ئەو' بەکار دەهێندرێت. هەموو پرسیارەکانی گفتوگۆ دەکرێت لەگەڵ کۆمەڵ و تاک بەکاربهێندرێت، هەرچەندە چەند چالاکییەکی فێربوون پێویستی بە کۆمەڵە.

### پێویستە هەموو بیست وانەکە بە یەک تاو تەواوبێت؟

بە پێویست نازاندرێت. بیست هەفتە بەبێ پشو خولێکی زۆر دوورودرێژ دەکات! کەواتە ئازادبە بەکردنی بە دوو بەشەوە تاکو پشوێک بدەیت لە ناوەڕاستدا یان وانەیەک هەڵبژێرە کە پەیوەستە بە خوێندکارەکانی تووە.

### شێواز و کات دیارکردنی کاتی گفتوگۆ چییە؟

هیچ کات یان شێواز دیاری نەکراوە. دەکرێت جیاواز بێت بەپێی پێویست. بەڵام دانیشتنێکی گفتوگۆی نمونەیی دەکرێت درێژەی هەبێت بۆ ١ ١/٢ کاتژێر (ساردەمەنی ، بە خواردنەوە و خواردن و پشودان) دەکرێت بریتیبێت:

- ساردەمەنی و خواردنەوە و پەیڤین (لە سەرتاوە یان کۆتایی)
- نوێژی کردنەوە
- پێداچوونەوەی ئەرکی کرداری هەفتەی رابردوو
- پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوەی ئەم هەفتەیە
- گفتوگۆ و پرسیارە هەڵبژێردراوەکان لە وانەکەدا
- گفتوگۆی پارچەکەی کتێبی پیرۆز
- هەندێکجار، پارچە ڤیدۆیەک یان چالاکییەک
- راهێنان لەسەر ئایەتی لەبیربوون
- نوێژی کاتی داخستن، بریتییە لە داواکاری نوێی کەسی

لە کاتی گفتوگۆدا، بە سادەیی بەسەر هەموو مادەکاندا مەڕۆ لە ناو پەرتوکی خوێندنەکەدا. ئەمە دەبێتە بێزارکەر هەرچۆنێکبێت، خوێندکارەکە دەبێت ئەمە بزانێت پێش ئەوەی بێتە ناو گفتوگۆوە. بۆ ئەوەی پێداچوونەوەی بەسەردا نەکەیتەوە بەهیچ شێوەیەک، وە هەروەها هیچ شێوازی فێربوونی نوێی ئاینی و ئایەتی زیادەی تێمەکە. لە جیاتی ئەوە، سەرنج بخەرە سەر خاڵە گفتوگۆ کردارییەکان کە یارمەتی خوێندکارەکان دەدات بۆ گۆڕانکاری ژیانیان.

## ئایا ئەم خولە لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆزە؟

بەڵێ، زۆریش. ڕەگی لەوەوە دەرکردووە کە کتێبی پیرۆز وشەی خودایە و کە ئێمە وە شوێنکەوتوی مەسیح (هەردوو خوێندکار و ڕاوێژکار) پێویستە لێی تێبگەین و گوێڕایەڵی ببین. وەرە شوێنم کەوە لەسەر بنەمای یەکەم پەترۆسەوە هاتووە، کە لەسەرەتاوە نوسراوە بۆ ڕێنمایکردنی مەسیحی نوێ لە سنورێکی پەستاو.

خولەکە بڕبڕەیی پشتی خۆی هەیە بۆ لێکدانەوەی خوێندنی یەکەم پەترۆس ، بە ڕیزبەن لە یەکەم بەشەوە تا کۆتا بەش (هەموو ئایەتەکان نا). خولانەوە بە چواردەوری ئەم بڕبڕەی پشتە، وەک پەراسووەکان، بیست بابەتی گرنگ پەیوەستن بە باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان (ب.پ.م). ئەم پەراسوانە پەیوەستن بە فێربوونی بەشەکانی دیکەی ناو کتێبی پیرۆز.

هەر وانەیەک ئایەتی لەبیربوونی خۆی هەیە بۆ پوختکردنەوەی ڕووکارەکەی. ئەم ئایەتانە دەرکێشراون لە یەکەم پەترۆس و پەرتوکەکانی دیکە. وە کۆکراونەتەوە بۆ کاتی گونجاوی تۆ لە پەڕەی پاشکۆی ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە. بۆ پشتیوانی بیرهاتنەوە، ئایەتی کورت هەڵبژێردراون بۆ لەبەرکردن، یان کەرتێکی ئایەتە درێژەکان.

## لەبەرچی پەرتوکی خوێندنەکە زۆر سادە دیارە؟

لەسەرەتادا نوسرا بە سنورێکی دیارکراو کە لەوێ خەڵکانێک دەرفەتی کەمتری پەروەردەی باڵاتریان هەبووە. کەواتە، نوسراوێکی-خوێندنەوەی ئاسانی بۆ داڕێژراوە، لەگەڵ وێنە و نمونە بنەتاکان. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە بنەتاکان سادەن. خوێندنی کەسی وانەکان تەختەیەکی زەمبەلەک بازدانی دروستکردووە بۆ بەرێوەچوونی کاتی گفتوگۆ بە ڕەنگدانەوەی قوڵتر، گۆڕینی بۆچوونی جیهان و قوتابییەتی کرداری. نمونە بنەتاکان گفتوگۆ دروست دەکەن و ئیشپێکردنی ئاسانتر لە ئەوەی ئەگەر تەنها فێربوونێکی دەرکێشراو بێت لە پەرتوکی پیرۆز. هەروەها، ئەو کەسەی قوتابی بووە لە ئەم خولەدا ئەوا ئامرازێکی ئاسانی بەدەستەوەیە بۆ بە قوتابیکردنی ئەوانی دیکە. ئەمە قوتابییەتی زۆر بە بەرهەمتر دەکات.

## لەبەرچی ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە ئەوەند بەوردەکارییە؟

نوسراوە بۆ یارمەتی ڕاوێژکارانێکی زۆر. هەندێکیان پێویستیان بە زیاترە بۆ دروستکردنی پرسیارەکانی ناو گفتوگۆ، هەندێکیتر پێویستیان بە ڕێنیشاندەری کەلتورییە. هەروەها ئێمە تێبینیشمان پێشنیارکردووە بۆ پرسیارەکانی گفتوگۆ. ڕاوێژکاری شارەزا پێویستی بە ئەمە نییە، بەڵام ئەمانە هەمووی هەیە لێرە بۆ تۆ بۆ ئەوەی بۆ خۆت هەڵبژێریت کامەیان پەیوەستە بە تووە.

ئەگەرە وا دەزانیت پرسیارەکان زۆرن بۆ بەسەردا ڕۆیشتن بۆ کاتی گفتوگۆ بۆ هەفتەیەک. ئەوا تەنها ئەوانە هەڵبژێرە کە پەیوەستن بە خوێندکارەکانی تووە. بەڵام تکایە هەوڵ بدە ئەوانە هەڵبژێرە کە نیشانە کراون 'بۆ گفتوگۆ' یان 'بەرسڤی کەسی خۆت' لە پەرتوکی خوێندنەکەدا.

## ئایا هەموو خوێندکارەکان پێویستیان بە بەرگێکی پەرتوکی خوێندنە بۆ خۆیان؟

بەڵێ، وە هەروەها هەموو ڕاوێژکارێکیش. دەشێت ئەمەت دەست بکەوێت لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەمانەوە: come-follow-me.org

# دەوری تۆ وەک ڕاوێژکار



## پەرتوکەکە مامۆستایە

پەرتوکەکە خۆی فێرکاری دەکات بە شێوەیەکی زۆر ئاسان. پرسیاری زۆر ئاسان دەکات و وە هەروەها لە کۆتای هەر وانەیەکدا وەڵامی پرسیارەکانیش دەداتەوە. وێنەی مامۆستاکە خاڵی سەرەکی بەبیر خوێندکارەکان دەهێنێتەوە. ئەمە ئەرکی تۆ ئاسانتر دەکات، لەبەرئەوەی پێویست ناکات تۆ وانەکە بنوسیتەوە بۆ خۆت. پێویستە کاتی گفتوگۆ بە وتار بەکارنەهێنیت بۆ خۆت، بەڵکو بگرە یارمەتی خوێندکارەکان بدە بەدواگەڕان بکەن و پابەندی ئەو فێربوونانە بکەن کە تازە لە پەرتوکەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

## تۆ ڕێبەر و هاوڕێی

خوێندکارەکان وەک ڕێبەری خۆیان تەماشات دەکەن. تۆ نمونەی، ڕاوێژکاری و هاوڕێی بەرچاوی ئەوانیت. ئەوان بە وردی لێت دەڕوانن. نمونەیی تۆ زۆر گرنگترە لە زانیاری تۆ. هەر وەک باوەڕدارێکی ئەفغانی دەڵێت، "کاتێک داوای خوێندنی کتێبی پیرۆزم کرد ... لەسەر کەسەکە دەم خوێند کە قوتابێتی من دەکات".

بەبیرت بێت خوێندکارەکان کەسانی پێگەیشتوون، نەک منداڵ. ئەزمونی زۆری ژیانیان هەیە کە دەکرێت بیبەخشن بە کۆمەڵەکە. کەواتە، لە کاتی گفتوگۆدا، پرسیاری زۆریان لێبکە. پرسیاریان لێبکە دەرباری بۆچوون و ئەزمونەکانیان. یارمەتیان بدە بۆ خۆیان بیربکەنەوە. ئەوە دڵنیا بکەرەوە کە 'ئەرکی کرداری' بکەن هەموو هەفتەیەک. ببە بە نمونەیەکی باش بۆ ئەوان. خەمی ئەوانت بێت. نوێژیان بۆ بکە. لە خۆشییەکان و ناخۆشییەکانیان بەشداری بکە. هەر کە تەنگانە هاتە پێشیان، یارمەتیان بدە ڕووبەڕووی ببنەوە بە هەڵوێستێکی جوانی خودابیەوە.

لەگەڵیان دیدار ئەنجام بدە نافەرمیانە لە دەرەوەی دیتنی هەفتانە. بانگێشتیان بکە بۆ ژەمێک، یان پێکەوە بچنە دەرەوە بۆ خۆشی و کاتێک پێکەوە بەسەر بەرن. شتی ئاسای بکەن پێکەوە. سەرسام دەبیت لەوەی کە چەند لە ڕوانینی کردارەکانت و بەرهەڵستییەکانت وەردەگرن و فێردەبن، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ تەنگەژەدا دەکەیت، چۆن لە ئەوانیتر خۆشدەبیت، خووەکانت و ژیانی خێزانکەت..

## قوتابی قوتابی دروست دەکات

پەرتوکی خوێندنەکە ناتوانێت قوتابی دروست بکات. تەنها قوتابی قوتابی دروست دەکات. کەسێک یارمەتی دایت وەک قوتابی مەسیح گەشە بکەیت. ئێستا نۆبەی تۆیە یارمەتی کەسێکی دیکە بدەی گەشە بکات. بە ئەم ڕۆژگارە موسڵمانی زۆر دەبن بە مەسیحی وەک لە پێشتر. بەڵام بانگخوازی بەبێ قوتابی میوەی سنوردار دەهێنێت. خوازیارم لە خودا تۆ وەک هاو کرێکاری خۆی بەکاربهێنێت، تاکو ببیندرێت میوەی زۆر بەربگرێت لە ژیان و خێزانی نزیکە ئازیزەکانی کە لە ئیسلامەوە دێن بۆ شوێنکەوتنی عیسای مەسیح.

# چۆنێتی ڕێبەریی هەر وانەیەک

## پێش هەر چاوپێکەوتنێک

١. بەلانی کەمەوە دوو ڕۆژ پێش چاوپێکەوتن، خۆت وانەکە ئامادە بکە، هەر وەک خۆت خوێندکار بیت. وەڵامەکانی خۆت بۆ هەموو پرسیارەکان بنوسە. قەتبڕ هەڵ نەبژێریت.

٢. 'ئامانجەکانی' وانەکان بخوێنەوە. ئامانجە پێشنیارکراوەکانی ئێمە لە دەستی ڕاستی سەرەوەی چوارگۆشەکەدا، لە دەستپێکی هەر وانەیەکدا لە ڕێنیشاندەری هەر هەفتەیەکدا. بۆ نمونە، ئەمە ئامانجەکانی وانەی ٩ یە لە خوارەوە:

| وانەی ٩: هۆیەکان بۆ چەوسانەوە | |
|---|---|
| **ئامانجی هەر خوێندکارێک:**<br>ا. ئەوە دڵنیابە کە هیچ شتێک لێکمان جیا ناکاتەوە لە خۆشەویستی خودا.<br>ب. ئەوە تێبگە کە چەوسانەوە ڕودەدا، بەڵام خودا بەکاریدەهێنێت بۆ چاکەی خۆمان.<br>پ. فێربە ژیرانە کردار بکە بۆ خۆ دوورە پەرێزگرتن لە چەوسانەوەی ناپێویست.<br>ت. یەکەم پەترۆس ٢: ٢١ لەبەرکە. | **سەرەداوی کەلتوری:**<br>ئامۆژگاریکردنی باوەڕدارانی ب.پ.م لە کاتی چەوسانەوە |
| | **ئامادەکاری:** چەند پارچە کاخەزێک لەگەڵ چەند وشەیەک لە ڕۆما ٨: ٣٦ (بۆ پ ١٢) |

هەموو ئەو ئامانجانە شتێکیان هەیە بۆ ئەندامەکان بۆ کردن بۆ ئەم هەفتەیە:

- 'دڵنیابە' هەڵوێستێکە.
- 'تێبگە' ڕوویەکە لە زانیاری؛
- 'فێربە ژیرانە کردار بکە' ئەمە بەهرەیەکە بیکەیتە ڕاهێنانەوە
- 'لەبەرکە' ڕێگەیەکی باشە ڕاست وشەی خودا بهێنیتە ناو دڵ و ژیانیانەوە.

٣. دواتر، ڕێنیشاندەرەکە بۆ ئەم وانەیە بخوێنەوە. ئێمە ڕێنیشاندەری وردەکاری کراوەمان داوە بە تۆ بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات هەنگاو-بە-هەنگاو. ئەو پرسیاری گۆفتوگۆیانە هەڵبژێرە کە پەیوەستن بە خوێندکارەکانی تۆوە. پاشان، هەر وەک ئەزمونی زیاترت بەدەست هێنا، سەربەستی لە نوسینی پرسیارەکانی گفتوگۆی خۆت لە ڕوانگەی پێویستی ئەندامەکانی تۆ و ئامانجی وانەکە.

٤. 'سەرەداوی کەلتوری' بخوێنەوە بۆ وانەکە، بەتایبەتی ئەگەر تۆ ئاشنا نیت لەگەڵ کەلتوری موسڵمانان.

٥. شتومەکەکان ئامادەبکە هەر وەک ئاماژەی پێکراوە لە چوارگۆشەکەدا، ئەگەر وات دانابوو ئەو چالاکی فێربوونە بکەیت.

٦. لەکۆتایدا، نوێژ بکە بۆ هەر یەکەی ئەندامی کۆمەڵەکە. داوا لە خودا بکە یارمەتیت بدات ڕاوێژکارێکی باش بیت.

**لەماوەی هەر چاوپێکەوتنێکدا**

١. بەخێرهاتنی خەڵک بکە بە گەیشتنیان. خزمەتیان بکە بە ساردەمانی و خواردنەوە ئەگەر ویستت.

٢. شوێن هەنگاوەکان بکەوە لە ژێر 'کردنەوە' بۆ دەستپێکردنی چاوپێکەوتنەکە. بۆ نمونە، بۆ وانەی ٩:

| کردنەوە |
|---|
| **نوێژ بۆ وانەکە بکە. پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** چیت کرد بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەی ئێمە یان کەسێکی نەدار یان کەسێک لە دەسەڵاتدا؟ کەسەکەی تر کاردانەوەی چۆن بوو؟<br>**وانەی ٩ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**<br>**پرسیاری ١:** بۆ تۆ، نمونەی بەجێهێشتووە، کە دەبێت شوێن هەنگاوەکانی ئەو بکەوی (یەکەم پەترۆس ٢: ٢١).<br>**پرسیاری ٢:** ١) جیهان، ڕقی؛ ٢) خودا، چەوسانەوەی؛ ٣) کرداری، گەمژانە؛ ٤) هەنگاوەکانی، مەسیح<br>**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** بابەتی ئەمڕۆ چەوسانەوەیە، وە مژارێکی زۆر قورسە. لەوانەیە لە گفتوگۆکانماندا ئەسرین بڕێژین لەبەر ئەو ئەزمونە ئازاراوییەی پێیدا تێپەڕیوین. بەڵام خودا چەوسانەوە بۆ چاکە بەکاردەهێنێت، وە ژانەکانمان دەڕۆن و چاک دەبینەوە هەر کە ئەم شتانەمانە تێپەڕاند. |

ئەوە زۆر گرنگە کە 'پێداچوونەوە بکەی بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو'. ئەمە ئەوە نیشانی خوێندکارەکان دەدات کە ئەم خولە تەنها بۆ ئەوە نییە دەرباری ڕاستی فێربی بەڵکو دەربارەی ئەوەیە بیان خەینە ڕاهێنانەوە. هەروەها، ئەوەت نیشان دەدات ئەوان چۆن بەرەوپێشچوون بە خۆیانەوە دەبینن لە قوتابێتییان و ئایا ئەوان هەر ڕووبەڕوی بەرەنگاری دەبنەوە. تەنها پرسیار لە خوێندکارەکان بکە لێکدانەوە بکەن لەسەر ئەوەی ئەوان چۆن ئەرکی کرداری تەواودەکەن. بەڵام گفتوگۆکە نەکەیتەوە دەربارەی بابەتی هەفتەی ڕابردوو هەر وەک پێویست دەکات بەردەوام بیت بۆ بابەتی وانەیەکی نوێ.

مەبەستی 'پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە' ئەوەیە کە دڵنیا بیت کە خوێندکارەکان خوێندنی ماڵەوەیان تەواوکردووە و دەتوانن خاڵەکانی سەرەکی فێرکردنەکانیان لەبیربێت. ئەگەر خولەکە بە نافەرمی دەکەیت، داوا لە خوێندکارەکان بکە پەرتوکەکانیان دابخەن و وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە سەرزارەکی. ئەگەر خولەکە بە فەرمی دەکەیت بۆ هەڵسەنگاندنی کۆششی خوێندکارەکان ئەوا، وانەی پێداچوونەوە لەبەربگرەوە وەک تاقیکردنەوەیەکی نوسراو بۆ هەر خوێندکارێک بۆ تەواکردنیان و پەرتوکاکانیان داخرابێت. ئینجا لەپاشاندا دەکرێت (خۆت) تاقیکردنەوەکان ڕاستلێبدەیت و نمرەیان بدەیتێ، یان دەکرێت (بە نۆرە هەر خوێندکارەو تاقیکردنەوەی ئەوی دیکەیان ڕاست لێبدات).

٣. ئینجا، ڕێبەریی گفتوگۆکە بکە، بە بەکارهێنانی پرسیارەکانی گفتوگۆ کە پێشتر هەڵتبژاردون. ئەگەر کاتت بەدەستەوە نەما، بە لانی کەمەوە دڵنیابە پرسیارەکان لە خۆ بگرێت کە نیشانە کراون بە 'بۆ گفتوگۆ' یان 'بەرسڤی کەسی' لە پەرتوکی خوێندنەکەدا. لە هەندێک دواین وەشانی پەرتوکی خوێندنەکەدا، ئەم پرسیارانە نیشانەکراون بە وێنۆچکەی گفتوگۆ (ڕاست). ئەگەر شارەزا نیت لە ڕێچکەی گفتوگۆی بەکۆمەڵ، ڕێنیشانەدەرەکان بخوێنەوە 'ڕێبەریکردنی گفتوگۆی کۆمەڵ' لە پەڕەی ٨. ئەو پرسیارەکانی کە پێکدێن لە لێکدانەوەی خوێندنی کتێبی پیرۆز، نیشانەکراون بە وێنۆچکەی کتێبی پیرۆز، ب.ن.

| **یەکەم پەترۆس ١: ٣-٧ بخوێنەوە** |
|---|
| • لە ڕوانگەی ئایەتی ٤، میراتی ئێمە لە کوێیە؟ لە ئاسمان<br>• ئایا هەرگیز 'دەفەوتێت، گڵاو دەبێت یان کاڵ دەبێتەوە'؟ نەخێر- لە میراتی زەویی ئێمە ناچێت!<br>• لە ڕوانگەی ئایەتی ٥، چی پارێزگاریمان لێدەکات لە ئەم کاتی ئێستادا؟ هێزی خودا |

٤. تۆ وەک ڕاوێژکار نابێت زۆر قسە بکەیت لە کاتەکەدا. لە جیاتی، خوێندکارەکان دەبێت زیاتر قسە بکەن. کەواتە، هەرکاتێک گەیشتنە سەر ئەوەی کە دەبێت برگەیەک بخوێننەوە لە پەرتوکی خوێندنەکە یان پارچەیەک لە پەرتوکی پیرۆز، ئەوا ئەمە باشترە بۆ خوێندکارەکان بیخوێننەوە بە بەرزی، نەک تۆ.

٥. هەندێک لە وەڵامەکانی پرسیارەکانی گفتوگۆ دراونەوە بۆ یارمەتی تۆ بە ڕەنگی خۆڵەمێشی لاری کاڵ، ب.ن. هەر وەک نمونەکەی سەرەوە. تکایە یەکەمجار هەوڵ بدە خوێندکارەکان هانبدە پرسیارەکان وەڵام بدەنەوە، ب.ن. بە دووپات بوونەوەی پرسیارەکە یان دەستنیشانکردنی ئایەتە ڕاستەکە، پێش ئەوەی خۆت وەڵامەکە بدەیتەوە. هەروەها ئەم خۆلەمێشییە لارە کاڵانە ئاسانکاری زیاتری کەلتوری دەبەخشن و ئاگادارکردنەوەن بۆ یارمەتی تۆ بە درێژای وانەکە. ب.ن:

**پرسیاری ١٧:** بڕگەی دووەم بخوێنەوە.

- **بۆچوونی تۆ چییە لەسەر ئەم پرسیارە؟** وەڵامی 'ڕاست' و 'هەڵە' دەکەوێتە سەر هەلومەرجەکان. کەسێک کە ژیانی لە مەترسیدا بێت و پێویست بێت بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ ماوەیەک. هەرچۆنێکبێت، ئەگەر ژیانیان لە مەترسیدا نەبوو ئەوا دەتوانن لە شوێنی خۆیان بمێنەوە بە بێدەنگی هەتا هەلومەرجەێکی شیاوتر دەرەخسێت. دەبێت ئەوان هەوڵی ئەوە بدەن کە لەگەڵ خێزانەکانیان دڵسۆز و سەرڕاستن هەرچەندە ئەوان شوێنکەوتووی عیسای مەسیحیش بن.

٦. لە هەندێک وانەدا، ئێمە پێشنیارمان کردووە بۆ فێربوونی چالاکییەکانی وانەکان، یان پارچەیەک ڤیدۆ (دەنگوڕەنگ) بۆ تەماشاکردن. ئەمانە نیشانەکراون بە وێنۆچکەیەکی تۆپێک (چەپ). کاتێک ئامادەکاری بۆ ئەم چالاکییە داواکراوبوو، ئەوا تێبینیکراوە لە بەشی 'ئامادەکاری' لە سەردێری چوارگۆشەی وانەکە. ئەگەر پارچە ڤیدۆیەکی باشترت بینییەوە یان چالاکی فێربوونی باشتر بۆ وانەکان بگونجێت ئەوا، تکایە ئاگادارمان بکەرەوە دەربارەیان.

زۆربەی کاتی گفتوگۆکان هەروەها دەرفەتی ئەوەت دەداتێ بۆ پێداچوونەوەی ئایەتی لەبیربوون بۆ ئەو هەفتەیە. لە هەندێک وەشانی ئەم دواییەی پەرتوکی خوێندنەکە، ئایەتی لەبیربوون نیشانەکراوە بە وێنۆچکەی ئایەتی لەبیربوون (ڕاست). بۆ ئاسانی سەرچاوەکە، وە هەروەها مێژێکی داڕێژراوی ئایەتەکانی لەبیربوون هەیە لە پەڕەی ٧٠ی ئەم پەرتوکە.
بۆ یارمەتیدانی خوێندکارەکان بۆ لەبەرکردنی ئایەتی لەبیربوون هەموو هەفتەیەک، دەکرێت دەنگی یەکێک تۆمار بکەیت کاتێک ئایەتەکە دەخوێنێتەوە و بینێریت بۆ کۆمەڵەکە گوێی لێبگرن بە درێژای هەفتەکە. ئەمە زۆر ئاسان دەبێت بۆ ئەوانەی کە بە فێربوونی سەرزارەکەی ڕاهاتوون.

٧. لە کۆتایدا، شوێن هەنگاوەکان بکەوە لە چوارگۆشەکەدا بۆ داخستنی چاوپێکەوتنەکە. بۆ نمونەوە، ئەمە چوارگۆشەکەیە لە کۆتایی وانەی ٩:

| دەرئەنجام | |
|---|---|
| **گوێرایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ:**<br>• وانەی ئەمڕۆ چ جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>• **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە.** خوێندکارەکان دەتوانن هاوشێوەی ڕەنگدانەوەی قۆناغی ئەمڕۆیان بەکار بهێنن بۆ وردبوونەوە لە هەر ئایەتێک هەموو ڕۆژێک. | **پێکەوە نوێژ بکەن:** داوا لە هەموویان بکە نزایەکی کورت بکەن، سوپاسی خودا بکەن بۆ بەڵێنە بەهێزەکەی لە کاتەکانی چەوسانەوەدا. نزا بۆ ئەو باوەڕدارانە بکە کە لە وڵاتەکانی تر لە ژێر چەوسانەوە ئازار دەچێژن. بەتایبەتی شوێنکەوتووانی مەسیحی پێشینە موسوڵمان. |

## دوای چاوپێکەوتنەکە

١. ئەگەر کۆمەڵەکە نمرەیان هەیە بۆ تاقیکردنەوە و ئامادەبوونیان، ئەمە تۆماربکە لای خۆت. هەروەها ئەمە بیرۆکەیەکی زۆر باشە نمرە بدەیت بۆ ئەلف) تەواوکردنی ئەرکی ماڵەوە (سەعیکردن لە ماڵەوە) (بەتایبەتی هەر پرسیارێک نیشانەکراوە بۆ گفتوگۆی بەکۆمەڵ)، ب) هاوبەشیکردن و بەشداری لە گفتوگۆدا و پ) کردنی ئەرکی کرداری. لە هەندێک ڕەوشدا، ئەمە یارمەتی خوێندکارەکان دەدات شێلگیرانەتر و بەڕاستی بەشداری خولەکە بکەن، و کەڵکی زیاتری لێ وەربگرن. لە هەندێک ڕەوشی دیکەدا، باشترە بە نافەرمیانەتر لەسەری بەردەوام بیت.

٢. ڕەچاوییکە ئەگەر تۆ گفتوگۆکەت بە باشی بەڕێوە بردووە. ئەم چوار پرسیارە لە خۆت بکە:

- "ئایا قسەم زۆر کرد؟"
- "ئایا هەموو ئەندامەکان بەشداری گفتوگۆکەیان کرد بە ئەندامە بێدەنگەکان و شەرمنەکانیشەوە؟"
- "ئایا پرسیارەکانی من ڕوون بوون بۆ تێگەیشتن و وە باش بوون بۆ گفتوگۆ؟"
- "ئایا وانەکە ئامانجی خۆی دێنێتە دی و وە کرداری بوو بۆ ژیانی ئێمە؟"

لە ئەزموونەوە فێربە و هەوڵ بدە بۆ چاککردنی هەر ڕووبەڕێکی لاواز بۆ هەفتەی دواتر.

٣. بەردەوام نوێژ بکە بۆ خوێندکارەکان لەماوەی ئەو هەفتەیەدا.

# ڕێبەریکردنی گفتوگۆی کۆمەڵ

*ئەگەر شارەزایی زۆرت نییە لە ڕێبەریکردنی گفتوگۆ ئەوا لێرە هەندێک ڕێنیشاندەری هەن.*

- خۆت قسەی زۆر مەکە! تۆ پێویستە پرسیار بکەیت، وتار نەڵێیتەوە. هەرزەکارێک یاخود کەسی پێگەیشتوو بەم شێوەیە زیاتر فێر دەبێت و زیاتر چێژی لێ وەردەگرن. پرسیاری باش پێوسیتە:
  - ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن
  - پەیوەست بێت بە وانەکەوە
  - گفتوگۆکە بکەوە (نەک دایخەیت بە وەڵامی یەک وشەی وەکو 'بەڵێ' یان 'نەخێر')
- دەرفەت بدە بە هەموو ئەندامەکان بۆ بەشداریکردنیان لە گفتوگۆکە. داوا لە ئەو کەسە بکە کە چالاکە بۆ قسەکردن قسە زۆر نەکات. یارمەتی شەرمنەکان بدە بە پرسیارکردنی ئاسان (و ڕێگە بە ئەوانی تر مەدە لەبری ئەوان وەڵام بدەنەوە.)
- ئەگەر ئەندامەکانی کۆمەڵەکە پرسیارەکە تێنەگەیشت، خۆت وەڵامەکەیان مەدەرێ، بەڵام هەمان پرسیار دووبارە بکەوە بە ڕێگەیەکی جیاواز.
- ڕێگە مەدە گوفتوگۆکە لەسەر خاڵی سەرەکی خۆی لابدە.
- ئەگەر ئەندامێک وەڵامێکی دا کە 'هەڵەیە' یان یارمەتی گفتوگۆکە نادات، شەرمەزاریان مەکە بە وتن پێیان 'تۆ هەڵەی'. لە جیاتی، پرسیار لە ئەندامەکانی دیکە بکە بزانە بۆچوونی ئەوان چۆنە. ئاساییانە ئەوان باشتر وەڵام دەدەنەوە. یان دەتوانیت بڵێیت، 'سوپاس بۆ هاوبەشیکردن و بەشداریت، کە ئێمە پێدەزانین، بەڵام ئایا ئەم ڕووگەیەشیت لەبەرچاو گرتووە؟'
- تیشک بخەرە سەر ڕووی کرداری هەر وانەیەک، بۆ ئەوەی هەر یەکە لە ئەندامانی کۆمەڵەکە شتێکی پێبێت بۆ پابەند بوونی ژیانی خۆی کە دەروات لە لای تۆ.
- لێگەڕێ با ئەندامەکان پرسیارت لێبکەن. ئەگەر وەڵامەکە نازانیت، پێیان بڵێ وەڵامەکەتان بۆ وەردەگرم پێش چاوپێکەوتنی دواتر. ئەوان بۆ ئەم هەڵوێستە ڕێزی زیاترت لێدەگرن وەک لەوەی وا خۆ پیشاندەی کە وەڵامەکە دەزانی. دڵنیای بکەرەوە کە ئەم بەڵێنە دێنیتە دی بە هێنانی وەڵامەکەت پێش چاوپێکەوتنی دواتر.
- کاتێک کاتی ئەوەیە ئایەتێکی کتێبی پیرۆز بخوێنیتەوە یان کەرتێک لە پەرتوکی خوێندنەکە، داوا لە ئەندامێک بکە بۆ ئەمە. ئەمە دەرفەتی زیاتریان دەداتێ زیاتر چالاکانەتر بەشداربن. ئەمە ڕێگەیەکی باشە ئەندامە شەرمنەکان بەشداری پێبکەیت لە گفتوگۆدا.

ئەگەر تۆ لە کۆمەڵەیەکی فرە زماندا ئیش و خوێندن دەکەی، دەشێت داوا لە کەسێک بکەیت لە هەر کۆمەڵە زمانێک بە وەشانی خۆیان بیخوێننەوە بە دەنگی بەرز، یان دەتوانیت جارێک بە ئینگلیزی یان کوردی بیخوێنیتەوە و ئینجا کات بدەیت بە خوێندکارەکان بە زمانی خۆیان بیخوێنەوە.

# بەقوتابیکردنی باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان

*ئەگەر شارەزاییەک یان ئەزموونێکی کەمت هەیە لە بەقوتابیکردنی مەسیحییەکی بە پێشینە موسڵمان، وە بەتایبەتی ئەگەر تۆ لە ڕۆژئاوا دەژیت، تکایە ئەم پەڕەیە بخوێنەوە*

عیسای مەسیح بانگهێشتمان دەکات کە قوتابی دروست بکەین لە خەڵکی هەموو کەلتورەکان. هەرچۆنێکبێت، ئەمە واتای ئەوە نییە بیانکەین بە مەسحی ڕۆژئاواییەکان. خاڵی باش و خراپ لە هەموو کەلتورێکدا هەیە. هەموومان پێویستە ڕێگە بدەین وشەی خودا لەسەر خاڵی کوێری کەلتورەکەمان بگەشێنێتەوە، داخۆ ئێمە خەڵکی ڕۆژئاواین یان ڕۆژهەڵات. بۆ نموونە، ئەمە زۆر بابلیکانییە کە جلوبەرگی ڕۆژئاوای یان ڕۆژهەڵاتی لەبەربکرێت. بە دەستەکانمان یان چەقۆ یان چنگاڵ نان بخۆین؟ نوێژ بکەین بە دەستی پێکەوە داخراو یان لەپی دەستمان بەرەوسەر کراوە بێت؟ هەڵسەنگاندنی تاکەکان یان بەهاوبەشی؟ تەنها تیشک بخەینە سەر خێزانە ناوەکییەکانمان یان هەروەها خەمی خزمە دوورەکانیشمان بخۆین؟ بە هەموو ئەو کردارانەوە خودا بەخێرهاتنی فرە کەلتوری دەکات، و هەندێک لەوانە شتی باشن و ئێمە دەکرێت لە باوەڕدارە بە پێشینە موسڵمانەکان فێربین.

هەرچەندە، وشەی خودا بەرەنگاری ڕووەکانی دیکەی کەلتورەکان دەبێتەوە، هەرکاتێک ئەمانە توشبوون بە مرۆڤی گوناحباراوی. قوتابێتی بریتییە لە فێربونی بەهادانانی ڕاستگۆیی لەسەرو سەربەرزییەوە، بۆ لێخۆشبوونی ئەوانەی ئازاریان داوین، هەڵوێستی دروستمان هەبێت بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەر، خودا پێشخەین بۆ هەموو بڕیارەکانمان، هتد... ئەمە و کێشەکانی دیکە سەرهەڵدەدەن لە نێو تێکەڵبوونی کەلتور و کەسایەتییە پێشینە جیاوازەکان. چۆن دەتوانی هەمان کێشە بەرچاو بخیەت بۆ هاوڕێ یان هاوڕێکانت؟ بە کات بەسەربردن لەگەڵیان، گوێگرتن لێیان و نوێژکردن بۆیان. پرسیار بکە دەربارەی گەورەبوونیان و پەروەردەبوونیان و ژیانی خێزانەکەیان. بەبیرت بێت تاکەکان هەموویان جیاوازن. کەواتە ئەمە بزانە بە پرسیارکردن.

زۆری کەلتورەکانی موسڵمان هاوبەش و گشتین، بەڵام ئەوەت بەبیربێت جیاوازیشیان تێدایە. پاکستانی و ئێرانی و عەرەب و کورد وەک یەک نین! تەنانەت لە نێوان ئەو کەلتورانەشدا جیاوازی زۆرن لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا یان چینی ئابوری کۆمەڵایەتی. کەواتە پرسیار لە هاوڕێکەت بکە دەربارەی چۆنێتی پەروەردەکردن و گەورەکردنیان لە کەلتورەکەیان: چییان بەدڵە دەربارەی کەلتوری خۆیان و چییان بەدڵ نییە. هەندێکجار لە دوای باوەڕیان بە مەسیح ئەوان کەلتوری کۆنی خۆیان ڕەت دەکەنەوە. بەڵام بۆ تەندروستی دەروونییان بۆ ماوەیەکی درێژ وا باشترە خزمەتبکرێ بە پێکەوە بەستنەوەی هەندێک لە لایەنی کەلتوری کۆنیان لەگەڵ کەلتوری نوێیان، لە جیاتی دامرکاندنی هەموویان پێکەوە.

هەروەها دەربارەی ئەو خەباتانەی ڕووبەڕووی 'باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان' (ب.پ.م) بۆتەوە بزانە. ڕووبەڕووی هەندێک کێشەی باو بوونەتەوە لە دووای بەرکردنەوەیان بۆ لای مەسیح:

- بەجێهێشتنی ماڵی ڕابردوویان، خێزان و کەلتور. ئەمە دەتوانێت بەرەوە تەنیاییەکی قوڵت بەرێت و جۆرێک لە هەستکردنی لەدەستدانی ناسنامەیەتی.
- چەوسانەوەی چالاک لەلایەن ئەندامانی خێزان. ئەمە دەتوانێت بەرەوە لێدانی هەستی ڕەتکردنەوەت ببات.
- سەپاندنی شەرمەزاری لەلایەن کۆمەڵگەی ڕابردووەوە.
- کەمی پێکهاتە لە باوەڕی مەسیحیدا، بەراورد بە ئیسلام کە بناغەیەکی ڕوون دەدات بە خەڵک شوێنی کەوێت.
- کەمی کۆمەڵگە لە نێوان شوێنکەوتووانی مەسیح بەراورد بەوەی لێی ڕاهاتوون.

لە هەندێک ناوچە لە ڕۆژئاوا ڕەنگبێت ب.پ.م کەمتر ڕووبەڕووی کێشەی توند ببنەوە، لەگەڵ هەندێک ململانێی زیاتر بەبۆنەی بارودۆخەکەیانەوە. بۆ نمونە، کاتێک کۆچبەرێکی موسڵمان دەبێت بە شوێنکەوتووی مەسیح لە ڕۆژئاوا، دەبێت دەر بەرن لەگەڵ گواستنەوەی دوو ناسنامە لە هەمان کاتدا، یەکیان سەرهەڵدانی کۆچکردنە و ئەوی دیکەیان هی گۆڕینەکەیە.

لەبەر ئەم کێشانە، خولی وەرە شوێنم کەوە گەشەپێدراوە لە چواردەوری یەکەم پەترۆس، لەگەڵ تیشکێکی تایبەتی لەسەر پرسیارەکانی ناسنامە. ئەوەمان فێردەکات کە ئێمە 'گەلی هەڵبژێردراوی خوداین'، بە بەهاین بۆ ئەو و بە یەکتروە بەستراوینەوە لەلای مەسیح.

## ڕێنیشاندەری ڕاوێژکار

تێگەیشتنی چیرۆکی خەڵک کلیلی سەرکەوتنی ئەم خولەیە. وەک ڕاوێژکار توانات دەداتێ تێبگەیت لە زۆربەی خۆشییەکان و دژوارییەکانی موسڵمانانی بە ڕابردوو کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بە شوێنکەوتنی بە عیسا. هەروەها یارمەتیت دەدات بەستەرێک دروست بکەیت لە نێوان مادەکانی خولەکە و ژیانی خوێندکارەکان کە تۆ قوتابێتییان دەکەیت. سەرەڕای ئەوەش، ڕێگە دەدات لەوە تێبگەیت کە بۆچی مادەکان بابەتەکان لەخۆدەگرن وەک سەرنج دەخاتە سەر بابەتەکانی چەوسانەوە، کە زۆرێک لە کاتەکان تایبەتمەندی بۆ نەکراوە و ئاماژەی پێنەدراوە لە خولەکانی دیکەی قوتابییەتی. کاتێک بۆ ژەمێک/ساردەمەنییەک یان خواردنەوەیک پێش یان پاش گفتوگۆ دەخورێتەوە ئەوا زۆر یارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیات نان و تەلارکردنی هاوڕێیەتی و متمانە لەگەڵ خوێندکارەکان بەو مەبەستەی ئەوان هەست بکەن و بتوانن چیرۆک و بەسەرهاتی خۆیان هاوبەش بکەن.

لەکۆتاییدا، هەموو شتێک دەربارەی خەمخواردنی یەکترییە. خۆشەویستی گەورەترین بەریەککەوتنە. خۆشەویستی بڕێکی زۆری هەڵەی گەورەی کەلتوری دادەپۆشێت! خۆشەویستی واتە تۆ لەبەردەستی بۆ هاوڕێکەت کاتێک ئەوان سەرگەردانبوون و ئازار دەچێژن. واتای ئەوەیە میوانداریێتی دەکەیت کاتێک ئەوان بیری خێزانی خۆیان دەکەن. واتای ئەوەیە بەردەوام پەیوەندیت هەبێت بە پەیوەندیکردن و کورتە نامە، نەک تەنها بە شێوەیەکی فەرمی ئیمێڵ کردن و چاوپێکەوتن و دیدار ڕێکخستن. یەک ب.پ.م وتی، "*خێزانەکەم لەدەستدا بەو مەبەستەی شوێن مەسیح بکەوم، و ئەوەی بەدەستم کەوتەوە تەنها دیدار و چاوپێکەوتن بوو*!"

بەو ئاواتەی کە مادەی زیاتر و مەشقکردن هێدی هێدی بەردەست بێت بۆ یارمەتیدانی پۆشتەکردنی مەسیحییەکان بۆ چاودێریکردن و خەمخواردن و بە قوتابیکردنی باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان. هەروەها ئەمانە بەزۆری پەیوەست دەبن بە سنورەکانی ڕۆژئاوایی دیکە. تکایە نامە بنێرە بۆ comefollowmecourse@gmail.com بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە.

**خولەکانی دیکە ڕەنگبێت یارمەتیدەربێت بۆ تۆ:**

هاوڕێیەتی
- لەپێشە -

**هاوڕێیەتی لەپێشە** خولێکی شەش-وەرزەی ڤیدیۆی و گفتوگۆیە کە یارمەتی مەسیحییەکان دەدات متمانە بەخۆکردن و بەهرە وەربگرن بۆ دروستکردن و بنیاتنانی هاوڕێیەتی خەڵکانی موسڵمان و دەستپێکردنی هاوبەشکردنی پەیمانی مەسیح لەگەڵیان. بۆ ئەوانەی هیچ پێشینەیەکیان نییە بۆ تێگەیشتنی ئیسلام و بەرسڤدانەوەی ئیسلام، کە هەروەها یاریدەدەر دەبێت بۆ ئەوانەی خولی وەرە شوێنم کەوە بەڕێوە دەبەن. بڕوانە: friendshipfirst.org .

- بەشداریکردنی -
خێزانەکە

**بەشداریکردنی خێزانەکە** خولێکی شەش- وەرزەی ڤیدیۆییە و گفتوگۆیە بۆ یارمەتیدانی مەسیحییەکان بۆ بەخێرهاتن و پشتگیری و لێوەفێربوون لە باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان. فێربوونەکە لە ناوەڕۆکی ٢٥ فلیمی چاوپێکەوتنەوە هاتووە لەگەڵ باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان و فێرکاری بە ئەزموون. ڕێچکەی خولەکە پێکهاتووە لە چاوپێکەوتنی فلیمی لەگەڵ گفتوگۆی ڕێبەریی لە کۆمەڵی بچوکدا. هەموو دانیشتنێک بە فێربوونی چالاکی کردەیی پێش کاتی دواتر کۆتایی پێدێت. زیاتر بزانە و تەماشای کورتەیەکی ڤیدیۆکە بکە لە joiningthefamily.org .

# زاراوەکانی موسڵمانان و کێشە کەلتورییەکان

## سنوردارکردنی بەکارهێنانی زاراوەی موسڵمان

بۆ خوێندکارەکان کە لە بیرۆکەی نوێ تێبگەن، وا باشترە و یارمەتیدەر دەبێت لە پردێکەوە دەستپێبکەیت لە بیرۆکە کۆنەکانیانەوە. ئەمە یارمەتییان دەدات بەراورد و جیاوازی بکەن لە نێوان کۆن لەگەڵ نوێ. ئەمە هەروەها یارمەتیشیان دەدات پەیامی مەسیحی شیبکەنەوە بۆ هاوڕێ موسڵمانەکانیان بە ڕێگەیەک کە هەستی پێبکەیت و واتا دەگەیەنێت و وە لە شتێکی بیانی ناچێت زۆر.

کەواتە، بە ڕادەیەکی سنوردارکراوی ئەم خولە کەمێک لە زاراوەکانی موسڵمانان بەکاربهێنە لە خاڵی – دەستپێکدا، وە هەر کە بەسەرپردەکەدا دەیان پەڕێنیتەوە لەو جیهانەی لێی ڕاهاتبوون بۆ جیهانێکی نوێی فێربوونی مەسیحی.  بۆ نمونە، کاتێک دەربارەی یاساکانی مەسیحی قسە دەکەین (شەرع)، یارمەتی خوێندکارەکان دەدات ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر شەرعی ڕابردوویان وەک موسڵمان و درککردن بەوەی کە ڕێگەی نوێی گوێڕایەڵیکردنی مەسیحیان وەک یەزدان جیاوازە.

## پێڕستی زاراوەکان و واتاکانی (فەرهەنگۆکی زاراوەکان)

ئەم زاراوە عەرەبییانەی خوارەوە لە خولەکەدا ئاماژەی پێکراوە. وە بە حونجەکردنیان بە کوردییەکی باو خستومانەتە بەردەست، بەبێ نیشانە هونەرەکانیان، و لەگەڵ مەبەستە بنەڕەتییە گشتییەکانیان. حونجەکردنیان زۆر ئاڵۆزتر و پێناسەکردنیان دەکرێت پەیدا بکرێت لە پەرتوکە پەیوەستیدارەکاندا. پێشەکییەکی باش بۆ ئیسلام لە نیگای مەسیحییەتەوە بریتییە لە هاوڕێیەتی لە پێشە لەلایەن ستیف بێڵ (ناوی پەرتوکە)،  مانگی یەک شەوە و خاچ  لەلایەن کۆڵن چاپمان، (ناوی پەرتوکە). *مانگی یەک شەوە و خاچ* ناوی پەرتوکێکە کە کۆڵن چاپمان نوسیویەتی لە وەڵامدانەوەی بەرەنگارییەکانی ئیسلام. مانگی یەک شەوە مەبەست لە هێمای مانگی ئیسلامەوە و خاچیش مەبەست لە هێمای خاچی مەسیحە.

| | |
|---|---|
| دوعا  (بەشی ٥) | نوێژی کەسی، نوێژی تایبەتی |
| حەج  (ب ٢٠) | گەشت |
| حەڵاڵ (ب ١٥) | پاک، خاوێن بە ڕێکی |
| ئینجیل (ب ١) | ئینجیل،  (مزگێنی) |
| جن (ب ١٨) | خێو |
| کافر (ب ٢) | بێباوەڕ |
| کەلیمە (ب ١) | وشە (وشەیەکە هەروەها بۆ شایەتیدان بەکاردێت لە زمانی عەرەبیدا) |
| مورتەد (ب ٢) | هەڵگەڕاوە  (بۆ ئەو کەسە بەکاردێت کە وازی لە ئیسلام هێناوە) |
| بەهەشت (ب ٢٠،٩،١) | بەهەشت  (زاراوەی ئیسلامی ئاسمان یان بەهەشت) |
| قیبلە (ب ٢٠) | خاڵی چەقی جوگرافی ئاراستەی نوێژکردنە – بۆ موسڵمانان، مەکە (ڕووگە) |
| سەڵاها (ب ٥) | نوێژ (نوێژێکی نەریتییە ڕۆژی پێنج جار دەخوێندرێت لەلاینە موسڵمانانەوە) |
| سوام (ب ١٧) | ڕۆژووگرتن، بەڕۆژووبوون (ڕۆژووگرتن لە مانگی ڕەمەزاندا لەلایەن موسڵمانانەوە) |
| شەهادە (١٣، ٢٠) | شایەتی یان گۆڤانی. بەتایبەتی ڕێبازی موسڵمانان، "هیچ خودایەک نییە، جگە لە ئەڵڵا، وە مەحەمەد نێردراوی ئەوە" |
| شەرع (ب ١٧) | یاسای ئاینی و ڕێگەی ژیان |
| شرک (ب ٣) | هاوەڵدانان، پەیوەندیدارکردنی شتێک بە خوداوە |
| سونە (ب ١٧) | نمونە، ڕێچکە بۆ ژیان (بۆ موسڵمانان، ئەمە بەتیابەتی نمونەکان و وتەکانی موحەمەدە) پێغەمبەری ئیسلام |
| تەورات (ب ٤) | تەورات،   پەرتوکی موسا |
| ئوممە (ب ٧، ١٤) | نەتەوە    (زاراوەی عەرەبییە بۆ تەواوی باوەڕدارانی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە جیهاندا) |
| زەبوور (ب ٦) | زەبوورەکان،     لە پەیمانی کۆنی پەرتوکی پیرۆزدایە. |
| زەکات (ب ١٧) | زەکات،ماڵیات، بەخشین،   بەخشینێکی فەرزە بۆ موسڵمانان |

'پێنج پایەکە'، ئاماژەی پێکراوە لە ب ٢٠،   پێنج کردە و ڕاهێنانە بنەڕەتییەکەی ئیسلام؛  شایەتی،  نوێژی نەریتی،  ڕۆژوگرتن،  زەکات و گەشت (بڕوانە سەرەوە بۆ پێناسەکانیان).

## کێشەکانی کەلتوری موسڵمانان

زۆرینەی وانەکانی ئەم خولە نوسراون لەسەر دەستنیشانکردنی کێشەکانی کەلتوری ناو مێشک. ئەمانە شیکراونەتەوە لە تێبینیەکانی ڕاوێژکار بۆ هەر وانەیەک، هەرچۆنێکبێت، بەبیرت بێت هەموو ب.پ.م کاریگەری ئەمانەیان لەسەر نەبووە بە هەمان مەودا،  کەواتە، تۆ پێویستە کارپێکردنی وانەکان بگونجێنیت بۆ خوێندکارە تایبەت و دەستنیشانکراوەکان.

# پرسیارە پەیتاپەیتا کراوەکان

## بە چ زمانێک پەرتوکی خوێندنەکە بەردەستە؟

هەنووکە خولەکە وەرگێردراوە بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، عەرەبی، دەری، فارسی، بەنگالی، کوردی و ناوەندی ئاسیا ڕوسی، لەگەڵ زمانەکانی دیکە، هەروەها ئەم زمانانەی دیکەش، ئەمهەریک، ئوردو و پەشتو هەنووکە لە ژێر وەرگێڕاندان. تکایە بڕوانە come-follow-me.org بۆ دوایینترین تازەگەری لەبارەی ئەم زمانانەوە، و بەستەرەکانی کڕینی هەموو زمانەکان بەردەستە.

## چۆن دەتواندرێت پەرتوکی خوێندنەکە پەیدابکرێت لە وڵاتە جیاوازەکان؟

لە ڕێگەی پەستەرێکەوە لە come-follow-me.org، زۆرینەی چاپی زمانەکان بەردەست دەبێت لەسەر شێوازی چاپ-لەسەر-داواکاری پەخشکەر (واتە هەتاکو داواکارییەکەت نەنێریت بۆ نوسەر یان ماڵپەڕەکە ناتوانی چاپ بکەیت) کە دەتواندرێت باربکرێت و بنێردرێت بۆ تەواوی جیهان. هەندێک لە پەخشکەرەکان هەروەها لە ناوخۆش چاپیان کردووە، بۆ نمونە ئەڵمانی، عەرەبی و دەری بەردەستن لە orientierung:m لە ئەڵمانیا. زانیاری بڵاوکراوەی نوێکراوە لەبەردەستە لە ماڵپەڕەکە.

## ئایا لەسەرهێڵ بەردەستە یان وەک داگرتن بەردەستە؟

پەرتوکی خوێندنەکە وەک بەڵگەیەک دانەڕێژراوە بۆ خوێندنەوە لە سەر پەردەی تۆڕەکان، بەڵکو، پەرتوکێکی ئیش لەسەرکردنە بۆ خوێندکار بۆ نوسینی بەرسڤەکانیان، و ئینجا بیهێنێت لەگەڵ خۆیدا بۆ کاتی گفتوگۆ بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕاوێژکارەکەیدا پێکەوە بتوانن تاوتوێی کارپێکردنی کردەیەکەی بکەن. ئەم پێداڕۆیشتنی فێربوونی چالاک زۆر ڕێگەیەکی کاریگەر ترە بۆ فێربوون لەوەی تەنها بە سادەی و ساردوسڕی بیخوێنیتەوە.

لەبەر ئەو هۆکارانە، هیچ بەرنامەیەکمان نییە بۆ ئەوەی پەرتوکی خوێندنەکە بخەینە بەردەست لەسەرهێڵ. دەگونجێت وەشانێکی نوسراوە بۆ بەکارهێنان لەسەر ئامێرەکان جێگەی بیرکردنەوە بێت لە ئایندەدا. هەرچۆنێکبێت، ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە بەردەستە وەک داگرتنی خۆڕای لە ماڵپەڕەکەمان.

## ئایا خولەکە گونجاوە بۆ خوێندکارەکانی زارەکی (فێربوونی زارەکی)

بە یەک ڕێگە، ڕێچکەی خولەکە تازە خۆی زارەکییە، لەبەرئەوەی کلیلی بەشەکانی کاتی گفتوگۆکەیە. هەروەها، خوێندکارە نەخوێندەوارەکانیش دەتوانن ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لەبەرکەن، تاوتوێی وێنەکانی ناو پەرتوکی خوێندنەکە بکەن، و ئەرکی کرداری جێبەجێ بکەن.

هەرچۆنێکبێت، پێکهاتەکان و توخمەکانی خوێندنی ماڵەوە پێویستی بە کارامەیی خوێندنەوە و نوسین دەکات. بۆ هەر خوێندکارێکی کە ناتوانێت بە ئاسانی بخوێنێتەوە یان هیچ نازانێت، شوێن ئەم ڕێنیشاندرانە بکەوە:

- بۆ هەر یەک لەم کەسانە، ئەندامێکی تری کۆمەڵەکەی بۆ بدۆزەرەوە ببێتە یاریدەدەریان. پێش دەستپێکردن دەبێت پێکەوە بە وانەکەدا بڕۆن، بۆ یارمەتی نەخوێندەوارەکە (یان هێواش خوێندەوارەکە) بۆ ئەوای لە فێربوونی سەرەکی تێبگات. ئینجا لە چاوپێکەوتنەکەدا پێویستە پێکەوە دابنیشن، و یاریدەدەرەکە یارمەتییان دەدات جێگەیەکی تەواو بدۆزنەوە و یان وێنەکان بدۆزنەوە لە پەرتوکەکەدا. ڕەنگبێت یاریدەدەرەکە ئەندامێکی خێزانەکە بێت، یان کەسێکی دیکە.
- بەبیرت بێت کە نەخوێندەوارەکەی ناو کۆمەڵەکە بەقەدەر ئەو خوێندەوارانەی ناو کۆمەڵەکە ئەزمون و شارەزایی هەیە لە ژیاندا. بۆچوونەکانیان هەمان بەهای هەیە. دڵنیای بکەوە کە دەرفەتی یەکسانیان هەیە بۆ بەشداریکردن و تێکەڵبوون بۆ ناو گفتوگۆ بۆ ئەوەی هەموو ئەندامەکان کەڵک وەربگرن.

## ئایا خولەکە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئیسلام؟

پەرتوکی خوێندنەکە ڕاستەوخۆ تیشک ناخاتەسەر ئیسلام. ئەمە کەمێکی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسایشی، لەوەتەی کە ئەمە لە بنەڕەتەوە نوسراوە بۆ باوەڕدارەکانی کە لە وڵاتە موسڵمانە سنورداركراوەکان هەن، کەوا هەرشتێکی چاپکراو ڕەنگبێت بە بیرکردنەوەی تەنگەتاوکردنی ئیسلام بێت و دەکرێت ژیانیان بکەوێتە مەترسییەوە (ئەم کێشەیە لە ڕۆژئاوا کەمترە). هەروەها سەرنجەکە لەسەر ئیسلام نییە بەڵکو لەسەر شوێنکەوتنی مەسیح و فێربوونەکانییەتی.

هەرچۆنێکبێت، خولەکە بە ئەنقەست پەنجەی خستوتە سەر ئەو کێشانەی کە دێنە پێش بۆ شوێنکەوتووانی مەسیح بە پێشینە موسڵمان. هەروەها بەکارهێنانی زاراوەکانی موسڵمانان سنوردارکراوە وەک پردێک بۆ ئەوەی خوێندکارەکانی پێدا تێپەڕێندرێ بۆ واتای زاراوەکانی مەسیحییەتی نوێ. ، هەر وەک شیکراوەتەوە لە کەرتی 'زاراوەکانی موسڵمانان و کێشە کەلتورییەکان' .

ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارە زیاتر ڕاستەوخۆ ئاماژەی خستوتە سەر ئیسلام، بۆ ئەوەی ڕێنمای ئەو ڕاوێژکارانە بکات کە ڕەنگبێت شارەزای پێشینەی کەلتوری کەم هەبێت، و هەروەها ئێمە وادادەنێین کە هیچ کێشەیەکی ئاسایشی دروست نابێت. هەرچۆنێکبێت، ئەگەر پێویست بوو دەکرێت بیربکەینەوە چاپێکی بەرهەم بهێنین بۆ بەکارهێنان لە سنورێکدا کە نەتواندرێت ئاماژەکردنی ئیسلامی تێدا بەکاربهێندرێت. تکایە پەیوەندیم پێوە بکە ئەگەر وادەزانیت چاپێکی ئاوا پێویست دەبێت

## تێبینی داواکراوە

ئێمە زۆر سوپاسگوزاری هەموو ئەو خەڵکانە دەکەین بە ناردنی تێبینی و سەرنجە بەنرخەکانیان هەر وەک خولەکەیان بەکارهێناوە، زۆرێک لەو تێبینیانەی کە هاتووە خراوەتە ئەم چاپی دووەمی بژارکراوەی ڕێنیشاندەری ڕاوێژکار. وە ئێمە پێشوازی دەکەین لە تێبینی و بیرۆکەی زیاتر بۆ بەرەوپێشچوونی چاپی ئاییندە. تکایە تۆ سەربەستی لە وەڵامدانەوەی هەر یەکە لە پرسیارەکانی تێبینی لە خوارەوە و بیاننێرە بۆ ئێمە بە نامەی ئەلەکترۆنی.

١. کام لە پرسیارەکانی گفتوگۆ پێویستە چاکبکرێت، و چۆن؟

٢. کام لە 'سەرەداوی کەلتوری' دەکرێت چاککردنی بۆ بکرێت یان زیادەکاری بۆ بکرێت؟

٣. ئایا هیچ ڕێنیشاندەری زیاتر هەیە لەسەر هەر بابەتێک کە پێویستە زیادبکرێت بۆ ئەم ڕێنماییە؟

٤. ئایا دەبێت وەرگێرانی کتێبی پیرۆز هێڵبنێین بەژێر ئەم خولەدا کە بێتە وشانی نوێی نێودەوڵەتی (بەبەرفراوانی بەردەستە) یان وەرگێرانی نوێی زیندوو (ئاسانترە بۆ دووەم خوێنەری زمانی ئینگلیزی)؟

٥. چی پارچە ڤیدۆیەک یان چالاکی فێربوون دەتەوێت پێشنیار بکەین بۆ وانەکان؟

٦. چ لە نمونەکانی کەلتوری موسڵمانان، یان توێژینەوەی-خوێندنی شوێنکەوتووانی مەسیح بە پێشینە موسڵمان، دەکرێت پێشنیار بکەیت بۆ خولی ئاییندەی لەم جۆرە.

**تکایە تێبینی بنێرە بۆ comefollowmecourse@gmail.com. سوپاس بۆ یارمەتیت!**

تیم گرین
comefollowmecourse@gmail.com
come-follow-me.org

# سەرەداوی کەلتوری

سەرەداوی کەلتوری بخوێنەوە بۆ هەر وانەیەک لە کاتی خۆ ئامادەکردندا بۆ ئەو هەفتەیە، ئەوانە بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە نوسراون کە تێگەیشتنیان بۆ کەلتوری موسڵمانان سنوردارە، و وە زۆر گرنگە کە پێشینەی کەلتوری بخرێتە بەر چاو بۆ وانەی هەر هەفتەیەک.

## وانەی ١

### خاڵی دەستپێک لە ب.پ.م

خاڵی-دەستپێکردنی وتووێژی ئەم وانەیە لە نێوان شوێنکەوتوویەکی مەسیح و موسڵمانێکە. هەڵوێستی ئەم موسڵمانە تاڕادەیەک ئاسییە، سەرەڕای ئەوەش هەموو موسڵمانێک وەک یەک نین.

'وەرە شوێنم کەوە' داڕێژراوە بۆ ئەوانەی کە تازە شوێنکەوتووی مەسیحن، بەڵام وانەی ١ هەنگاوەکان شیدەکاتەوە بۆ باوەڕ لەبەرئەوەی:

- ئەمە یارمەتیت دەدات، ڕاوێژکارەکە، پشکنینی تێگەیشتنی ڕوحی خوێندکارەکان بکات.
- هەر کەسێک کە پێشتر نوێژی نەکردووە بۆ گەیشتنی بە مەسیح، دەرفەتی هەیە ئێستا نوێژ بکات.
- ڕێگەیەکی سادە پێشانی خوێندکارەکان دەدات بۆ شیکردنەوەی ئەم هەنگاوانە بۆ موسڵمانێکی وێڵ.

هەنگاوەکانی باوەڕ پێناسەکراون بە پێوانەیەکی ڕاشکاوانە. بێجگە لە هەنگاوی کۆتایی کە دەربارەی 'بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەسیح' کەوا زۆربەی جار جەختی لێنەکراوەتەوە لە پێشکەشکردنەکانی مزگێنی (ئینجیل) ڕۆژئاوادا. ژیانی بێ هاوەڵی بۆ باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان زۆر ئاستەنگە. بۆ ئەوان 'کۆمەڵگەی مەسیح' ڕەنگبێت کڵێسایەکی ڕێکخراو بێت، کۆمەڵەیەکی نافەرمی ب.پ.م، یان تەنانەت چاوپێکەوتنی بە نهێنی لەگەڵ باوەڕدارێکی دیکە، بەڵام جۆرێک لە هاوەڵیکردن گرنگییەکی بنەڕەتییە و دەبێت هەبێت. ئێمە دەربارەی ئەمە زیاتر دەخوێنین لە وانەی ٧.

### باوەڕدارانی نوێ و ژماردنی باجەکەی

ئەوە ڕاستییە کە ئاماژە بە ئەگەری ئەو باجە قورسە بدرێت بۆ ئەو موسڵمانانەی دەبنە شوێنکەوتووی مەسیح. هەرچۆنێکبێت، هەندێک لە باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان بۆچونیان وایە کە شتێکی نابەجێیە و ناخۆشە، ئەمە تەنها زیاد-لەپێویست جەختلێکردنەوەیە. هەروەها پرسیاری ١٤ باجەکەی پێناسە دەکات، پرسیاری ١٤ ڕوونی دەکاتەوە کە شایەنی ئەوەیە کە بیکەیت. داوای ڕێنمای خودا بکە کە چۆن هاوسەنگی ئەم ڕاستییە ڕابگریت لە ڕوانگەی بارودۆخی خوێندکارەکانەوە.

## وانەی ٢

### جیهاد

کاتێک ڕۆژئاواییەکان گوێیان لە وشەی 'جیهاد' دەبێت، بیر لە کەسە توندڕەوە ئاینیەکان دەکەنەوە لە هەواڵەکاندا. بەڵام وشە عەرەبییەکەی جیهات تەنها واتای 'خەبات'. بریتییە لە تێکهەڵچوونی چەک، کە لە ئیسلامدا بە شێوە زارەکییەکەی پێی دەگوترێت 'جیهادی بچووک'. 'جیهادی' گەورە ئەو خەباتەیە کە بە ڕەوشتی پێوانەی خۆت ملکەچی ئەڵڵا بکەیت. ئەمە هەمان لێکچوونی بیرۆکەیی هەیە لەگەڵ 'ململانێی ڕوحی' ئێمە لە دژی گوناح دەجەنگین. شیکردنەوە لەم ڕێگەیەوە ڕەنگبێت یاریدەدەربێت. هەرچۆنێکبێت، هەستیاربە لەگەڵ خوێندکارەکاندا. ئەگەر ئەو زاراوەی وشەی جیهاد بە واتای توندڕەوی ئاینی دێت بۆ ئەوان، ئەوا ئەو بەراوردکردنە مەکە.

### وەستانی نوێژ

لە وێنەکەدا لە پرسیاری ٢٠، زەبوورەکان لە نوێژەکانیاندا بەرەوژوور وەستاون، نەک پێکەوە جووت بوون. ئایا تاکو ئێستا لە خۆت پرسیوە بۆ مەسیحییەکان بە سادەی سەریان دادەنەوێنن، چاویان دادەخەن و دەستەکانیان پێکەوە دەنێن لە کاتی نوێژکردندا؟ هیچ هەڵەیەک لەمەدا نییە، بەڵام پەرتوکی پیرۆز هەرگیز ئێمەی ڕانەسپاردوە بیکەین لە کاتی نوێژدا، و وە خوێندکارەکان ئاشنای ئەمە دەبن. ئەمە دەکرێت ڕێگەیەکی یارمەتیدەر بێت بۆ ڕاڤەکردن کە ئێمە چۆن بە دەستی- بەتاڵ دێین بۆ لای خودا، داوای بەزەیی لێدەکەین. ئەگەر دەتەوێت، پرسیار لە خوێندکارەکان بکە ئایا پێشتر بەم شێوەیە و ڕێگەیە نوێژیان کردووە و ئایا ئەوان هەر دەیانەوێت بەم ڕێگەیە نوێژ بکەن وەک شوێنکەوتووی مەسیح.

# وانەی ٣

## بانگکردنی خودا بە 'باوک'

بۆ موسڵمانان. ئەڵڵا بەتەواوەتی بترە لە هەمووان و هاوبەشی خودایەتی لەگەڵ کەس ناکات. بۆ ئەوان وشەی عەرەبی شرک واتا کردن بە هاوەڵی دروستکراوێکی دیکە لەگەڵ خودا خۆی. موسڵمانان باوەڕیان بەوەیە کە باوکایەتی چەمکێکی مرۆڤایەتییە بەستراوە بە چالاکی زایەندیی (جووتبوون)، کەواتە بانگکردنی خودا 'باوک' دەبێت بە شرک. بەڵام کاتێک ئێمە خودا بە 'باوک' بانگ دەکەین، ئێمە جەخت لە نزیکی ئەو دەکەین لە ئێمە وە ئەو پەیوەندییەی ئەو دەیەوێت لەگەڵ ئێمەدا هەیبێت لە ڕێگەی مەسیحەوە، نەک بە ئەو واتایەی کە ئەو مرۆڤە وەک ئێمە. ئەمە لە وانەی ٣ زیاتر شیکراوەتەوە.

## نزیکی لە خودا

موسڵمانان زۆرجار ئەڵڵا وا دەبینن کە زۆر دورە و دەست پێنەگەیشتووە. تەنانەت ئەگەر کە دەربارەی خودا قسە دەکەن وەک 'نزیکتر لە دەمارەکانی ناو ملی ئێمە'، هێشتا ئەمە بە واتای دوو- ڕێگەی پەیوەندیکردن نایات. ئەندێشەی پەیوەندییەتی نزیک لە خوداوە شتێکی بیانییە بۆ زۆربەی موسڵمانان، هەرچەندە سۆفییەکان تاڵیکن لە ئیسلام کە دوای کەوتوون. بیرۆکەی مەسیحییەت لەبارەی خوداوە لە بنچینەوە جیاوازە – لە ڕاستیدا خودا لەدوومان بووە بۆ ئەوەی بمان پارێزێت، و ئەو بانگهێشتمان دەکات کە بە 'باوکە' بانگی بکەین.

# وانەی ٤

## ئەزموونگەری لە سیانە

ڕەنگبێت موسڵمانان بەرەوە عیسای مەسیح بێن بەبێ تێگەیشتنی تەواو لە خودابیەتی سروشتی ئەو، یان ئەو چۆن پەیوەستە بە باوک و ڕوحی پیرۆز لە سیانەدا. لەپاش ئەوە دەیانەوێت لێی تێبگەن، کەواتە وانەی ٤ کەمێک دەربارەی سیانەی خودا شیدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بچێتە وردەکاری زۆر قووڵ هەر وەک ئەمە خوڵێکی سەرەتاییە. جەختکردنەوەی سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە چۆن وەک ئەزمونێک شارەزا بین وەک خودا کە باوکە، خودا کە کوڕە و خودا کە ڕوحی پیرۆزە لە ژیانی ئێمەدا، تەنانەت ئەگەر ئێمە بە تەواوەتی لێشی تێنەگەین.

هەندێک لە باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان پشتیان وەرگێراوە لە شوێنکەوتنی عیسا، کەمێکی لەبەرئەوەی کە شیکردنەوەیەکی ڕەزامەندانەیەن پێنەگەیشتووە دەربارەی سیانە، کەواتە ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە. هەروەها، ئەوان پێویستیان بە ڕێگەیەکی سانایە بۆ بەرگریکردنی ئەم پەیامە لە ئەو موسڵمانانەی کە پەلاماریان دەدەن لەسەری. هەرچۆنێکبێت، ئێمە ناتوانین ڕۆشنبیرانە ڕازیبین لەسەر ئەم بابەتانە، و هەندێکجار ئەمە هەنجەتێکە بۆ شکستی ڕەوشتی. تۆ وەک ڕاوێژکار پێویستە پەی پێ بەری کە دەبێت چەند بە قووڵی بچیتە ناو ئەم گفتوگۆیەوە لەگەڵ خوێندکارەکانت لەم کاتەدا.

ڕوحی پیرۆز خودا دەکات بە ڕاستی بۆ ئێمە، ڕێماندەدات بە باوک بگەین و هێدی هێدی وامان لێدەکات کە زیاتر وەک عیسامان لێبێت. لەبەر ئەو جەختلێکردنەوەی ئیسلام لەسەر کۆششی – خۆیی، ئەم وانەیە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ئایا ئێمە دەتوانین تەنها بە هێزی ڕوح بژین بەوشێوەیەی خودا دەیەوێت. ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەوانەی پێشوو موسڵمان بوون. لە ڕوانگەی ئەم وانەوە ئێمە پێویستە هەموو ڕۆژێک پڕبین بە ڕوحی خودا، داوای لێبکەین کە زیاتر و زیاتر چاوودێری ژیانمان بکات. وانەکە دەیەوێت خۆی لابدات لەسەر مشتومڕی دیاریکراوی پەیمانی جەژنی پەنجایەم.

## قوربانی و پەیمان

هەرچەندە قورئان و فەرموودە بە فەرمی ئەوە فێرناکەن کە قوربانی گوناح لادەبات، ئیسلامی باو زۆرینەی جار ئەوە فێردەکات کە قوربانی لە هەندێک ڕێگەوە گوناح لادەبات. ئەمە لە جەژنی قورباندا ڕاڤە و شێوەکراوە، کاتێک موسڵمانان قوربانییەکەی ئیبراهیمیان بەبیر دێتەوە کە ویستی بیکات بە کوڕەکەی خۆی (بەراوردی بکە لەگەڵ پەیدابوون ٢٢)، هەرچۆنێکبێت، تەنانەت هەندێک موسڵمان وا بیردەکەنەوە کە قوربانی گوناح ناسرێتەوە، ئەوان پەیوەستیشی ناکەن بەو پەیمانەی کە خودا دەیکات لەگەڵ ئەوەی کە قوربانی پێشکەش دەکات.

بە جیاوازییەوە، لە دەرچوون ٢٤، قوربانیکردنی ئاژەڵ تەنها بۆ لابردنی گوناح نییە، بەڵکو هەروەها مۆرێک و هێمایەکە کە گەلی خودا بەستراوننەوە بە ئەوەوە بە گرێیەک کە ئێمە بە 'پەیمان' بانگی دەکەین. لە پەیمانی نوێدا، مەسیح پەیمانی نوێی بەست بە خوێنی خۆی.
خوێندکارەکانی تۆ هەروەها لەوە تێدەگەن کە قوربانی مەسیح لە گوناحەکانی ڕابردوش ئازادد دەکات، ئەمە بە واتای ئەوە نایات کە ئێمە ئازادین و بڕۆین گوناحی دیکە بکەین دووبارە! لە جیاتی ئەوە، ئێمە بە توندی بە ئەوەوە بەستراوینەوە. دەربارى ئەمە زیاتر دەخوێنین لە وانەی ١٥، پرسیارەکانی ١٧ -٢٢.

## قوتابێتی لە بیرکردنەوەی سۆفییەکان

کرداری سۆفییەکان لە زۆر شوێن بەربڵاو بۆتەوە (لە هەموو ) وڵاتە ئیسلامییەکان نا. ئەوانەی کە زۆر بە توندی شوێن ڕێگەی سۆفێتی کەوتون، ڕێنماییەکی ڕوحی دەبینەوە/یان مامۆستایەک پێی دەگوترێت 'مورشید' بە عەرەبی یان بە ئوردو 'پیر' یان بە کوردی 'شێخ' پێ دەڵێن. ئەم پیاوە دەسەڵاتێکی زۆری هەیە لەسەر 'قوتابییەکانی ' 'دەرویشەکانی' بە جۆرێک کە پەیمانی پێدەدەن گوێڕایەڵی بن لە هەموو شتێکدا.

دەکەوێتەسەر پێشینەی خوێندکارەکەت، ئەم بەراوردکردنە ڕەنگبێت یارمەتییان بدات تێبگەن کە چەند بە توندی ئێمە پابەندین بۆ شوێنکەوتنی عیسای مەسیح (هەرچەندە خوێندکارەکەت) ڕەنگبێت بەدڵی نەبێت بە 'شێخ' یان 'مورشید' بانگی بکات.

## موسڵمانان، ڕوحی پیرۆز و جبرائیل

پەرتوکی خولەکە لێرە لە پرسیاری ٨ ئاماژەی کردووە بە وەڵامی ا) لەبەرئەوەی زۆربەی موسڵمانان وابیردەکەنەوە کە ڕوحی پیرۆز ناوێکە بۆ جبرائیلی پەری (فریشتە)

# وانەی ٥

## ئایینناسی نوێژ

لە بەشی ٣ ئێمە چۆنێتی چەمکی ناسینی خودا وەک باوک لە مەسیحییەتدا تێبینی کرد – بە ڕێگەیەکی تایبەتی و کەسی – ئەمە شتێکی بێگانەیە بۆ موسڵمانان. هەروەها ئەمە کاریگەری لەسەر نوێژ دەبێت، لەوەتەی مەسیحییەکان لە نوێژ دەڕوانن وەک پەیوەندییەکی قوڵ. بۆ موسڵمانان، نوێژی فەرزی زۆرەملێی نەریتی بە زۆری وا دەبینیدرێت کە بۆ بەبیرهێنانەوەی ئەڵڵایە بە درێژای ڕۆژەکە و وە بۆ بەدەست هێنانەی ڕەزامەندی ئەو. گەرچی موسڵمانان هەروەها نوێژی نافەرمییان هەیە (پێی دەڵێن 'دوعا') و هەندێکیش وەک ڕامانی نادیاری دەبینن و دەیکەن، هێشتا ئەوانەی کە دەبنە شوێنکەوتووی مەسیح دڵشادن بە بینینەوەی پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ خودا کە هەرگیز نەیان بوو پێشتر. ڕەنگبێت پرسیار لە خوێندکارێک بکەیت دەربارەی ئەزمونی نوێژکردنی پێشتر و وە دوای باوەڕهێنان بە مەسیح.

## تێڕامانی سۆفییەکان (بیرکردنەوەی ڕامان)

تێکگیر بوونی سۆفییەکان کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو لەسەر دابونەریتی موسڵمانان. هۆزان نوسەکانی سۆفییەکان خۆشەویستی مرۆڤانە بەکاردەهێنن بۆ چیرۆکی هێمایی کە ڕوح چۆن خودای دەوێت؛ دڵدارە لە گەڕاندایە بۆ دولبەرەکەی (خۆشەویستەکەی) کە مرۆڤە، ئایا مرۆڤ لە گەڕاندای بۆ خودا (کاتێک لە مەسیحییەتدا زۆر جیاوازە و بە ڕێگەیەکی تر!). تێڕامانی سۆفییەکان بریتییە لە وتنەوەی زکر و سرود بە کۆمەڵ بە ئامانجی ئەوەی جەزبەو حاڵ بگرن بە ئەو مەبەستی کە هەست بکەن خودا لەگەڵیانە لەو کاتەدا.

## موسڵمانان، نوێژ و دەستنوێژ 'پاککردنەوە'

موسڵمانان هەموو کات ئەو ڕێوڕەسمی شوشتنە بەڕێوەدەبەن کە پێی دەگوترێت دەستنوێژ، پێش ئەوەی نوێژی نەریتی بەڕێوە بەرن. ئەوە وەک شێوازێکی خۆ پاکردنەوە دەبینیدرێت پێش ئەوەی بێنە ناو نوێژکردنەوە. خوێندکارەکان ڕەنگبێت زۆر بە یارمەتیدەر وەری بگرن کە بیرکردنەوەی لە دان پیاانی گوناحەکانمان وەک ئەوە وایە کە دەستنوێژی ڕوحی هەڵگیرابێت، گەرچی بێگومان ئەوە خودا خۆیەتی کە پاکمان دەکاتەوە، نەک هەستان بە کردنی دانپێداهێنان. هەرچۆنێکبێت، ئەگەر ئەو بەراوردکردنە دەنگی نەدایەوە لەلای خوێندکارەکان ئەوا ، پێویست بە پاڵپێوەنانی ناکات و مەی درکێنە.

## دروستکردنی ڕیزبەندێکی نوێژ

ڕیزبەندی نوێژە پێشنیارکراوەکان لە ڕۆژی هەینیدا دەستی پێکردووە لەبەرئەوەی پشوی هەفتانە لە هەندێک وڵاتی موسڵمان لە ڕۆژی هەینیدایە. لە جێگەکانی دیکە، لە یەکشەمەدایە. نوسینی ناوی هاوڕییەکی موسڵمان یان ئەندامێکی خێزانەکەت ڕەنگبێت ژیرانە نەبێت ئەگەر خوێندکارەکە لەگەڵ ئەواندا بژیت و یان ڕەنگبێت ئەوان پەرتوکی خوێندنەکە ببیننەوە. تۆش دەتوانی یەکێک لە کاربەرنامەی ڕیزبەندی نوێژەکان پێشنیار بکەیت کە بەردەستە بۆ تەلەفۆنی زیرەک، وەک ‘PrayerMate’ واتا 'نوێژی هاوڕێ' ئەم کاربەرنامە ڕێگەت پێدەدات بە دروستکردنی نوێژ یان بابەتێکی نوێژ و هەڵیان سوڕێنیت ڕۆژانە و ئاڵوگۆڕیان پێبکەیت.

# وانەی ٦

## موسڵمان و نیگایەتی پەرتوکی پیرۆز (بیرۆکەی)

موسڵمانان تێگەیشتنێکی جیاوازیان هەیە بۆ نوسراوی پیرۆزی مەسیحییەکان. بۆ ئەوان، قورئان وشەی هەمیشەیی ئەڵڵایە، لە ئاسمان نوسراوەتەوە و لەلایەن جبرائیلەوە بۆ مەحەمەد ئاشکراکراوە. مەحەمەد کوتومت بە عەرەبی تەنها ئەوەی نوسیوە کە جبرائیل فەرمانی پێکردووە. مەسیحییەکان، هەرچۆنێکبێت، باوەڕیان بەوەیە کە خودا نیگای یان وشە بە وشە، 'هەناسەی کردووە' بە مرۆڤدا بۆ نوسینی پەرتوکی پیرۆز. خودا نوسینی بەڕێوەچوونی مرۆڤی بەکارهێناوە بۆ مەبەستی خودایەتی خۆی و پاراستنی لە هەڵە. موسڵمانان لە قورئانی عەرەبی دەڕوانن وەک تەنها وشەی ئەڵڵا؛ هەموو وەرگێرانەکان کەم و کوڕییان هەیە لە ئەم ڕەوش و بارەیەوە. مەسیحییەکان بڕوایان وایە کە پەرتوکی پیرۆز دەکرێت وەربگێڕدرێت بۆ هەر زمانێک و وە هەر وەک وشەی خودا بمێنێتەوە و تێروانینی بۆ بکرێت.

زۆرینەی موسڵمانان باوەڕیان وایە کە پەرتوکی پیرۆز گۆڕدراوە. خوێندکارەکانت ڕەنگبێت کاریگەر بووبن و متمانەیان کردبێت، بەڵام ڕەنگبێت هێشتا تۆ پێویستت بە یارمەتی هەبێت کە چۆن ئەوە بۆ هاوڕێ موسڵمانەکان شیبکەیتەوە. هەروەها، ئەوان ڕانگبێت سەریان لێشێوابێت دەرباری جیاوازی وشەکان لە وەرگێرانە جیاوازەکاندا، یان دەرباری ئەوەی بۆچی ئەوەندە پەرتوکی پیرۆزی خودایەتی پێناسەی چالاکییەکانی مرۆڤ دەکات.

## چیرۆکە دێرەکان و ئاشکراکردنی خودا خۆی

پەرتوکی پیرۆز پێکهاتەیەکی چیرۆکی گەورەیە کە لە پەرتوکی پەیدابوونەوە درێژەی هەیە بۆ پەرتوکی ئاشکراکردن – لە بەدیهێنانەوە بۆ بەدیهێنانێکی نوێ. لە ناوکی ئەم چیرۆکەدا خودا خۆی دەنێرێت بۆ ئێمە. قورئان پێکهاتووە لە دەستەواژە دەرباری کەسایەتی ئەڵڵا خۆی، و پێناسە بۆ ژیان لە ڕوانگەی پێوانەی ئەڵڵاوە؛ چیرۆکگەلێکی تێدایە بە درێژایی قورئان، بەڵام چیرۆکەکان بە ڕیزبەند نین بە پێی کاتی ڕودانیان و وە هیچ وتەیەکی یەکگرتووی پێدا ناڕوات تێیدا. لە ئیسلامدا، خودا خۆی ئاشکراکردووە بە ناردنی پەرتوکێک، بەڵام لە مەسیحییەتدا، خودا خۆی ئاشکراکردووە بە ناردنی خۆی، و ئەم خۆ-ناردنە لە ناوەندی  چیرۆکی پەرتوکی پیرۆزدایە.

# وانەی ٧

## دوو بەردی تایبەتی

ملیۆنەها موسڵمان چوون بۆ گەشتکردن بۆ مەکە، کە بەردە ڕەشەکەی کەعبە نیشانەی ناوەندی تەرخانکردنی پەرستنیانە. بەڵام بۆ ئێمە، مەسیح خۆی نیشانەی تەرخانکردنمانە تەنانەت بەنرخترین بەردی ناوەندی ئێمەیە، و بەردی بناغەی 'ماڵی ڕوحیمانە'!

## چارەسەرکردنی  ناسنامەیەکی لێکترازو

بەریتانییەکی پاکستانی بە سەرلێشێواوی گەورەبوو دەرباری ناسنامەی خۆی، لە نێوان بەشێک لە بەریتانی بوونی و بەشێک لە موسڵمانی پاکستانی بوونی لێکترازابوو. کاتێک باوەڕی بە مەسیح هێنا، وتی ناسنامەیەکی نوێم بەدەست هێناوە، وە ئەوە بووە جێگەی 'حەپەسانی'. ئەو پارچەی پەرتوکی پیرۆز کە کاریگەری هەبووبوو کە ئەو قسەی لەگەڵدا کردبوو زۆر بەهێزانە ئەوە بوو کە ئێمە خوێندمان، یەکەم پەترۆس ۲: ۹-۱۰.

## ئوومە (کۆمەڵگە)

موسڵمانان هەستێکی زۆر قووڵیان هەیە کە ئەوان بەشێکن لە تەواوی کۆمەڵگەی جیهان کە ئەوان پێی دەڵێن ئوومە. بۆ ئەوان، ئەو ئوومە بێ کەمو کوڕە و بێخەوشە، ئەو کۆمەڵگەیەی کە شوێن یاسای ئەڵڵا دەکەوێت (شەرعییەت) و وە چیرکەکان دەبێت لەلایەن بەرپرسە ئیسلامییەکانەوە بەرپرسایەتی بکرێت (خەلافە). ئەم کۆمەڵگە گەردونییە نیشاندراوە بەبەرچاوی لە گەشتکردنی ساڵانەدا، کاتێک موسڵمانان لە زۆرینەی وڵاتانەوە لە مەکە کۆدەبنەوە، هەموو هەمان جلوو بەرگیان وەکویەک لەبەرکردووە. هەرچۆنێکبێت بە کردەوە،   پەرتەوازەیی و هەڵاویری و جیاکاری (بە جیاکاری و هەڵاویری ڕەگەزییەوە) واتای ئەوەیە ئوومەی ئیسلام بەسەر کەموکوڕی  و کورتیدا کەوتووە لە جیهانی شازێتی (بێخەوش) خۆیدا.

لە هەندێک ڕێگەوە، ئەمە هاوشێوەی کۆمەڵگەی گەردونی کڵێسای بێخەوشە، کە مەسیحیەکانی تەواوی جیهان بەو شێوەیە ناژین. هەندێک وەرگێرانی عەرەبی یەکەم پەترۆس ۲: ۹ وشەی 'ئوومەی' بەکارهێناوە بۆ گەڵی خودا، و ڕەنگبێت یاریدەدەربێت بۆ تاوتوێکردن لەگەڵ خوێندکارەکانتدا هاوشێوەکان و جیاوازییەکان.

## هەڵسەنگاندنی مەترسییەکەی

لە هەندێک وڵاتانی موسڵمان، مەترسی هەیە کاتێک باوەڕداران چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکتری دەکەن. هەندێکجار سیخوڕەکان دەخزێنە ناو کۆمەڵێکەوە، وا خۆ پیشاندەدەن کە خۆیان باوەڕدارن. ئەوان ناو و زانیاری و وێنەی باوەڕدارەکان لای خۆیان هەڵدەگرن بە مەبەستی دەرخستنیان، و ئەمە دەتوانێت زیانێکی زۆر بێنێتە پێش. لە هەندێک بارودۆخدا وا بۆ باوەڕداران ژیرانەترە کە یەکسەر خۆیان دەرنەخەن بۆ هەموو کەسێک، بەڵکو تاکو دەیان ناسی و متمانەیان پێدێنێ بە وریاییەوە. ڕوحی پیرۆز پێیان نیشان دەدات کە زیاتر متمانەیان بە کێ بێت و کەمتر متمانەیان بە کێ بێت. دەبێت زۆر وریا بن لە هەبووی هەر وێنەیەک و ڤیدۆیەکی کۆمەڵەکەیان. هەرچۆنێکبێت، هەروەها مەترسی تریش هەیە بە ڕێگەیەکی دیکە.

ئەگەر هەموو کەس وەک مەجید وابێت و ڕەتی بکاتەوە کە متمانە بە ئەوانی دیکە بکات، کۆمەڵگەی باوەڕداران هەرگیز گەشە ناکات. هەروەها، باوەڕدارانی دابڕاو بەساردی لە باوەڕەکەیاندا گەشە دەکەن. کەسیان نابێت یارمەتییان بدات لەکاتی پێویستیدا. وە ئەگەر منداڵەکانیان هەرگیز نەچووبوونەتە کۆمەڵگەی باوەڕدارانەوە، ئەوا دەگەڕێنەوە ئاینە کۆنەکەیان. ئەگەر باوەڕداران باشترین ئایندەیان دەوێت بۆ منداڵەکانیان ئەوا دەبێت جێگەی خۆیان بدۆزنەوە لە کۆمەڵگەی مەسیحدا. کەواتە، لێرەدا هەندێک مەترسی هەیە ئەگەر ئێمە چاوپێکەوتن بکەین لەگەڵ شوێنکەوتووانی دیکەی عیسادا، بەڵام لێرەدا مەترسییەکی لەوە گەورەتر هەیە ئەگەر چاوپێکەوتن نەکەین لەگەڵ شوێنکەوتووانی عیسادا.

لە ڕۆژئاوا، باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان کە بەشداری دەکەن لە کڵێساکان ئاساییانە لە مەترسیدا نین جەستەیی. بەڵام لە هەندێک بارودۆخدا، ڕەنگبێت ئەوان بیانەوێت هەر وشیاربن (بۆ نمونە، خۆ لادان لە شەرمەزارکردنی خێزانەکانیان). ئەوە دەبێت بڕاردەی خۆیان بێت بە کێ دەڵێن و کەی. مەسیحییەکان نابێت غەیبەتی (قسەوقسەڵۆک) ئەوان بکەن بۆ موسڵمانان.

# وانەی ٨

## ب.پ.م و کۆمەڵگەی موسڵمانان

ئەو موسڵمانانەی کە باوەڕیان بە مەسیح هێناوە، زۆرجار هەست بە دابڕان دەکەن لە نێوان کۆمەڵگەی کۆنی موسڵمانییان و کۆمەڵگەی نوێیان لای مەسیح. لە ئیسلامدا گرێی خێزان و کۆمەڵگە زۆر بەهێزە، و ئەوانەی شوێن مەسیح دەکەون زۆرجار هەست بە ڕەتکردنەوەیەکی دڵتەزێن دەکەن لەلایەن ئەوانەی کە زۆر خۆشیان دەوێن. چۆن دەتوانن ئەو پەیوەندیانە چاکبکەنەوە بە درێژای کات؟ وە ئایا دەتوانن 'خێزانێکی' نوێ لە کۆمەڵگەی مەسیحدا بدۆزنەوە کەوا هەر وەک کۆنەکەیان نزیکێتیان هەبێت؟ ئەمانە پرسیارانێکی زۆر بە ئازار و پەستێراوە بۆ زۆرێک لە ب.پ.م. وانەی ٨ ئەوەمان فێردەکات کە شوێنکەوتووانی مەسیح هی دوو کۆمەڵگەن، کۆن و نوێ، و وە دەتوانن هەوڵ بدەن دەوری خۆیان هەبێت لە هەردوو کۆمەڵگەکە بەو پێوانەیەی دەگونجێت بۆیان. (ئەمە ڕاستی هەموو باوەڕدارانی نەوەی یەکەمە، بەڵام کێشەوبەرەکە زۆرجار توندترە بۆ ئەوانەی کە لە پێشینە موسڵمان بوون).

# وانەی ٩

## ئامۆژگاریکردنی ب.پ.م لە چەوسانەوەدا

مەسیحییەکان لە ڕۆژئاوا هەندێک جار دەکرێت بۆچوونی لاریان هەبێت دەربارەی چەوسانەوە. ڕەنگبێت ئێمە کەمتر ڕۆڵ ببینین لە کاریگەرییەکان یان ڕەنگبێت ئێمە بیانڕازێنینەوە. بۆ ب.پ.م کە ئەزمونی چەوسانەوەیان بینیوە زۆر گرنگە بۆ ئێمە بە ژیرانە ڕاوێژیان لەگەڵدا بکەین، بە هەردوو ئاستی کردەیی و وە دەروونی. کرداریەن، ئاساییانە ئەوە باشترە بۆ ب.پ.م لە خێزانەکەی و کۆمەڵگەکەیدا بمێنێتەوە، بەرسڤی بەرامبەرەکانی بداتەوە بە حەوسەڵەوە هەتاکو دادەمەزرێت. نەکا ئەگەر لێرەدا مەترسییەکی سەخت هەبوو، ئەوا ڕەنگبێت باشتربێت بۆ ب.پ.م کۆچ بکات بۆ جێگەیەکی پارێزراو، بەڵام تەنانەت ئەو کاتەش هەوڵ بدات پەرە بداتەوە بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەیدا بە پێی کات. ژیانی مەترسیدار نائاسییە بۆ ب.پ.م لە ڕۆژئاوا.

دەروونییانە، ئەوە زۆر گرنگە کە بزانی ب.پ.م چەند بە قووڵی هەستیان ئازار دراوە کاتێک ڕەتکراونەتەوە لەلایەن خێزانەکەیانەوە، و چەند بیری ئەوان دەکەن لە پاشاندا. لایەنێکی سەرەکی بادانەوەی چەوسانەوە بۆ باشە، ئەوەیە کە سۆنگەی خودای لەسەر بەدەست بێنی، کە ئامانجی سەرەکی ئەم وانەیە.

# وانەی ١٠

## تۆڵە و لێخۆشبوون

ئەم وانەیە لە بنەڕەتدا نوسراوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە 'سوڕی تۆڵەکردنەوە' کاریگەرەی وێرانکارانەی هەبووە لەسەر تەواوی نەوەکان. گەرچی هەموو موسڵمانان لەگەڵ تۆڵە سەندنەوەدا نین، بەڵام هێشتا بیروباوەڕێکی باوە و ژیاوە لە زۆربەی کەلتورەکانی موسڵمانان. سروشتی مرڤی گوناحباراوی لە هەموو کەلتورەکاندا دەبیندرێ، کە پێکهاتووە لە ئارەزو بۆ 'پێشاندانی توانا' و هەروەها بۆ 'گەڕانەوەی ڕێز' لە دابونەریتی کۆمەڵگاکان، بە واتای ئەوە دێت کە زۆرینەی موسڵمانان بە سروشتی دەزانن و بڕوایان وایە کە شتێکی سروشتییە تۆڵە سەندنەوە. کەواتە، ئەو موسڵمانانەی توشی ئەو ڕاسپاردەی مەسیح دەبن دوژمنەکانمان خۆشبوێت (ئایەتی لەبیربوونی ئەم هەفتەیە) بە فێربوونێکی ڕیشەیی نوێی دەبینن، و زۆربەیان کە باوەڕیان هێناوە لە ئەنجامدا و لە ئەودا نوقوم بوون.

زۆرینەی ب.پ.م ئازار و بێزارییەکانیان لە دڵی خۆیاندا ڕاگرتووە بەرامبەر ئەوانەی کە ڕەتیان کردونەتەوە و چەوسێندراونەتەوە لەبەر باوەڕەکەیان (وەک لە پرسیاری ١٥، بۆ نمونە). تەکانەوە لەم بیروباوەڕی تۆڵە زۆر گرنگە بۆ یارمەتیدانی ئەوە بۆ ئەوەی بەرەو پێش بچن لە لای مەسیح. ئەمە لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەم بابەتە ئەوەندە تولّی کێشاوە، و دووپاتی دەکاتەوە بە ڕوونی. گفتوگۆی ئەم بابەتە ڕەنگبێت هەستێکی بەهێز بتەکێنێت لە جەستەیان، بەڵام ئەمە ڕەنگبێت ببێتە ڕێچکەی چارەسەری!

پرسیاری ٥ جیاوازییەک وێنە دەکات لە نێوان عیسا کە مرد و لە چەوسێنەرەکانی خۆشبوو، لەگەڵ ئەو ڕێبەرانەی لە مەیدانی جەنگدا مردن و دوژمنەکانیان بەنەفرەت دەکەن. ئەم ئاسانکارییە بۆ بیرهێنانەوەیە بۆ ڕێبەر حوسێن، (ئیمام حوسێن) ئەوەی لە جەنگی کەربەلادا مرد لە ٦٨٠ی زاین کە زۆر بە توندی یادی دەکرێتەوە لە لایەن موسڵمانانی شیعەوە، و کە بە پێچەوانەوە مردنەکەی مەسیح دەوەستێ. ئەمە ڕەنگبێت و ڕەنگ نەبێت گونجاو بێت بۆ ئاماژە پێکردن بۆ خوێندکارەکانت، دەکەوێتە سەر هەڵوێستیان بەرامبەر پێکهاتەی شیعەیەتیان لە ئیسلامدا.

# وانەی ١١

## هاوسەرگیری لە ئیسلامدا

لە نێوان موسڵمانانەدا وەک هەموو کەلتورەکان، هەندێک هاوسەرگیری بە تەبایانەیە و هەندێکیش پڕە لە ناکۆکی، کەواتە زۆر قورسە گشتگیرانە تێڕوانی. ژیانی خێزانی موسڵمانان زۆربەی جار سەرنجڕاکێشە لە زۆر ڕووەوە، هەروەها ڕەنگبێت دەستدرێژی و شتی دڵتەزێنیشی تێدابێت بەشاراوەیی.

زانایانی ئیسلام لێکدانەوەیان جیاوازە بەپێی فێربوونەکانی قورئان لەسەر هاوسەرگیری، و هەندێک کۆمەڵگا کە پیاوان بەسەر ئافرەتاندا زاڵن زیاتر ئافرەتان دەچەوسێننەوە لەوەی قورئان خۆی دەیکات. هەرچۆنێکبێت، ئەم خولە پەنجە دەخاتە سەر ئەو بیرۆکە و چەمکانەی کە لە زۆربەی کۆمەڵگا موسڵمانەکان دەستی پێوەگیراوە بە بەرفراوانی، ب.ن. ئەو پیاوە ڕەنگبێت زۆر بە ئاسانی لە ژنەکەی خۆی بدات و تەلاقی بدات، ئەو ڕەنگبێت هەتاکو چوار ژن بهێنێت، وە ئەوەیان هەنجەتێکی ڕەوای لەبەردەستە تاکو ژنێکی دیکە بێنێت ئەگەر ژنی یەکەمی کوڕی نەبێت. ژنیش هەروەها مافی هەیە بە پێی ئیسلام، گەرچی ئەمەیان زۆر فراوانتر لە هی مێرد. لە بنەمادا. هاوسەرگیری زیاتر وەک گرێبەستێک وایە وەک لەوەی پەیمانێک بێت.

ئەم وانەیە ئامانجی ئەوەیە یارمەتی خوێندکارەکانت بدات ئەندێشە هەڵمژراوەکانی هاوسەرگیری تاوتوێبکاتەوە و تەلارکردنی زیاتری بنەڕەتی بابلیکانی. بیرۆکە و چەمکی باوی موسڵمان پەنجەی خراوەتە سەر بە درێژای ئەم بەشە، بە جیاوازی لەگەڵ فێربوونەکانی بابلیکان، و پرسیاری ١٠ بە دەستی ئەنقەست ئەمە هاتۆتە بەرچاو بۆ تیشکخستنە سەر، بە بەکارهێنانی ئایەتە بەرفراوانە زانراوە بەرچاوەکانی قورئان وەکو 'ئافرەتەکانتان کێڵگەی ئێوەن' قورئان، (سوڕەتی ٢: ٢٢٣). فێربوونەکانی بابلیکان یەک پیاو لەگەڵ یەک ژندا دەمێنێتەوە تاهەتایە، و مێرد دەبێت خۆشەویستی قوربانیانە پیشانی ژنەکەی بدات، کە بەتایبەتی زۆر گرنگترە لە وانەی ١١ تەنها دەستپێکی ئەم بابەتە گەورەیە، و ئەگەر خوێندکارەکە تازە هاوسەرگیری کردووە یان ئامادەکاری کردووە بۆ هەوسەرگیری ڕەنگبێت باش بێت فێربوونی زیاتر دەربارەی ئەمە بدەی پێی. هەروەها ئەمە ئەوەش دەگرێتەوە ئەگەر ئەوان حەزیان لە گفتوگۆی زیاتر بوو سەبارەت بە گەورەکردنی منداڵان.

## دایکایەتی لە ئیسلامدا

لە ئیسلامدا، دایک زۆر بەرز ڕاگیراوە، کوڕانی موسڵمان ڕاسپاردراون ڕێزێکی زۆر باڵا و دڵسۆزی بدەن بە دایکیان و وە ئاساییانە لە ئیسلامدا گرێیەکی بەهێزی پەیوەندی زیاتر لەگەڵ دایک هەیە وەک لەگەڵ باوک. هەروەها، نەریتییانە لە زۆربەی کەلتورەکانی ئیسلامدا بووک لە دایک و باوکی جوودا دەبێتەوە لە کاتی هاوسەرگیریدا و بەشداری لە خێزانی مێردەکەی دەکات، بەڵام بۆ مێردەکە هیچ 'جوودای و دابڕانێک' نییە. بۆیە ڕەنگبێت هەستی سۆزداری بۆ دایکی بەهێزتر بێت وەک لەوەی بۆ ژنەکەی، وە ڕەنگبێت دایکەکە ئەمە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت و وە

بۆ زیانی بوکەکەش بێت. ئەم وانەیە ئەو کێشانە دەستنیشان دەکات. بەڵام ئەمانە تەنها گشتکارییە، و وە شێوازی خێزانی هاوبەش زۆر پتەو نییە زیاتر لە ڕێکخراوێتی دامەزراندنی ڕۆژئاواییەکان.

# وانەی ١٢

## ناکۆکییەکان و چۆنێتی چارەسەرکردنیان

هەموو مرۆڤەکان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ناکۆکییان هەیە لە کاتە جیاوازەکاندا، و وە گۆمەڵگای موسڵمانان لەوە بەدەر نییە. سێ 'ڕێگەی خراپ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی' ئاماژەی پێکراوە لە پرسیارەکانی ٧-١٠ و بە زۆری لە کۆمەڵگاکانی موسڵمانان بەرچاوە، بە بەهێزکردنی یەک لەدوای یەکی بەهای کەلتوری تۆڵەکردنەوە، تەکانەوە یان ڕیزبەندی پلە بەندی ئاستەکانی کۆمەڵگا. هەروەها قسەڵۆک گرفتێکی ئاڵۆزە. بێگومان، ئەم کێشانە لە کۆمەڵگاکانی دیکەش بەدی دەکرێن.

زۆرینەی موسڵمانان لە سنورێکی کەلتوری سەربەرزی یان شەرمەزارییەوە هاتوون و دەژین. ئەمە، بیرۆکەی ڕاست و هەڵەی ئەوانە کە بەزۆری پەیوەستە بە پێگەکەیان لە کۆمەڵگەی ناوخۆی خۆیان. ئەگەر خێزانێک ناوبانگی بە شەرمەزاری دەرکرد لە کۆمەڵگەدا، ڕەنگبێت هەست بە ئاسودەی بکەن بۆ گەڕانەوەی سەربەرزییەکەیان بە تۆڵەسەندنەوە. لە کەلتوری ڕۆژهەڵاتی نزیک سەردەمەکانی مەسیح ڕەنگبێت خەڵک مەیلی ئەم شتانەی هەبووبێت. بۆ ئەوانەی لە ڕۆژئاوان، 'فێربوونەکانی' مەسیح بۆ لێخۆشبوون و ئاساییانە بەرەنگاربوونەوەی ئاستی کەسایەتی. بەڵام بۆ ئەوانەی سنوری سەربەرزین یان شەرمەزاری کەلتوری، ڕەنگبێت ڕاسپاردەی مەسیح بە دیاریکراوی قسە لەگەڵ ئاستە هاوبەشەکان بکات، کە ڕەنگبێت تۆڵەکردنەوە درێژەی هەبێت لە دوژمنایەتی خێزانەکەیاندا بە درێژایی نەوەکانیان.

پاش دڵشادییەکی سەرەتایی بە بەشداریکردنی کۆمەڵگەی باوەڕدارانی مەسیح، ب.پ.م لە زۆربەی کاتەکان ڕووبەڕووی ئاڵۆزی دەبنەوە و بەئاگاهاتنەوە گەشە دەکات لایان. فێربوونی ئیشکردن لەسەر ئەمە و هاتنە دەرەوەی لە لاکەی دیکەیەوە هەنگاوێکی ئێجگار گرنگە لە قوتابێتییاندا. ئەمە بریتییە لە فێربوونی چۆنێتی کردنی مامەڵە لەگەڵ ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی دروستکەر، نەک ڕێگەیەکی تێکدەر. وانەی ١٢ هەندێک هەنگاوی کرداری ئامادە کردووە بۆ یارمەتی ئەوان، ئەمانە بکە ڕاهێنانەوە.

## ئایا خودا هەستی هەیە؟

لە ئیسلامدا، بەدیهێنەر لە بەدیهێندراو جیا کراوەتەوە و لە ئەوان ناچێت. موسڵمانان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە کرداری مرۆڤ دەتوانێت خودا دڵخۆش یان خەمبار بکات، یان کە هەست بە ئازارەکانمان بکات، لەبەرئەوەی ئەمە لەوە دەچێت کە ئەو بهێنینە ئاستی خۆمانەوە یان ئەو وەک شێوەی خۆمان لێبکەین. بەڵام بۆ مەسیحییەکان، بەرجەستەبوونی ئاشکراکردنی خودایە کە ئامادەبوو بێتە خوارەوە بۆ سەر ئاستی ئێمە و ئازارەکانمان لەگەڵ هاوبەش بکات. مەسیح هەستێکی بەهێزی هەبوو (دلۆڤانی، توڕەیی، کامەرانی، پەژارە) و وێنای خودای بۆ کردین کە خودا لە چی دەچێت. کاتێک ب.پ.م ئەمە بەدی دەکەن، بۆچوونیان دەگۆڕێت دەربارەی خودا، کە خودا هەست بە ئازارەکانیان دەکات (بڕوانە وانەی ١١، ١٨) و خەفەتبارانەیە کاتێک ئەوان گوناح دەکەن (هەر وەک لێرە وانەی ١٢).

# وانەی ١٣

## موسڵمانان و شایەتی (شەهادە)

بۆ موسڵمانان، شایەتی دان لەبنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ وتنەوەی ڕێبازی ئیسلامی (شەهادە) شایەتی: "هیچ خودایەک نییە جگە لە ئەڵڵا نەبێت، و وە مەحەمەمە نێردراوی ئەوە." شایەتی دان ناوەندی ناسنامەی ئیسلامییە و یەکێکە لە 'پایەکانی' بوون بە موسڵمان. بە گوێی ساوای تازە لەدایکبوودا دەچرپێندرێت و ڕۆژانە-پێنج-جار دەوترێتەوە لە کاتی بانگدانا.

بۆ مەسیحییەکان، نزیکترین شایەتی ئەوەبوو کە عیسای مەسیح لە مردن هەستایەوە، و وە ئەو بەڕاستی یەزدانە (ڕۆم ١٠: ٩). ئەم شایەتییە ناوەندی ناسنامەی ئێمەی مەسیحییە، و وە هەروەها ڕەنگبێت بەکەڵک بێت یەزدانێتی بەکاربێنین. هەرچۆنێکبێت، خوێندکارەکان ڕەنگبێت بەکارهێنانی زاراوەی ئیسلامییان بەدڵ نەبێت بەم ڕێگایە، وە هەستیاربە بەرامبەر بژاردەکانیان.

لە پەیمانی نوێدا، وشەی یۆنانی کە بۆ 'شایەتی' هاتووە هەروەها بە واتای 'شەهیدبوونیش' دێت، وە هەمان لکێندراو لە عەرەبیشدا بیندراوەتەوە. شایەت (شاهید) ئەوەی کە شایەتی دەدات (شەهادە) دەکرێت ببێت بە شەهید (شاهید). ئەمە بە واتای وشە ڕاستە بۆ ب.پ.م ئەوەی کە لە پێناو باوەڕی خۆیاندا دەمرن، وەکو مەهدی دیباژ لە ئەم وانەدا. زۆرینەی مەسیحییەکانی ئێران بە ئەم نمونەیە و شەهیدانی دیکەی ئێرانی بۆ مەسیح نیگایان بۆ هاتوو هەستیان جووڵاوە. وانەی ١٣ ئەم پەیوەندییە دروست دەکات و خوێندکارەکان ڕەنگبێت زۆر بە واتاداری وەربیگرن.

بۆ ب.پ.م، ئەمە خەباتێکە کە چۆن، کەی، پێویستە بزانی کە دەبێت بۆ کێ لە ئەندامەکانی خێزانە موسڵمانەکە قسە بکەی دەربارەی مەسیح. ڕەنگبێت ئەوان بترسن دەربارەی ئەوەی شایەتی بدەن یان خۆیان بە تاوانکار بزانن دەربارەی ئەوەی شایەتی نەدەن بۆت. خوێندکارەکان ڕەنگبێت کەمێک هەستیار بن کاتێک لەو چوارچێوەیەیی خەباتیاندا قسە دەکەن، و خوازیارن بۆ ئەندامی خێزانەکەیان کە بە مەسیح ئاشنا بن. لێگەڕێ با ئەو هەستە دەرببڕێت.

## ئازایەتی یان وریایی؟

بۆ هەندیک ب.پ.م، شایەتی و گەشەکردنی ڕوحانیان زیانی بەرکەوتووە لەبەرئەوەی ئەوان زۆر دەترسن بە ئەوانی دیکە بڵێن دەربارەی مەسیح، بە جیاوازییەوە، ئەوانی دیکە زۆر بە ئازایانە و خێرایی قسەیان کردووە و دەریان بریوە، وە دەکرێت ئەمەش زیاناوی بێت کاتێک جۆرێکی ناکۆکی هەڵە دەووروژێنێت لە کاتێکی هەڵەدا. لەبەرئەوە، زۆرینەی قوتابییە بە ئەزموونەکان وا هەست دەکەن کە باشترە بۆ ب.پ.م لەسەرخۆ بناغەکە ئامادەکەن بۆ شیکردنەوەی پەیمان و وەفادارییە نوێکەیان، بەڵام تاهەتایە بە نهێنی نەمێننەوە. چەند بە 'خێرای دێیتە دەرەوە' وەک شوێنکەوتووی مەسیح ئەمە دەکەوێتەسەر هەلومەرجەکان، ئەمە بریتیە لە هەڵوێستی خێزانەکەی، و وە ئایا سەربەستی لەو وڵاتە زۆر توندە یان زیاتر کراوەیە (وەک ڕۆژئاوا).

هەروەها، لە یادت بێت کە لێرە پێگەی مامناوەند لە نێوان 'نهێنی' و 'کراوە' دا هەیە. زۆرینەی ب.پ.م کراوەن دەربارەی باوەڕیان بەرامبەر ئەو کەسانەی کە متمانەیان پێیانە، و نزیکبوونەتەوە لە ئەوانی دیکە. کرانەوە قۆناغێکی لەسەرخۆیە. هەرچۆنێکبێت، هەندێکجار ب.پ.م درک بەوە دەکەن کە باوەڕەکەیان ئاشکرابووە لای موسڵمانانی خزم و نزیکەکانی لە ناکاو و بەڕێکەوت، و وە هەروەها دەبێت ئەوان ئامادەش بن بۆ ئەمە، بە وەڵامی گونجاوەوە.

تەواوی ئەم بابەتە کە چۆن شایەتی بدەی ئێجگار گرنگە بۆ ب.پ.م. وانەی ١٣ بە شوێن ئەوەوەیە کە ئەم گرفتە بکاتەوە بە ڕێگەیەکی هاوسەنگانە، بەڵام ئەمانە ویستی کردارین چۆن دەگۆڕێت لە خوێندکارێکەوە بۆ خوێندکارێکی تر. لەبەرئەوە دانایی و نوێژی زۆرتر پێویستە لە ئامۆژگاریکردنی تاکەکانی باوەڕداران.

## هێڵکاری 'پردەکە'

هێڵکارییەکەی لە تەواوکاری ٢ هاوشێوەی 'هێڵکاری پردە' باش-ناسراوەکەیە، بەڵام سازێندراوە بۆ کەلتوری موسڵمانان بە ئەم ڕێگایانەی خوارەوە:

- هیچ وێنەیەکی خودا نیشان نادات.
- خودا نیشان دەدات لە سەرو ئێمەوە، نەک لە ئاستی ئێمە.
- لەبارەی ڕێگای ڕاستەوە قسە دەکات نەک پردەکە.

هەرچۆنێکبێت، هەروەها دەگونجێت وێنەکە بە ئاسۆیی هەڵگری هەر وەک هێڵکاری پردی دابوونەریت، و وە تەلارکردنی لەسەر چەمکی موسڵمانان کە ئێمە دەبێت بەسەر پردە باریکەکە بپەڕینەوە بۆ بەهەشت. زۆرینەی موسڵمانان وا فێربوون کە ئەم پردە ' باریکترە لە مووی مرۆڤ' و وە زۆرێک لە خەڵک غەمگینن کە ڕەنگبێت بکەونە خوارەوە و نەگەن بە بەهەشت.

ئێمە دەتوانین شیبکەینەوە کە عیسای مەسیح تەنها یەکێکە کە دەتوانێت بە پارێزراوی و سەلامەتی هەڵمان بگرێت و بمان پەڕێنێتەوە بەسەر پردەکەدا. ئەم چیرۆکەی کە وتراوەتەوە لەسەر ئەم پیاوە، بلۆندین کە لەسەر تەنافی پەڕینەوە پەڕییەوە لە تاڤگەکانی نیاگارا و وە پێشنیازیکرد کە خەڵکانی دیکەش بپەڕێنێتەوە لەسەر پشتی خۆی. زۆرینەیان ڕەتیان کردوە، بەڵام یەکێک متمانەی پێکرد و چووە سەر پشتی. بلۆندین هەڵیگرتوو بە سەلامەتی پەڕاندییەوە بۆ ئەو بەر. عیسای مەسیح پێشنیاز دەکات لەگەڵ خۆی بمانبات بۆ بەهەشت بەسەلامەتی بەڵام ئێمە دەبێت خۆمان بە ئەو بسپێرین. وەک بەشێک لەم وانەیە ڕەنگبێت بتەوێت پارچەیەک ڤیدیۆی کورت دەربارەی بلۆندین نیشانبدەی وەک پێشنیارکردنێکی نەخشەی وانەکە.

تێبینی داواکراوە: تکایە هێڵکارییەکە بە هەردوو وەشان نیشانی خوێندکارەکان بدە: ستوونی ( هەروەک لە پەرتوکی خوێندنەکەدایە) و ئاسۆیی (وەک لەگەڵ پردەکە بەرەو بەهەشت). پرسیاریان لێبکە کام وەشانەیان باشتر پەیوەندی لەگەڵ موسڵماندا دەکات. تکایە تێبینی خۆت بنێرە بۆ . comefollowmecourse@gmail.com. کەواتە ئێمە دەتوانین پەرتوکی خوێندنەکە بگۆڕین لە دوایاندا ئەگەر پێویستبوو.

# وانەی ١٤

## ب.پ.م و لەئاوهەڵکێشان

لەئاوهەڵکێشان هەنگاوێکی گرنگە بۆ ب.پ.م. نیشاندانی پەیمان و دڵسۆزییانە بۆ مەسیح و کۆمەڵگەکەی. هەرچۆنێکبێت، خێزان و کۆمەڵگەی موسڵمانیان لەم هەنگاوە دەڕوانن وەک نیشانەیەکی ناپاکی. لە ڕووانگەی ئەوانەوە، کەسەکە لەئاوهەڵکێشرا خێزانە کۆنەکەی ڕەت دەکاتەوە و بێڕێزی گەورە دەهێنێت بۆ سەریان. ئەمە خێزان و کۆمەڵگەکەیان زۆر تورە دەکات، و وە لە هەندێک وڵاتانی موسڵمان تەنانەت ڕەنگبێت ئەوان باوەڕدارەکە بکوژن.

مەترسی کەمتر هەیە لە ڕۆژئاوا، پێدەچێت لەوێش هەر ئازاری سەخت و ڕەتکردنەوە هەبێت. ئەوە گرنگە ئاگاداری ئەمە بی و هەوڵ بدەی ئەو هەژاندن و شەرمەزارییە بۆ خێزانەکەت کەمبکەیتەوە بەو مەودایەی دەگونجێت.

لەبەرئەوە، لە ئامادەکردنی ب.پ.م بۆ لەئاوهەڵکێشان، نەکەی تەنها بیر لە ڕەهەندی ڕوحی بکەیتەوە بەڵام هەروەها بیر لە دەرئەنجامەکانی کۆمەڵگاش. لەگەڵ کەسەکەدا تاوتوێ بکە:

- کەی کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوان لەئاوهەڵبکێشرێن؟ (ئاساییانە خودا خۆی ئەمە نیشانیان دەدات لەلایەن ڕوحی خۆیەوە، کەواتە پەلە لە قۆناغەکە مەکە؛ بەڵام کە کاتی خۆی هات، نەکەی ڕاشی بگریت).
- کام خەڵکانە پێویستە بوونیان هەبێت لە کاتی لەئاوهەڵکێشانەکە؟ (بەلانی کەمەوە هاوڕێیەکی متمانەپێکراوی نزیک؛ بەڵام ئەی دەربارەی کەسانی دیکەی کڵێسەکە، یان خزمە موسڵمانەکان؟ تاوتوێی ئەمانە بکە لەگەڵ باوەڕدارەکە، هەروەک بارودۆخەکان دەگۆڕێن.
- ئایا باوەڕدارەکە بە خێزانە موسڵمانەکەی دەڵێت لەپێشدا؟ (ئەمە بەزۆری دەکەوێتەسەر ڕەوشی خێزانەکە)
- ئایا لە ڕۆژی لەئاوهەڵکێشان وێنە دەگیرێت و ئایا هیچ ڕێگرییەک دەبێت لەسەر پەرتوبڵاوکردنەوەی وێنەکانیان؟ (بە وێنەی ڕەنووسی (دیجیتاڵ) و فەیسبووک ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە! پەرتوبڵاوکردنەوەی وێنەکانی لەئاوهەڵکێشان ڕەنگێت مەترسی بهێنێتە سەر باوەڕداران و وە بەدڵنیاییەوە بێرێزی دەهێنێت بۆ خێزانەکانیان. هەستیارترین خاڵ کاتێکە کە ب.پ.م دچێتە ژێر ئاوەکەوە، بەتایبەتی ئەگەر نێرینە کەسێکی مێینە لەئاوهەڵکێشێت. ئەو جۆرە وێنانە دەبێت بە توندی پێشی پێگیرابێت. بەڵام لە پاشاندا وێنەی بە کۆمەڵ، لەگەڵ کەسە نوێ لەئاوهەڵکێشراوەکە لەگەڵ هاوڕێ مەسیحییەکانی، کەمتر هەستیارن).
- بۆ ب.پ.م مێینە، چ هەنگاوگەلێک دەبێت بگیرێنە بەر بۆ بەرگریکردنی ئابڕویان کاتێک لە ئاوەکە دێنە دەرەوە؟ (جلوبەرگی تەنک پێوەدەنوسێت کاتێک تەڕ دەبێت. جلوبەرگی ئەستور لەبەرکە و خاولییەکەت ئامادەکە بۆ تیوەپێچانی بە زووترین کات کە مێینەکە هاتە دەرەوە لە ئاوەکە).
- دەبێت بڕوانامەی لەئاوهەڵکێشان پێیان بدرێت؟ (ئەمە کێشە نییە لە ڕۆژئاوا، بەڵام دەکرێت مەترسیدار بێت لە وڵاتانی توندی موسڵمان، بۆ هەردوو لەئاوهەڵکێش و لەئاوهەڵکێشراو. بەڵام هەندێک لە سەلماندنی لەئاوهەڵکێشان گرنگە. تاوتوێیکە.)

.

## شوشتنی نەریتی لە ئیسلامدا

لە ئیسلامدا، ئەوە فەرزە کە دەبێت دەستنوێژ هەڵبگریت (لە شوشتنی سەر و مەچەک و پێیەکان) پێش کردنی پێنج-نوێژی ڕۆژانە. کەمترینیان کە دەکرێت لەشپیسی (خوسڵ) کە کەمتر دەکرێت یان کە باوەڕ وایە کە هەرچی ناپاکی هەیە پاکی بکاتەوە. موسڵمانانی نوێ فێرکراون کە هەموو گوناحە کۆنەکانیان پاک دەبێتەوە هەر کە بوون بە موسڵمان، وە زۆرینەی ئەوان تەواو خۆیان دەشۆن بۆ لەشپیسی دەرکردن بە مەبەستی پاکردنەوە وەک هێمایە بۆ ئەوە. هەرچۆنێکبێت، بۆ ئەوانەی کە لە ئیسلامەوە بەردەکەنەوە بۆ لای مەسیح بەزۆری و زیاتر تیشک دەخەنە سەر لەئاوهەڵکێشان وەک هێمایە بۆ هەستانەوە بۆ ژیانێکی نوێ وەک لەوەی شوشتنی گوناحەکان.

# وانەی ١٥

## پاراستنی-یاسا و شەرع لە ئیسلامدا

وانەی ١٥-١٧ پەنجە دەخاتە سەر بابەتێکی زۆر گرنگ بۆ ئەوانەی بەردەکەنەوە بۆ لای مەسیح لە ئیسلامەوە. ئەمە لەبەرئەوەی 'یاسا' زۆر گرنگە لە ئیسلامدا. لەڕاستیدا، وشەی 'شەرع' کە وشەیەکی عەرەبییە بەس بەواتای یاسا نایات بە واتا تەسکەکەی، بەڵام بە واتای تەواوی ڕێگەی ژیان دێت. هەر وەک زانایەکی موسڵمان بەناوی بەدرو کەیتراگا نوسیویەتی، شەرع "هێمایەکی هەڵسوکەوتی وردەکاری کراوەی موسڵمانانە بۆ شوێنکەوتن، بۆ هەردوو ژیانی تایبەتی و گشتییان". بە کەسەکان دەڵێت کە "چۆن نان بخۆن، میوانیان بۆ بێت، کرین و فرۆشتن، سەربڕینی ئاژەڵان، خۆ پاککردنەوە، خەوتن، چوون بۆ ئاودەست، ڕێبەرایەتی دەسەڵات، ڕاهێنانی دادپەروەری، نوێژ" (کەیتراگا و شێنک: ئیسلام و مەسیحییەت، ڕۆژنامەوانی ئوزیمە، کێنیا (١٩٨٠)، پەڕەی.٦٨). بەمجۆرە، موسڵمانی ڕاسگۆ شەرعی دەوێت نەک تەنها خشتبری ژیانی خۆیان، بەڵام هەروەها تەواوی کۆمەڵگا و کەلتور. باوەڕیان وایە کە گوێڕایەڵیکردن بەرەکەتی خودا دەهێنێت لە ئەم ژیانەدا و وە پاداشتەکەی لەو ژیانی دووایی وەردەگیرێت.

ئەو خەڵکانەی کە واز لە ئیسلام دەهێنن ڕەنگبێت دڵشادبن بە سەربەستیان لە ئەم هێمای هەڵسوکەوتی وردەکاری کراوەیە، بەڵام وەک پرسیارێکی مەتەڵ ئاسا کە بیری لێبکرێتەوە لەگەڵیان دەمێنێتەوە. هەر کەسێک 'یاسا' جێبەجێ بکات چ جێگەیەکی دەبێت لە ژیانی مەسیحییەتدا؟ ئەگەر هیچ جێگەیەکی نەبێت، ئەوا ئایا ئێمە سەربەستین لە هەرچی دیکەین و دڵخۆشین پێی؟ ئەگەر جێگەیەکی هەیە، ئینجا سروشتەکەی چییە و کرۆکەکەی چییە؟ بۆچی ئێمە گوێڕایەڵی ئەم 'یاسای' خۆشەویستییە دەبین': بۆ بەدەستهێنانی پاداشت یان لەبەر خاتری خۆت؟ چۆن دەتوانین ئەو دەستنیشانکراوانە بدۆزینەوە، بۆ نمونەوە، کەی بەڕۆژوو بین و چەند ببەخشین؟

چ بنەمایەک ڕێنمایی ئێمە دەکات گوێڕایەڵی مەسیح ببین وەک یەزدان کاتێک کە ئەوەندە کەم ڕێنیشاندەری وردەکاری کراوە هەن بەراورد بە شەرعی ئیسلام؟

بەمجۆرە، پێشینەی ئاینی بۆ وانەی ١٥-١٧ جیاوازە لە ڕۆژئاوا. لەگەڵ ڕێزم، نزیکترە لە پێشینەی ئاینی کتێبی پیرۆز (گەرچی جیاوازییەکانیش هەن لە نێوان یاسای موسا و شەرعی ئیسلام). مەبەستی یاسای خودا لە پەیمانی کۆندا، لەلایەن فەریسییەکانەوە هەڵسوکەوتی خراپی پێوە کراوەوە و وە 'یاسای خۆشەویستی' نوێ لەلایەن عیساوە فێرکراوە، هەموو ئەمانە بە ئاستێکی بەرز پەیوەستن بە ب.پ.م.

ئەگەر مادەکان لەم بەشەدا بۆ تۆ نوێن، داوا لە هاوڕێیەکی ب.پ.م بکە بۆ لێدوان لەسەری لە تێڕوانینی خۆیانەوە. هەندێک لە موسڵمانانی پێشو یارمەتی دراون بە تێگەیشت لەوەی کە ئێمە لەلای مەسیح لە ژێر جۆرێک لە شەرعی نوێ دەژین. هەندێکیش کاردانەوەیەکی و هەستێکی ورژێنەریان هەیە بەرامبەر بە وشەی شەرع لەبەرئەوەی وەک کۆڵەپشتی ڕابردوو وایە لایان، بەڵام هەر دەبێت لەو چەمکە تێبگەن کە ئێمە گەورەیەکی نوێ خزمەت دەکەین و وە سەربەست نین لە هەرچی خوازیارین بیکەین.

## موسڵمان و ڕێگای ڕاست

هەموو ڕۆژێک موسڵمانان نوێژ دەخوێنن و دەڵێن، "ڕێنمایمان بکە بۆسەر ڕێگای ڕاست"، ئەوان وا فێرکراون کە هەزاران پێغەمبەر هاتوون کە ڕێگای ڕاستمان فێر بکەن. تەنها هەندێک لەمانە ناویان هێندراوە لە قورئاندا و، سەرنجڕاکێشانە زۆربەی ئەوانە لە پەرتوکی پیرۆزدا هەن: ئادەم، نوح، ئیبراهیم، موسا، داود، عیسا و هەندێکی دیکەش. (موسڵمانان پێیان دەڵێن ئادەم، نوح، ئیبراهیم، موسا، داود و عیسا).

موسڵمانان باوەڕیان وایە کە هەموو پێغەمبەران هاتوون کە 'ڕێگای ڕاستی' خودا شەرع نیشانی مرۆڤ بدەن، کەواتە بە شوێنکەوتنی ئەمە دەتوانن پاداشتیان و بەرەکەتیان دەستبکەوێت. هەرچۆنێکبێت، تەنانەت ئەگەر ئێمە بشزانین ڕێگای ڕاست چییە و بمانەوێت شوێنی بکەوین، ئایا بەڕاستی دەتوانین بیکەین ئەگەر وایە؟ ئەگەر وانییە، بۆچی نا؟ ئەمە خاڵی-دەستپێکردنی ئاینی وانەی ١٥.

## گوناحە 'گەورەکان' و 'بچوکەکان'

موسڵمانان فێرکراون کە هەندێک گوناح زیاتر ڕشت ترن لە ئەوانی دیکە. ڕەنگبێت خودا گوناحی 'بچووک' پشتگوێ بخات وەکو درۆکردن، بەڵام گەورەکان زیاتر ئەگەری سزادانیان هەیە، هەروەها، ئەگەر کەسێک نیاز و نیێتی هەبوو لە دڵیاندا شتێک بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا نایکەن، ئەوا گوناح نییە. ئەمە بە جیاوازییەوە لە دژی فێربوونەکانی مەسیح دەوەستێتەوە کە هەوەسبازی لە دڵدا گوناحە، وەک داوێنپیسی (بڕوانە پرسیاری ١٣).

ئەم کەرتە ئەوە فێردەکات کە یاسای پیرۆزی مەسیح بە پێوانەیەکی زۆر بەرز دامەزراوە. بە هەستێکی ڕەوشتانەوە، زۆر قورسترە لە شەرعی ئیسلام بۆ جێبەجێکردن لە شەرعی ئیسلام، تەنانەت ئەگەر بە ئاسانیش دەرکەوێت لە خاڵی ڕوانینی نەریتییەوە.

# وانەی ١٦

## هاندانی' موسڵمانان بۆ گوێڕایەڵیکردن

وانەی ١٦ بەردەوام دەبێت لەسەر گفتوگۆی یاسای خودا، کەوا دەستی پێکردووە لە وانەی ١٥ (بڕوانە ئەوێ بۆ شیکردنەوەی گشتی). خاڵی-دەستپێکی ئەم وانەیە جیاوازیی نێوان گوێڕایەڵیکردن بۆ یاسای خودا بەبێ هیچ هیوایەک بۆ پاداشت یان ترسان لە سزادان، و وە گوێڕایەڵیکردن پەرچدانەوەی دەبێت بۆ سوپاسگوزاری بۆ هەموو ئەو شتانەی ئەو بۆ ئێمەی کردووە. ئەمە بارێکی تێڕوانینی بنەڕەتییە کاتێک موسڵمانێت بەردەکاتەوە بۆ لای مەسیح.

ئێمە خۆشماندەوێت لەبەرئەوەی خودا یەکەمجار ئێمەی خۆشویست، وەک نیشاندراوە لەلایەن مردنەکەی مەسیح لەسەر خاچەکە. لەبەرئەوە، لە بەرسڤدا، ئێمە دەمانەوێت گوێڕایەڵی 'یاسای خۆشەویستی' بین کە خودامان خۆشبوێت بە هەموو دڵمانەوە، و نزیکەکانمان وەک خۆمان.

## موسڵمانان، ب.پ.م و میوانداریێتی

زۆرێک لە ب.پ.م لە کەلتورانێکەوە هاتوون کە میوانداری زۆر بە بەرزی دەنرخێنن. بە جیاوازییەوە، مەسیحییەکان لە ڕۆژئاوا زۆریان ماوە فێربن لە ڕووبەری بەخێرهاتنی خەڵک بۆناو ماڵەکانی خۆمان. ئەگەر ب.پ.م هات بۆ ماڵەکەت بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشەکی، ئایا ئەو بەخێرهاتن دەکرێت تەنانەت بەبێ دیاریکردنی کاتێک پێش ئەوەی بێت؟

ئەگەر خەڵک لە کڵێسەکەی تۆ بە ب.پ.م بڵێن ئەوان 'خێزان و کەسوکاری' ئەون، ئایا ئەوان ئامادەن ئەو ببەنەوە بۆ ماڵەوە کاتێک خێزانەکەی خۆی ئەویان دەرکردە دەرەوە و وە ئەو پێویستی بە جێگەیەکە کە لێی بژێت؟

# وانەی ١٧

## ب.پ.م و ڕێنیشاندەری وردەکاری کراوەی شەرع

پاش پوختەکردنی فێرکردنی سەرەکی لەسەر خۆشەویستی خودا لە وانەی ١٥ و ١٦، ئەم وانەیە داوا دەکات شوێنکەوتوانی مەسیح چۆن کردار بکەن لەسەر ئەمە بە کردەیی، کاتێک ئێمە هەمان جۆری ڕێنیشاندەری وردەکاری کراوەمان نییە کە لە ئیسلامدا بیندراوەتەوە.

ئێمە بە تایبەتی دەڕوانین لە دوو لە 'پایەکانی' ئیسلام کە موسڵمانان پێیان وتراوە کوتومت چی بکەن. ئەوان دەبێت بەڕۆژووبن لە ڕۆژهەڵاتنەوە بۆ ڕۆژئاوا بوون بۆ مانگی ڕەمەزان و دەبێت بڕێکی دیاریکراو لە سامانەکەیان وەک زەکات خۆبەخشانە ببەخشن. دەبێت شوێنکەوتووانی مەسیح چی بکەن لە ئەم پرسانەدا؟ ئەم وانەیە بنەماکانی بابلیکا فێردەکات، لە کاتێکدا دان بەوەدادێنن کە کڵێسای جیاوز داواکارییان لێدەکەن لە ڕێگەی جیاوازەوە. کەواتە، وەک فێرکارێک، سەربەستی لەوەی فێرکردنەکانی کڵێسای خۆت فێر بکەی، بەڵام ئەوەت بەبیربێت گرنگترین شت ئەوەیە بۆ باوەڕداران لە بنەماکان تێبگەن. هەوڵ بدە هاوسەنگی بێێکی لەنێوان پێدانی ڕێنیشاندەرێکی دیاریکراو ئەگەر ئەوان ویستیان، بەڵام نەک جڵەوگیرکردنی ژیانیان. یارمەتییان بدە گوێڕایەڵی عیسا بن وەک یەزدان و شوێن ڕێنمای ئەو بن سەرەڕای هەموو شتێک.

## ب.پ.م و ڕەمەزان

لە زۆرێک لە وڵاتانی موسڵمان، ڕەمەزان کاتێکی تایبەتییە بۆ هاوبەشی خێزان. ئاگاداری ئەوەبە ئەمە کاتێکە لەو ساڵەدا کە ب.پ.م ڕەنگبێت بەتایبەتی بیری خێزانەکانیان بکەن. (کاتێکی تەنیایی تر لە جەژنی لەدایکبونی مەسیحە (کرسمس)، کاتێک مەسیحییەکان سەرقاڵن بە خێزانەکانی خۆیانەوە و ئەوەیان لەبیرکردووە کە موسڵمانی پێشینە بە گۆشەگیری بەجێ ماوە بەبێ کەس یادی لەگەڵ بکاتەوە).

بۆ ئەو ب.پ.م کە هەر لەگەڵ خێزانە موسڵمانەکانیان دەژین، پەروین دیلەمما یەکێکی ڕاستە، ئایا بەژداری ڕەمەزان بکات یان نا بۆ بەڕۆژووبوون. هەندێک مەسیحی باوەڕیان وایە ئەمە ڕێگەیەکی گونجاوە دڵسۆزی نیشانی خێزانەکەت بدەی؛ باوەڕدارەکە دەتوانێت لەبەر خاتری عیسا بەڕۆژووبێت نەک لەبەر فەرمانێکی ئیسلامی، و خۆلادانیشە لە چەوسانەوەیەکی ناپێویست لەسەر پرسێکی-نا-پێویست، بۆ نیشاندانی شایەتییەکی ڕوون و ئاشکرا و خۆلادان لە گزی. بەڵام ئینجا، ئەمە بەڕۆژوو نەبوون نییە شایەتییەکی باشە، ئەگەر موسڵمانان والێبکات کە بیربکەنەوە کە مەسیحییەکان تەمەڵن لە ئەم پرسەدا؟

ئەم خاڵی تێڕوانینە جیاوازانە لەگەڵ خوێندکارەکەتدا تاوتوێ بکە، ئەوەت لەبیربێت ئەوە بەزۆری دەکەوێتە سەرە بارودۆخی خێزانەکانیان. وە ئەگەر ئەوان بڕیاریاندا بەڕۆژوو نەبن لە ڕەمەزاندا، ئایا ئەوان هەوڵ دەدەن بەڕۆژوو بن لە هەندێک کاتی دیکەدا، هەر وەک یەزدان ڕێنمای دەکات؟

## موسڵمان و بەخشین

لە زەکات یان خێرخوازیدا، بڕەکە دیاریکراوە لە سەدا ٪٢.٥ ی موسڵمانان لەو دەستمایەی بەردەستی هەیەتی پاشەکەوت کراوە هەر ساڵێک (نەک داهاتەکەیان)، لەگەڵ هەندێک ڕێنیشاندەری وردەکاری کراوە کە چۆن ئەو بڕە لێکبدرێتەوە ساڵی جارێک. تاکەکان سەربەستن کە هەڵبژێرن بیدەن بە کێ، گرنگ ئەوەیە هەندێک لە پێوەرەکان بگرێتەوە وەکو یارمەتیدانی هەژاران یان بڵاوبوونەوەی ئیسلام. هەروەها، زۆرێک لە موسڵمانان خۆبەخشانە دەبەخشن لە ماوەی ساڵەکەدا بۆ ئەم مەبەستانە، یان بۆ خەرجییەکان و تێچووەکانی مزگەوت هتد.....

# وانەی ١٨

## موسڵمانان و جادوو

ڕۆژئاواییەکان ڕەنگبێت سەرسامبن بەوەی کە بزانن کە 'چارەنووس' و 'جادوو' چەمکێکی زۆر گرنگن بۆ زۆرێک لە موسڵمانان لە سەرانسەری جیهان. بە درێژایی مێژوو، ئەم بیروباوەڕە جێگیر بوو لە نێو زۆرێک لە کەلتورەکان پێش ئەوەی خەڵک ببێت بە موسڵمان، و بەرئەنجامی تێکەڵ ناسراون وەک 'فۆلکلۆری ئیسلامی'. هەروەها، لە ئیسلام خۆیدا، ئەڵلا چارەنووسی بەدەستە، ئەگەر ئەو پێشەکی بڕیاری هەموو شتێکی داوە و مرۆڤ ناتوانێت هیچ بکات بۆ گۆڕینی، ئەمە جەختکردنەوەی چارەنووسە وەک جڵەوگیرکردنی ژیانیان، زیادلەوش، لەبەرئەوەی ئەڵلا ئەوەندە بەرزی بیندراوە،

موسڵمانان دڵنیانین ئەگەر ئایا ئەو بەقوڵی خەمی کێشەکانی ئەوانییانە یان گوێ لە نوێژەکانیان دەگرێ، کەواتە ئەوان هانا دەبن بۆ یارمەتی بۆ ناوبژیوانێک یان پیاوچاکێکی ڕوحی کە لەوە دەچێت ئەو زیاتر دەستی بگات بە خودا. هەموو ئەم هۆکارانە کاریگەرە لەسەر موسڵمانانی ئەمڕۆ.

گەران بە شوێن وەڵامی نوێژەکان یان هێزێکی ڕوحی یان زانیارییەکی شاراوە، هەندێک لە موسڵمانان بەرەوە چالاکییەکی ڕاستەقینەی نەزانراو دەبات. لەپاش بەرکردنەوەیان بۆلای مەسیح، ئەوان ڕەنگبێت پێویستیان بە ڕزگاری بێت لەدەست بەستنەوە. بۆ ئەوانی دیکە، ڕەنگبێت کاریگەری گشتی کەلتوری زیاتری، ب.ن. بەستنی چاوەزار و نوشتە لە مەچەک یان ترۆمبێلەکانیان بۆ 'پارێزگاری'. ئەوانی دیکە ڕەنگبێت کاریگەرییەکی کەمی ڕابردویان لەسەر بێت وەک ئەمە.

وانەی ١٨ فێربوونی بابلیکان دەدات لەسەر ئەم بابەتە. بەڵام بەس خاڵەکانی چالاکییە هەڵەکان دەردەخات کە کاریگەری کەمتری هەیە وەک لە سەرنجدانی تێڕوانینە بنچینەیەکانی جیهان. ئەگەر ب.پ.م بتوانێت بە ڕاستی متمانە بە مەسیح بکات کە بەو هەموو ڕێگە دوورەوە هاتوتە خوارەوە بۆ ئاستی ئێمە (گەرچی بۆ هەستپێکردنی ژانەکانی ئێمە) و ئینجا هەستاوەتەوە بەبەرزی بۆ سەرو هەموو هێزە ڕوحییەکان (بۆ سەرکەوتن بەسەر هەموو ئەواندا)، ئینجا لە کاتە پێوسیتەکاندا زۆر نزیکە کە ئەوان هانا بۆ مەسیح خۆی بەرن بۆ یارمەتی وەک لەوەی بۆ جێگرەوەکان. هەروەها، مردنی مەسیح زاڵبوون بوو بەسەر هێزی تاریکیدا و ئێمەی سەربەستکرد لە ژیانی ترسی ئەو هێزی نەگریس و ئەهریمەنانە.

## موسڵمانان و هێزی ڕوحی

زۆرێک لە موسڵمانان باوەڕیان بە 'هێزی ڕوحی' هەیە وەکو:

- پەرییەکان، پێکهاتووە لە هەندێک ناویش کە لەناو پەرتوکی پیرۆزدا هاتووە وەک جبرائیل، هەروەها لەگەڵ پەری کەسی تایبەت کە خراپە و چاکەی کەسەکە تۆمار دەکات؛
- 'چاوی پیس' کاریگەری بەغیلییەکی نەبیندراوە کە دەتوانێت زەرەر بە خەڵک بگەیەنێت، وەکوساوایەک کە بۆجوانییەکەی پێناسە کراوە.
- چارەنووس، لە ڕوانگەی ئەوەی کە چارەنووس لە نێوچاوانی خەڵک تازە نوسراوە و ئەوان ناتوانن هیچ بکەن بۆ گۆڕینی؛
- خێو، بوونی ڕحی کە دەکرێت باش بێت یان زۆربەی جار نەگریس و خراپ، بۆ نمونە هۆی دروستبونی نەخۆشی و شێتی؛
- ڕوحی پیس یان نەگریس، هاوشێوەی چەمکی بابلیکانە.

ئەندامەکانی کۆمەڵەکە ڕەنگبێت پێناسەی هەندێک ڕاهێنان و بوونی نەگریس جیاواز بکەن کە لەلایەن موسڵمانانەوە بەکاردێت بۆ چوونەدەرەوەی لە ناوچەی کاریگەری نەگریس و پیسدا، ئەمانەش بریتین لەوانە: چاوەزار و نوشتە بۆ خەڵک یان ترۆمبێل، جوانکاری، وێنەی چاوێک هتد.......

هەروەها ئەمەش باوە لە نێو موسڵماناندا کە باوەڕیان بە بەرەکەت هەیە، کە 'بەرەکەتی' نەبیندراوە کە لە خەڵکانی پیرۆزدا هەیە یان شوێنێکی پیرۆز (بە گۆڕە پیرۆزەکانەوە، شەخس، یان کەسایەتییە پیرۆزەکان)، و کە وا دەبینن کە ئەوان جەستەییەن لێت نزیک دەبنەوە.
هەندێکجار خەڵک پەرۆ لە دارەکان دەبەستێت لە نزیک مەرقەدەکان وەک بیرهێنانەوەکی نوێژ یان ئەو بەڵێنانەی داویانە لەوێ. یان ئەوان ڕەنگبێت بەڵێنی دڵسۆزی بدەن بۆ ڕێنمای ڕوحی کە پێی دەڵێن شیخ و دەروێش و مەلا و پیاوچاک، وە ڕەنگبێت ناوی جیاوازیشی پێ بڵێن لە پارچە جیاوازەکانی جیهانی موسڵماناندا)، بە کوێرانە گوێڕایەڵی ئەوان دەبن و داوای میانگیری و ناوبژیکردن دەکەن لەگەڵ خودا.

هەندێک موسڵمانان جۆرێک لە بەخشین دەدەن کە پێی دەڵێن سەدەقە (ب.ن. پارە بەخشین یان سەربرینی مەڕێکی ڕەش) بۆ مەبەستێکی دەستنیشانکراوە وەکو چارەسەر. ئەمە جیاواز لەگەڵ قوربانی ساڵانە کە دەکرێت بۆ یادی ئیبراهیم.

## پرسە و سەرەخۆشی دانان

لە زۆربەی کەلتوری موسڵماناندا ئەوە باوە کە بەپەلە سەردانی جگەرسوتاو بکەیت کە کەسێکی لێ مردووە، لەگەڵیان دانیشی و هاوبەشی خەمیان بیت. ئەوە گرنگترین ڕێگەیە کە هاوخەمی و یەکگرتوییان نیشان بدەی، و وە زۆرتر نزیکە لە کەلتوری پەرتوکی پیرۆز لە کۆندا (ب.ن. یۆحەنا ١١ ) وەک لە ڕۆژئاوای ئەمڕۆ.

هەرچۆنێکبێت، ساناترین ڕێگەی کە موسڵمانان هەوڵ دەدەن هێمنی و ئاسودەی بدەنە جگەرسوتاوەکە وتنی ئەمەیە 'ئەوە ویستی خودا بوو'، ئێمە تەنها دەبێت چارەنووسی خۆمان پەسند بکەین، لە پرسیاری ٧ ئێمە ئەوەمان پێشنیار کرد کە ب.پ.م دەتوانن ئاسودەیی و هێمنی قوڵتر پێشنیاز بکەن، لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی جیاوازی خودا: خوایەک کە دێتە نزیک و ئازارەکانمان هاوبەش دەکات.

## وانەی ١٩

### پێ شووشتن لە کەلتوری موسڵمانان

زۆرینەی موسڵمانان لە ناو کەلتورانێکدا دەژین کە وا بیردەکەنەوە پێیەکان زۆر پیسن، بەزۆری لە ڕۆژگارەکانی مەسیح دەچێت. بۆ 'بەرزکردنەوەی پاژنەپێی یەکێک' لە بەرامبەر کەسێک یان پێڵاوێک لە کەسێک بگریت، ئەمە لە سوکایەتییەکی زۆر گەورە دەچێت. شووشتنی پێی کەسێکی دیکە، ئینجا، ئەوە ڕێگەیەکی قوڵی نیشاندانی نمونەیەکی سادە و ساکاری مەسیحە.

### دۆزی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەکانی ب.پ.م (دۆز واتە کێشە)

بڵاوەپێکردن و ناکۆکی لە نێوان هاوەڵانی ب.پ.م زۆر بە پەرۆشییەوە باوە، لە هەردوو وڵاتانی موسڵمانان و ڕۆژئاوا. بۆ تاکێکی موسڵمان ببێت بە شوێنکەوتووی مەسیح زۆر قورسە؛ بۆ ئەو شوێنکەوتووانەی کە کۆدەبنەوە پێکەوە وەک کۆمەڵێک قورستر و سەختترە؛ بۆ ئەو کۆمەڵەیەی بە یەکگرتوی بمێنێتەوە لە ژێر ڕێبەرایەتی ڕێبەرێکی پێگەیشتوو هەر سەخت و قورسە. پەیوەندییەکی باشی کۆمەڵەی ب.پ.م زۆر بابەتێکی گەورەی گرنگە!

خولی 'وەرە شوێنم کەوە' بۆ باوەڕدارانی نوێیە، کەواتە زۆر بەدەگمەن دەستی وەرداوە لە دۆز و کێشەکانی ڕێبەرایەتی. ئەمانە بە کورتی پێناسێندراون لێرە لە ئەم وانەدا، بەڵام تۆ دەتوانی پێداچوونی زیاتری بۆ بکەی لە ئایندەدا، کاتێک خوێندکارەکان ئامادە بوون بۆی.

## وانەی ٢٠

### موسڵمانان، گەشت و بەهەشت

بۆ موسڵمانان، گەشتکردن بۆ مەکە ئەرکێکی ئایینیە ساڵی جارێک بەلانی کەم لە ژیانیاندا ئەگەر بتوانن، گەرچی ئەمە تەنها بۆ ڕێژەیەکی کەمی موسڵمانانی جیهان دەگونجێت و وە وەک بەرژەوەندی دەبیندرێت. ئەم خولە ئاسانکاری کردووە دەربارەی 'پایەکانی' ئیسلام بە ڕێگەی جیاواز، سەرەڕای ئەوەش دڵەڕاوکێی زۆریان لەسەر دروست مەکە لەوەتای ئەوان ب.پ.م وایان پێباشترە پاکانە لە چەمکی ئیسلام دابڕێن.

لە ئەم وانەدا، بەراوردییەک کراوە لەسەر ژیانی مەسیحێتیدا وەک گەشتێک بەرەو ئاسمان (پەرتوکی بەناوبانگی بەرەوپێشچوونی گەشت پلیگریمس پرۆگرێس) ئەم بەراوردییەش دەکات). لە ئیسلامدا، ئاسمان بە بەهەشت پێناسە کراوە بە چەندەها لەزەتەوە. لە وانەی ٢٠، فێرکراوین سەرەکیترین خۆشی ئاسمان ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ خودا خۆی دەبین و لە نزیک بوونەوەی ئەو خۆشی دەبینین تاهەتایە. موسڵمانان باوەڕیان بەوەیە کە بەسەر پردێکی تەسکدا دەپەڕنەوە بۆ بەهەشت. لە موی سەر باریکترە و ڕەنگبێت بە ئاسانی بەربینەوە.

### ئۆرشەلیم و زایۆنیزمی

ئەمە بابەتێکی گفتوگۆی گەرمە لەگەڵ موسڵمانان، و ب.پ.م زۆربەی جار خستونیە دووڕیانێکەوە. ئەو موسڵمانانەی کە لەگەڵیان گەورە بوون ڕەنگبێت وایان فێرکردبن کە ڕقیان لە جولەکەکان بێت و وە ڕەتدانەوەی توندیان هەبێت لە دژی زایۆنیزم. بەڵام، بوون بە شوێنکەوتووی مەسیح، دەبێت ئەوان لەنگەر بگرن لە تێگەیشتنی پەیمانی خودا لەگەڵ گەلی جولەکە لە پەیمانی کۆندا و لەگەڵ ئەو پارچانەی کە یادیی 'زایۆن' دەکاتەوە. زیادلەوەش، ئەوان ڕووبەڕووی لێکدانەی جیاوازی مەسیحییەکان لەسەر پێغەمبەرایەتی دەبنەوە دەربارەی جوولەکەکان، لەگەڵ هەندێک لە مەسیحییەکان کە لەوە دەچێت پشتگیری هەموو کردارێکی هاوچەرخی نەتەوەی ئیسرایل دەکەن و تەنانەت عەرەبەکان وەک نەیاری ئیسرایل دەبینن. هێشتا ئەگەر ب.پ.م لایەنگری هەڵوێستی ئیسرایل بوون ئەوا لە لای خزمەکانی ئەو تێڕوانینە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان ناپاکن. دەشێت سەرلێتێکچون و بە زیان بێت هەموو ئەمانە بۆ ب.پ.م. کەواتە ئەوان چۆن دەتوانن هەموو ئەمانە لە سەر و دڵیاندا جێیکەنەوە؟ ئەم وانەیە تەنها بە کورتی دەستی بردووە بۆ ئەم گرفتە و وە پێویست بە تۆ ناکات بچیتە وردەکارییەوە، بەڵام تۆ پێویستە وریای هەستیارێتی بێت.

لە وانەی ٢٠ لەسەر گەشتکردن، ڕەنگبێت گفتوگۆ باداتەوە بۆ پرسیاری ئۆرشەلیم. بەم ڕۆژگارە عەرەب و جوولەکە هەردووک دەیانەوێت بەسەر ئۆرشەلیمدا زاڵبن. شوێنکەوتووانی مەسیح پێویستە لایەنگری کامیان بن؟ مەسیحی جیاواز بۆچوونی جیاوازی هەیە لەسەر ئەمە. هەندێک خاڵی پەیوەستیدار و پەیوەندیدار:

- شوێنکەوتووانی مەسیح پێویستە هەمیشە لایەنی دادپەروەری بگرن، و کردەوەی هەردوو عەرەب و جوولەکە بەپێی ڕووانگەکان هەڵسەنگێنن.
- عیسا ئاراستەی نوێژی گۆڕی (قیبلە) کەواتە ئۆرشەلیم ناوەندی باوەڕی ئێمە نییە.
- هەندێک عەرەب شوێنکەوتووی مەسیحن، و هەروەها هەندێک جوولەکەش شوێنکەوتووی مەسیحن. گەلی مەسیح لە هەر نەتەوەیەکیان بن خوشک و برای ڕوحی ئێمەن.

# بەشی ب:

# ڕێنیشاندەری وانەکان

# پێشەکێتی کۆبوونەوە

| ئامانجی هەر خوێندکارێک: | ئامادەکاری: |
|---|---|
| ا. دڵخۆشبی دەربارەی خولەکە و پابەندبی بە تەواوکردنی خوێندنی ماڵەوەی ئەم هەفتەیە.<br>ب. تێگەبگەیت لەوەی کە چۆن خوێندنی ماڵەوە بخوێنیت بۆ هەموو وانەکان.<br>پ. پارەی پەرتوکی خولەکە بدە یان بەڵێن بدە هەفتەی دواتر لەگەڵ خۆتدا بیهێنی. | پابەندبوون بە ڕێنمای خوێندن بۆ هەموو قوتابییەکان. |

## کردنەوە

**پێشەکی:** ئەگەر ئەمە کۆمەڵێکی نوێیە، داوا لە هەموویان بکە خۆیان بناسێنن. دەکرێت هەریەکەیان شتێک دەربارەی ژیان و خێزان و ئیشی خۆیان بڵێن ئەگەر گونجاو بوو. هەرچۆنێکبێت، ئەگەر هەر ئەندامێکیان نەیویست زۆر بڵێ تاکو متمانەی تەواو بە کۆمەڵەکە دەکات، ئەوا ئاساییە.

**کردنەوە بە نوێژ:** داوا لە خودا بکە پارمەتیمان بدات کە هەموومان کەڵک وەربگرین لە کردنی ئەم خولە پێکەوە.

## شیکردنەوەی خولی وەرە شوێنم کەوە

### "چی؟" – ناوەڕۆکی خولەکە

**پەرتوکی خوێندن:** یەک پەرتوکی خوێندن بدە بە هەر یەک لە خوێندکارەکان.

باشتر وایە هەموویان پارەی پەرتوکەکانیان بدەن، هەر وەک بەم ڕێگایە زیاتر نرخەکەی دەزانن. بەڵام ئەوە بڕاردەی خۆتە ئایا دەتەوێت داوای پارە بکەیت یان نەخێر. بۆ هەر خوێندکارێک کە ناتوانێت بخوێنێتەوە یان لەسەرخۆیە لە خوێندنەوەدا، بڕوانە بڕگەی خوێندکاری زارەکی لە 'پرسیارە پەیتاپەتیا کراوەکان' لە بەشی ئەلف پەڕەی ١٢ لە ئەم ڕێنیشاندەری ڕاوێژکارەدا.

**پەرتوکی خوێندن بکەرەوە لە پەڕەی ج:** ناوەڕۆک.

- داوا لە ئەندامێک بکە ڕیزبەندی بابەتەکان بخوێنێتەوە.
- داوا لە ئەندامەکان بکە بە جووت هاوبەشی بکەن کە بۆ کام وانە بەزۆری چاوەڕوانی دەکەن بیخوێنن، و لەبەرچی؟ ئینجا دەبێت ئەمە هاوبەش بکەن لەگەڵ هەموو کۆمەڵەکەدا.

### "لەبەرچی؟" – مەبەستی خولەکە

**مەبەستەکانی خولەکە:**

- مەبەستی ئەم خولە بۆ پارمەتیدانی ئێمەیە بۆ گەشەکردنمان وەک شوێنکەوتووی مەسیح.
- ئێمە هەموومان پێکەوە خوێندکارین، منیش هەر وەک تۆ. پێکەوە، دەمانەوێت لە خودا نزیک ببینەوە، ئەو باشتر بناسین، متمانەی پێبکەین، گوێڕایەڵی ببین و دەوری خۆمان ببینین لە کۆمەڵگەی مەسیحدا.
- شیکردنەوە: "کۆمەڵێک لە ئەفغانییەکان کە ئەم خولەیان پێکەوە خوێندووە دەڵێن 'توانای ئەم پەرتوکە ئەوەیە کە هەموو برایەک و خوشکێک، گەنج یان پیر،- ئەو ئەزمونە ناخۆشانەی کە لەژیانیاندا پێیدا تێپەڕیون - دەرفەتیان هەیە سەربەستانە هاوبەشی بکەن وەکو بیرکردنەوەکانیان و پرسیارەکانیان و کێشەکانیان و زامەکانیان. ئەوە ئەمەیە کە قوتابییەکان والێدەکات ئارەزوویان زیاتر بێت و دەکرێنەوە بۆ قسەکردن، و دەتوانن نوێژ بکەن نەک تەنها بۆ خۆیان، بەڵکو بۆ خەڵکی دیکەش".
- پرسیار بکە: "ئایا تۆ چاوەڕێیت پێکەوە فێرببین وەکو کۆمەڵە ئەفغانییەکە؟"

### "چۆن" – ڕێچکەی خولەکە

**پەرتوکی خوێندنەکە لە پەڕەی ت بکەرەوە** و پێکەوە سەیری هێڵکارییەکە بکەن.

- شیکردنەوە: ئەم خولە هەموو هەفتێک سێ ڕێچکە پێکەوە بەکاردەهێنێت:
  ١. **خوێندنی ماڵەوە** پارمەتیمان دەدات لە بیرمان بمێنێتەوە و لە فێرکردنەکە تێبگەین؛
  ٢. **گفتوگۆ** پارمەتیمان دەدات بۆچوونی خۆمان دەرببڕین و لە یەکدییەوە فێرببین؛
  ٣. **ئەرکی کرداری** پارمەتیمان دەدات گوێڕایەڵی وانەکان ببین لە ژیانی ڕۆژانەماندا.
- مەبەستی هەر بەشێک چییە: خوێندنی ماڵەوە، گفتوگۆ و ئەرکی کرداری؟
  ئەم پرسیارە بۆ پارمەتیدانە بۆ خوێندکارەکان تێبگەن لە ڕێچکەی خوێندنەکە.

**پەرتوکی خوێندنەکە لە پەڕەی چ بکەرەوە:** ڕێنیشاندەری بۆ خوێندکار.

- هەموو خوێندکارێک پێویستە یەک ڕستە بە بەرزی بخوێنێتەوە.
- پرسیار بکە ئەگەر هەر کەسێک لە هەر شتێک تێنەگەیشتووە.

## ڕوانین لە وانەی ١

**پێکەوە وانەی ١ بکەنەوە:** بوون بە شوێنکەوتووی مەسیح (پەڕەی ١).

- دوو برگەی یەکەم بخوێنەوە بە سەردێڕەکانیانەوە 'مەبەست لە ژیانی ئێمە'. هەروەها وتاری ناو بڵقەکە بخوێنەوە کە لە دوای ئەویانەوە دێت.
- بە وشەی خۆت پرسیار بکە، مەبەستی ژیانی تۆ چییە؟ تاوتوێی بکەن. خوێندکارەکان پێویستە بۆچوونی خۆیان بدەن. تۆ وەک ڕاوێژکار هەروەها پێویستە بۆچوونی خۆت هاوبەش بکەیت.
- یەک کەس پێویستە پرسیاری ٢ بخوێنێتەوە و ئینجا وەڵامەکانی بڵێت. ئاماژەی پێبکە کە چۆن پرسیارەکان دەپشکنن لە کۆتایی وانەکەدا.

**پشکنینی وەڵامەکانی خۆت:**

- پەرتوکەکە مامۆستای تۆیە. بۆیە لە کۆتای هەر وانەیەکدا وەڵامەکانت پێدەدات، بۆ ئەوەی وەڵامەکانی خۆت بپشکنیت. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە تۆ وەڵامەکان لە بەری پەرتوکەکە بگریتەوە! یەکەمجار وەڵامەکانی خۆت بنوسەوە، ئینجا بیانپشکنە بزانە ڕاستت پێکاوە.
- کاتێک وەڵامەکە دەڵێت 'بەرسڤی کەسی یان خۆت' یان 'بۆ گفتوگۆ'، ئەوا پێویست بە وەڵامی 'دروست' ناکات لەبەرئەوەی هەموو کەسێک بۆچوون و ئەزمونی خۆی هەیە.

**پرسیارەکان بۆ گفتوگۆ:**

- لە وەڵامەکانی وانەی ١، چ وەڵامێک دەدات بۆ پرسیاری ٥ یان ١٣؟
- ئایا ئەمە واتای ئەوەیە دەبێت ئەم پرسیارانە بە بەتاڵی بەجێبهێڵین و هیچ نەنوسین؟
- بۆچی گرنگە وەڵامی کەسی خۆمان بنوسین بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە، و بە بەتاڵی بەجێیان نەهێڵین؟"

'بەرسڤی کەسی خۆت.'

نەخێر ئەوە واتای ئەمە نییە! هەموو ئەندامێک هەر دەبێت بۆچوونی خۆیان بنوسن و ئامادە بن قسە بکەن دەربارەی لە کاتی گفتوگۆدا. زۆرجار خوێندکارەکان نوسینی ئەم بەرسڤی کەسی دەپەڕێنن، بۆیە ئێمە زۆر تەنگەژەین دەربارەی.

کاتێک ئێمە شتێک دەنوسین، وامان لێدەکات زۆر بە قوڵی دەربارەی بیربکەینەوە. وە بە باشتری بەبیرمان دێتەوە. هەروەها، شتێکمان پێدەبێت هاوبەشی بکەین لەگەڵ ئەوانی دیکە لە گفتوگۆدا.

## خوێندنی ماڵەوە

**تەواوکردنی وانەی پەرتوکی خوێندن هەموو هەفتەیەک:**

- پێش یەکتربینینی دواترمان، تکایە تەواوی وانەی ١ تەواو بکە لە کاتی خۆتدا.
- لە کۆتاییدا، تکایە پێداچوونەوەی وانە بکە. پرسیارەکانی لە پێداچوونەوەی وانە هەن پوختەی ئەو وەڵامانەن کە وەڵامت داونەتەوە لە وانەکەدا. کەواتە ئێمە وەڵامەکانمان نەداون بە تۆ. ئەگەر وەڵامەکان نازانیت، دووبارە وانەکە بژاربکەرەوە.

<table>
<tr><th colspan="2">دەرئەنجام</th></tr>
<tr><td>بۆ تەواوکردنی پێشەکیتی کۆبوونەوە:<ul><li>پرسیار بکە ئەگەر هەر کەسێک هیچ پرسیرێکی زیاتری هەیە.</li><li>شیکردنەوەی کات و شوێنی یەکتربینینی دواتر.</li><li>خوێندکارەکان بەبیربهێنەوە بۆ چاوپێداخشانی ڕێنمای خوێندنی وانەی ١ پێش یەکتربینینی دواتر.</li></ul></td><td>پێکەوە نوێژ بکەن:<br>داوا لە خودا بکە قسە لەگەڵ هەر یەکە لە ئێمە بکات ئەم هەفتەیە هەر وەک ئێمە دەستمان بە ئەم خولە تازە کرد.</td></tr>
</table>

# وانەی ١: بوون بە شوێنکەوتووی مەسیح

**ئامانجی هەر خوێنکارێک:**
ا. ڕەچاوی ئەوە بکات ئایا شوێنکەوتووی مەسیحە یان نەخێر.
ب. ئەگەر هێشتا شوێنکەوتووی مەسیح نییە، بزانێت چۆن ببێت بە شوێنکەووتو.
پ. لەبیربونی مەتا ١١: ٢٨

**سەرەداوی کەلتووری:**
- خاڵی دەستپێکردن لەگەڵ باوەڕدارانی بە پێشینە مسوڵمان (ب.پ.م)
- بڕواداری نوێ و بەرپرسیارێتی باجەکەی.

ئامادەکاری: پارچە ڤیدۆیەکی ئارەزومەندانە بۆ پ.١٥-١٨.

## کردنەوە

**نوێژ بۆ وانەی ئەمڕۆ بکە.**
**وانەی ١ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**
**پرسیاری ١:** ڕاهێنانکردن پێکەوە بە وتنەوەی ئایەتی لەبیربون (مەتا ١١: ٢٨). لە کاتی خوێندنەوەکەیدا، هەست بە چی دەکەیت؟
**پرسیاری ٢:** پرسیار لە خوێنکارەکان بکە چیان نوسیوە لە پەرتووکەکانیان.
هەریەکە دەتوانن بە نۆبە وەڵام بدەنەوە. یان دەتوانن پەرتووکەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن بۆ پشکنینی وەڵامی یەکتری.

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** ئەمڕۆ فێری ئەوە دەبین کە عیسای مەسیح چۆن بانگی شیمۆن پەترۆسی کرد تا ببێتە شوێنکەوتووی ئەو و وە ئێمەش چۆن دەتوانین ببین بە شوێنکەوتووی مەسیح.

ئەوە شیبکەرەوە کە کاتی تەواو بەردەست نییە بۆ گفتوگۆ لەسەر هەموو پرسیارێک، بەڵام هانیان بدە پرسیار بکەن لەسەر هەر پرسیارێک کە دەیبەڕێنیت ئەگەر ئەوان تێنەگەیشتبوون، و وە هەروەها درکاندنی هەر پرسیارگەلێکی دیکە کە هەیانە بەدەم فێربوونەوە.

## گفتوگۆ

### پێشەکی ( و پرسیارەکانی ١-٢)

**پێشەکی:**
داوا لە دوو کەس بکە بۆ خوێندنەوەی مەبەستی ژیان لە ڕوانگەی ئەو دوو پیاوەوە. پرسیارەکانی مامۆستاکە لەناو بازنە بڵقەکە بپرسە.
- مەبەستی ژیانی تۆ چییە؟
  مەبەستی خۆت هاوبەش بکە لە کۆتاییدا.



### بوون بە شوێنکەوتووی مەسیح (پرسیارەکانی ٣-٤)

**پرسیاری ٣:** پێکەوە ئەو برگەی ناو چوارگۆشەکە بخوێنەوە. پرسیارکە:
- کەسێک بەسەرهاتەکە بڵێتەوە بە دەربرینی خۆی، جیا لە برگەکە.
- وادائێ کە تۆ شیمۆنی. چ جۆرە هەستێکی جیاوازت دەبێت کە ئاوا عیسا ببینیت پەرجوو بکات؟
- کام چوار هەنگاوە بوو شیمۆن پەترۆس گرتیە بەر بۆ بوون بە شوێنکەوتووی مەسیح؟

ئەوانی تر با بۆشایەکان پڕبکەنەوە.
لەوانەیە: سەریان سوڕمابێت بە دەسەڵاتی. گوناحباربوون لە بەردەمی ئەودا. شەرەفمەند بوون بەوەی بانگکراون.
١ دوور بکەرەوە لە گوناح. ٢ تێگەیشتن لە باجەکەی.
٣ خۆت بە مەسیح بسپێرە. ٤ بەشداری کۆمەڵگەی مەسیح بە.

### هەنگاوی یەکەم: دوور بکەرەوە لە گوناح (پرسیارەکانی ٥-١١)

**پرسیاری ٨-١٠:** یەکەم برگەی بخوێنەوە لە پرسیاری ٨ و بڕوانە تەواوکاری ٢ (پەڕەی ١٥١).

ئەگەر کات هەیە، داوا لە خوێنکارەکان بکە با تەواوکاری ٢ بۆ یەکتری شیبکەنەوە.

- داوا لە دوو کەس بکە بۆ خوێندنەوەی وشەکانی ئیمران و شەفیق. عیسا کامیان پاک دەکاتەوە؟ بۆ؟

شەفیق، لەبەرئەوەی دەزانێت پێویستی بە عیسا هەیە.

- با هەریەکە دەربارەی خۆی بیر بکاتەوە. ئایا ئێمە بەزۆری لە ئیمران دەچین یان شەفیق؟

بەرسڤی خودی خۆت

- جیاوازی پەشیمانییبوون بە تەنها و تۆبەکردنی ڕاستەقینە چییە؟
- ئەگەر شەفیق بەڕاستی گەڕابێتەوە. چۆن بزانین؟

بڕوانە پ.٩. گەڕانەوە ڕۆیشتن بە ئاراستەیەکی تازەدا، گۆڕانکاری شێوازی ژیان. شیوازی ژیانی ئەو دەگۆڕێت.

## هەنگاوی دووەم: تێگەیشتن لە باجەکەی (پرسیارەکانی ١٢-١٤)

**پرسیاری ١٢:**

- بە بیری تۆ هەستی شیمۆن چۆن بووە دەربارەی هەڵسەنگاندنی شوێنکەوتنی عیسا؟
- ئایا دووچاری بڕیاری لەو شێوەیە بویتەوە لە ژیانتدا؟ ئایا بڕیارت داوە جارێ؟

ئەگەر خوێنکارەکان بڕوایان بە یەکتری هەبێت، لەوانەیە بڵێن ئەوان چوونەتە ژیانی عیساوە یان هەتا ئێستا هەر باجەکەی هەڵدەسەنگێنن.

**پرسیاری ١٣-١٤:** وشەکانی عیسا بخوێنەوە لە چوارگۆشەکەدا.

- بە بۆچونی تۆ ، واتای ئەم چیرۆکە چییە؟
- چ وەڵامانێکت نووسیوە بۆ پرسیاری ١٣؟
- شوێنکەوتنی عیسا ئەو باجە گەورانە دەهێنێت؟
- چ وەڵامێکت نووسیوە بۆ پرسیاری ١٤؟

شوێنکەوتنی عیسا لەوانەیە باجەکەی زۆر بێت، بەڵام ئەوە دەهێنێت. ئەو زۆر بە بەها ترە لە گرانترین مرواری! ئەوە دەهێنێت شوێنی کەویت.

ئەو تەنانەت نرخێکی لەمەش مەزنتری داوە

## پرسیاری سێیەم: خۆت بە مەسیح بسپێرە (پرسیارەکانی ١٥-١٨)

**یاری متمانە بکە:** ئەم چالاکییە لەوانەیە بۆ هەندێک تەمەن و جۆرە خەڵکانێک باش بێت، بەڵام بۆ هەموان نا. بڕیار بدە ئەگەر گونجاو بێت بۆ خوێنکارەکانت. یان تەماشای پارچە ڤیدۆیەک بکە دەربارەی چارلیس بلۆندین، وە پاشان پرسیارەکان بگونجێنە.

- ئەندامانی کۆمەڵەکە بە جووت جیا بکەرەوە بە پێوەری هەمان بەرزی و کێش، و هەمان ڕەگەز. کەسێک کەوتەرە (واتە خۆی دەخات) کەسێکیش گرەوەیە (واتە دەیگرێتەوە). کەوتەرەکە دەبێت بە ڕێکی ڕابوەستێت و پێیەکانی جووت بێت بەیەکەوە، و ڕووی خۆی لە گرەوە وەربگێڕێت. گرەوە دەبێت قاچێکی لە پێش ئەوی تریان بێت و قۆڵەکانی کرابێتەوە، ئامادەبێت کەوتەر بگرێتەوە.
- پێویستە کەوتەر پرسیار لە گرەوە بکات ئایا بە تەواوی ئامادەیە، پاشان خۆی بخات بە پشتدا، جەستەی ڕەق ڕابگرێت. گرەوە پێویستە کەوتەر بە پارێزراوی بگرێتەوە پێش ئەوەی زۆر نزم ببێتەوە!
- ئاڵوگۆڕ بە کەوتەر و گرەوە بکەن.

**متمانە کردن بە گرەوەکە:**

- هەستت بە چی دەکرد کاتێک بە تەواوەتی خۆت سپارد بە گرەوەکە؟
- خۆ سپاردن بە عیسای مەسیح کەمێک لەوە دەچێت کە خۆمان بە گرەوەکە بسپێرین. لەسەرەتا لەوانەیە کەمێک ترسناک بێت، بەڵام کاتێک کە دەبینین هەموو جارێک ئێمە دەگرتەوە، فێر دەبین متمانەی زیاتری پێبکەین.

**پرسیاری ١٦:** ئەو سێ نمونەی دراوە بیان خوێنەوە. **منداڵی ماندو، نەخۆش و سەرنیشین.**

- **بۆچی ئەو سێ کەسە متمانەیان بە ئەوی دیکە هەیە؟** لەبەرئەوەی وا دەزانن ئەو کەسەی دیکە شایانی متمانە پێکردنە.
- **دەکرێت متمانەمان بە عیسا هەبێت بە هەمان شێوە؟** بەڵێ، ئەو لە گشت مرۆڤێک زیاتر شایانی متمانە پێکردنە.
- **متمانەی پێ بکەین بۆ ئەوەی چیمان بۆ بکات؟** بۆ نمونە، لە گوناحەکانمان خۆشبێت، بێتە ژیانمانەوە، هێزمان بداتێ بۆ چاکە کردن، بمان پارێزێت و ڕێنیشاندەرمان بێت، بە پارێزراوی بمان گەیەنێتە ئاسمان.
- لەبیرت بێت هەستت بە چی دەکرد کاتی "کەوتنت) چالاکییەکە. ئەتوانیت متمانە بە عیسا بکەیت بە هەمان شێوە بۆ هەموو سوچێکی ژیانت؟ بەرسڤی خودی خۆت

## هەنگاوی چوارەم: بەشداری کۆمەڵگەی مەسیح بە (پرسیارەکانی ١٩-٢٠)

**پرسیاری ٢٠:** وشەی مامۆستاکە بخوێنەوە لەناو وتاری ناو بڵقەکەدا.

- مامۆستاکە باسی چی سێ جۆرە کەسانێک دەکات؟
- چ کامێک لەو کەسانە تۆی؟



ئەوانەی کە تازە شوێنکەوتووی مەسیحن. ئەوانەن کە ئامادەن بین بە شوێنکەوتوو، ئەوانەی کە کاتی زیاتریان دەوێت هەتاکو بیری لێبکەنەوە. تۆ بڕیار بدە بۆ خوێندکارەکان گوایە باشترە ئێستا قسە بکەن یان خۆیان بە بێدەنگی بیری لێبکەنەوە.

| **دەرئەنجام** (لە کۆتایدا) | |
|---|---|
| **گوێڕایەڵیکردنی فێربونەکانی ئەمڕۆ:** وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازیەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟ **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێنەوە.**<br>• هاوڕێیەکت هەیە بتوانی ئەم کردارەی لەگەڵ بکەی؟<br>• خوێندنی وانەی ٢ تەواو بکە پێش هەفتەی داهاتوو. | **پێکەوە نوێژ بکەن:**<br>سوپاسی خودا بکە بۆ ئەوەی کە ئێمە دەتوانین کەسیەتی خۆی بەتایبەتی بناسین بەهۆی عیسای مەسیح. |

# وانەی ٢: ژیانی نوێ لای مەسیح

**ئامانجی هەر خوێندکارێک:**
ا. دڵخۆشبوون دەربارەی ژیانی نوێیان لای مەسیح
ب. لەبیربونی دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧
پ. تێگەیشتن لەوەی ئێمە ناسنامەی نوێ و لەدایکبونی نوێ و سروشتی نوێ وەردەگرین.
ت. پابەند بە بۆ جەنگینی ململانێیەکی ڕوحی لە دژی سروشتی کۆن.

**سەرەداوی کەلتوری:**
- خەبات (جیهاد)
- باری وەستانی نوێژ (چۆنێتی وەستانی نوێژ)

**ئامادەکاری:**
پارچە ڤیدۆیەکی ئارەزومەندانە بۆ پ ١٩.

## کردنەوە

**نوێژ بکە بۆ وانەی ئەمڕۆ. پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:**
- تکایە کەسێک ئەرکی کرداری وانەی ١ بخوێنێتەوە.
- بە وریای بیرتکردەوە دەربارەی ئەمە؟ لە گفتوگۆی ئەمڕۆدا لە کۆتایدا لەسەری دەدوێین.

**وانەی ٢ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**
**پرسیاری ١:** ا) نوێ؛ ب) گەلی هەڵبژێردراوی
**پرسیاری ٢:** کۆن، نوێ
**پرسیاری ٣:** پەرسڤی تایبەتی سەیر بکە هەموو خوێندکارەکان شتێکیان نوسیبێت لەناو پەرتوکەکانیاندا
**پرسیاری ٤:** مەسیحدا، نوێ، کۆنەکان، نوێ

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** ئەمڕۆ دەربارەی ژیانی نوێ فێردەبین کە یەزدانمان عیسای مەسیح دەماندات.
ئەمە بریتییە لە ناسنامەی نوێ، لەدایکبوونی نوێ و سروشتی نوێ. زۆر دڵهەژێنە!

## گفتوگۆ

### پێشەکی و پرسیارەکانی ١-٤


**پرسیارەکانی ١-٤:** پێکەوە بیخوێنەوە یەکەم پەترۆس ١: ١-٢. ئەگەر خوێندکارەکان پەرتوکی پیرۆزیان نییە، ئایەتەکە چاپ بکە بۆیان.
- کێ ئەم نامەی لە ژێر چاودێری خودادا نوسی؟ پەترۆسی نێردراو. ئەمە هەمان شیمۆن پەترۆسە کە لە وانەی ١ دەربارى فێربووین.
- بە چی وشەیەک پەترۆس پێناسەی ئەو خەڵکانە دەکات کە ئەم نامەیان پێدەگات؟ "دیاریکراوی خودا" (هەڵبژێرداراوان) بەڵام هەروەها "بڵاوەپێکراوان"، "ئاوارە و بیانییەکان"، ئەوانەی بە تەواوەتی لە ماڵی خۆیان نین.
- هەست دەبێت چۆن بێت گەر دوور بیت لە ماڵ، ببیت بە بیانی؟ بەرسڤی تایبەتی. بڕوانە پرسیاری ٣.

### ناسنامەی نوێمان (پرسیارەکانی ٥-٧)

**پرسیاری ٥:** هەموو پرسیارەکە بخوێنەوە.
- ئایا هەرگیز پێت وتراوە بێبڕوا (کافر) یان هەڵگەڕاوە (مورتەد)؟ هەستت چۆن بوو؟
  ئەم هێرشانە باون بۆ سەر باوەڕدارانی ئەم پێشینەیە.
- بەڵام ناسنامەی نوێی ئێمە چییە لە ڕوگەی خوداوە؟
- هەستت چۆن دەبێت بۆ بوون بە "گەلی هەڵبژێردراوی خودا"
  ئەمە سەرسامکەرە، بەتایبەتی ئەگەر گۆمەڵگەکەمان ڕەتمان بکەنەوە.

### لەدایکبوونی نوێمان (پرسیارەکانی ٨-١٣)

**پرسیاری ٨:** بڕوانە وێنەی ماشۆت و پەپولەکە
- کاتێک ماشۆت دەبێت بە پەپولە، ئایا هەمان بونەوەری جارانە یان جیاوازە؟
- ئەم نمونەیە چۆن لە لەدایکبوونی نوێی ئێمە دەچێت لای عیسای مەسیح؟



بە یەک شێواز هەمان شتە، بەڵام تێپەڕیوە بە جۆرێک کە وەک لە "دایکبوونی نوێ" وایە، کەواتە بە تەواوەتی شێوەی گۆڕاوە و جیاوازە و بە بەرزی دەفڕێت.
بە یەک شێواز ئێمە هەمان گەلی پێشوین بەڵام گۆڕانکارییە ڕوحیەکانمان بە جۆرێکن وەک ماشۆت و پەپولەکە وایە. جیاوازیەکان بەرچاودەبن لە ژیانماندا و لە ڕەهەندێکی ڕوحی تازەی خودادا دەژین.

**پرسیاری ١١:** ئایەتی ناو چوارگۆشەکە بخوێنەوە (یەکەم پەترۆس ١: ٣)
- کێ لەدایکبوونی نوێ دەدات بە ئەوانەی شوێن مەسیح دەکەون؟
- بۆ ئەو ئاوا دەکات؟
- ئەم لەدایکبوونە نوێیە چیمان دەداتێ؟

خودا بۆخۆی، باوکی یەزدانمانە عیسا.
لەبەر بە بەزەییە گەورەکەی.
هیوایەکی زیندو. دەکرێت متمانەمان هەبێت بە ژیانە نوێیەکەمان لای مەسیح. تەنانەت پاش مردنیش بەردەوامە.

**پرسیاری ١٢:** بیخوێنەوە بزانە پزیشکەکە دەڵێت چی و داوا لە سێ کەس بکە بەرسڤەکان بخوێننەوە.
- بیر لە پزیشکەکە بکەرەوە وەک عیسا وابووە، لەدایکبوونی نوێ پیشکەشی خەڵک دەکات، ئەوانەی بە ڕوح ناساغن.
- نەخۆشی ا لە چی جۆرە کەسێک دەچێت؟
- نەخۆشی **ب** لە چی جۆرە کەسێک دەچێت؟
- نەخۆشی **پ** لە چی جۆرە کەسێک دەچێت؟
- ئێتر، چۆن ڕوحی لەدایکبوونی نوێمان پێبگات؟



ا: کەسێک کە بڕوای بە مەسیح هەبێت بەڵام بترسێت شوێنی بکەوێت.
ب: کەسێک بڕوای بە مەسیح نەبێت هیچ.
پ: کەسێک بڕوای بە پێشکەشکردنەکانی مەسیح هەبێت و متمانەی پێبکات و وەریان نەگرێت بۆ ناو ژیانی. بە متمانەکردن بە پێشکەشکردنەکانی مەسیح، وەکو نەخۆشی پ. پێی دەڵێین، "تکایە وەرە ناو ژیانمەوە". بڕوانە پ ١٣

**پرسیاری ١٣:** وتاری ناو چوارگۆشەکە بخوێنەوە. بە نهێنی بانگهێشتی هەر کەسێک بکە ئەگەر ئەم هەنگاوەی نەگرتوتە بەر.

## سروشتی نوێمان (پرسیارەکانی ١٤-١٦)

**پرسیارەکانی ١٤-١٥:** لەوانەیە خوێندنکارەکان هەریەکەو پێویستی بە لێدوانێکی جیاواز بێت لە ناو وتاری چوارگۆشەکاندا.
- ئەی دەربارەی ئێمە، چۆن هەستمان و هەڵسوکەوتەکانمان گۆڕاوە لەوەتەی بووین بە شوێنکەوتووی مەسیح؟ چیت نوسیوە لە پرسیاری ١٥؟ بیری خوێندنکارەکان بهێنەوە کە پەرسڤی تایبەتی خۆیان بنوسن لە کاتی خوێندنا بۆ ئەوەی شتێکیان هەبێت بۆ هاوبەشکردن. هەر خوێندکارێک جارێ شوێنکەوتووی مەسیح نییە. ناتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە بەڵام دەکرێت لێدوانێک بنوسێت دەربارەی گۆڕانکاری لە بڕواداریکدا کە بینیبێتی.
- دوای هاوبەشکردن، یان لە کۆتایی دانیشتنەکە، سوپاسی خودا بکە بۆ ئەم گۆڕانکارییانە لە ژیانماندا.

## ململانێی ڕوحیمان (پرسیارەکانی ١٧-٢٠)

**پرسیارەکانی ١٧-١٨:** سەیری وێنەکەی پرسیاری ١٨ بکە.
- کام کەسانە سروشتی کۆنیان پیشانداوە؟
  کامیان سروشتی نوێیان پیشانداوە؟
- لە چی شتێکی "سروشتێکی کۆن" هەر کۆشش دەکەی؟
- ئایەتی ناو چوارگۆشەکە پرسیاری ١٧ بخوێنەوە. دەبێت چی بکەین ئەو ململانێیە ببەینەوە لە دژی سروشتی کۆنمان؟



کۆن داکەنە، تازە لەبەرکە – وەکو گۆڕینی پۆشاک.

**پرسیاری ١٩:** نمونەی جوتیارەکە بخوێنەوە.
- بزنەکان نیشانەی چین؟
- بە چی ڕێگایەک بزنە ڕەشەکە تێردەکەی؟
- چی جۆرە شتانێک دەکەی هەتا بزنە سپییەکە بەهێز بکەی؟

ئارەزومەندانەیە: ئەو پارچە ڤیدۆیەی ململانێی نێوان بزنێکی ڕەش و سپی پیشان بدە. لە یوتوب بگەڕێ ململانێی بزن یان ئەم بەستەرە بکەوە لە یوتوب
http://www.youtube.com/watch?v=HG٢٤G-dGzrQ
وەک ڕاوێژکارێک، تۆش پێویستە کۆششەکانی خۆت هاوبەش بکەیت. شێبکەرەوە کە ئەمە جەنگێکی بەردەوامە. خودا لەگەڵمان دەژی بە ڕوحی خۆی و توانامان دەداتێ بۆ بردنەوە. فیلیپی٤: ١٣.

**پێکەوە ڕاهێنانی ئایەتی لەبیربون بکەن:** پرسیاری ٢٠ ئایەتەکە هی وەشانی کوردییە.
کەواتە، ئەگەر هەرکەسێک لەگەڵ مەسیحدا یەکبگرێت، دەبێت بە بەدیهێندراوێکی نوێ، شتە کۆنەکان بەسەرچوون و شتی نوێ هات.

| دەرئەنجام | |
|---|---|
| **گوێڕایەڵیکردنی فێربونەکانی ئەمڕۆ: پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە.**<br>• وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازیەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>• بەردەوامبە لەسەر خوێندنی ماڵەوە! ئەوە زۆر گرنگە کە هەر هەفتەیەک تۆ هاتی ئامادە بیت هاوبەشی بکەیت کە چی فێربوویت. | **پێکەوە نوێژ بکەن:**<br>سوپاسی خودا بکەن بۆ ئەو گۆڕانکارییانە کە لە ژیانماندا کردوویەتی، داوای هاوکاری ڕۆژانە بکە بۆ پشتیوانی دژی جەنگی ڕوحی. |

# وانەی ٣: خودای باوک

**ئامانجی هەر خوێندکارێک:**
ا. دڵشادبوون بە قسەکردن لەگەڵ خودا وەک باوک
ب. بە ئاستێکی زۆر سادە شیبکەرەوە بۆ شوێنکەوتووانی مەسیح، بۆ عیسا بە کوڕی خودا بانگ دەکەن.
پ. لەبیربونی یەکەم یۆحەنا ٣: ١.
ت. بۆ چنگکەوتنی خۆشەویستی بێ مەرجی خودای باوک، و هەوڵ بدە ئەم خۆشەویستییە نیشانی منداڵان بدەی.

**سەرەداوی کەلتوری:**
- خودا بە "باوک" بانگ بکە
- نزیکبونەوە لە خودا

ئامادەکاری:
"خۆشەویستی نامەی خودا" پارچە ڤیدۆیەک یان گۆرانییەک لە دەرئەنجامدا

## کردنەوە

**نوێژ بکە بۆ وانەی ئەمڕۆ. پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئایا ململانێت کرد لەگەڵ سێ خوی خراپی سروشتی کۆنت؟ ئەمە چۆن بوو بۆ تۆ؟ خەباتکردن بوو؟ بەرەوپێش چووی؟

**وانەی ٣ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**
**پرسیاری ١:** ا) باوک؛ ب) باوک **پرسیاری ٢:** ا) ڕاست؛ ب) ڕاست؛ پ) ڕاست
**پرسیاری ٣:** باوک چ خۆشەویستیەکی پێداوین، ڕۆڵەی خودا، ئاواین.

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** موسڵمانان وا بیردەکەنەوە ئەگەر نوێژ بۆ خودا بکەی وەک باوک ئەوە کفرە یان شرکـ! ("بڕوانە سەرەداوی کەلتوری"). بەڵام لە ڕوانگەی ڕوحییەوە ئەمە ئەگەری هەیە. وەک شوێنکەوتووی مەسیح، ئەوە شانازییە بۆ ئێمە.

## گفتوگۆ

### عیسا خودای بە "باوک" بانگکرد (پرسیارەکانی ٣-٩)

**پرسیاری ٤:** ئەو پارچەی ناو چوارگۆشەکە بخوێنەوە.
- چەند جار بازنەت کێشا بەدەوری "ڕۆڵە " و "باوک"؟
- بۆچی هاوڕێ مسوڵمانەکانمان بەرهەڵستی ناسناوی "ڕۆڵە" و "باوک" دەکەن.؟

- دەبێت ڕۆڵە ٤ جار بێت، باوک چوار جار بێت.
- ئەوان وا بیردەکەنەوە مەسیحیەکان وا ڤێردەکەن کە خودا پەیوەندی جەستەی هەبووە لەگەڵ ئافرەتدا بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆڵەیەک. بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە، بۆ مەسیحیەکان قێزەونە.

**پرسیاری ٦:** بینیمان پەیمانی نوێ چۆن "ڕۆڵەی" بەکارهێناوە بۆ ئەو خەڵکانەی لە نزیکەوە لەگەڵ خودا ژیابوون، پیشاندانی هەندێک چۆنێتی یان ڕێسا لەگەڵ دەسەڵاتی؟
- لە ئەم پارچەیەدا چی ڕستەیەک لەبارەی عیسای مەسیحەوە دەدوێت کە نزیکبووە لە خودا باوکی؟
- کام ڕستە لەبارەی عیسای مەسیحەوە دەدوێت کە چۆنیەتی خودا باوکی هاوبەشکردووە؟
- کام ڕستە لەبارەی عیسای مەسیحەوە دەدوێت کە ڕێسای داناوە بە دەسەڵاتی خودای باوکی؟

- "باوك كوڕی خۆی خۆشدەوێت و هەموو ئەوەی پیشان دەدات کە دەیکات".
- "چونکە هەرچی باوك دەیکات، کوڕەکەش دەیکات، چونکە وەك باوك ژیانی لە خۆیدا هەیە، بە کوڕەکەشی داوە ژیانی لە خۆیدا هەبێت".
- "ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی". دەسەڵاتی حوکمدانیشی داوەتێ".

**پرسیاری ٧:** برگەی یەکەم بخوێنەوە.
- دەتوانی بیر لە نمونەیەک بکەیتەوە کە لە کەلتوری خۆتدا کەسێک بە "کوڕم" بانگ بکەی بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستت کوڕی خۆت نییە، واتە کوڕی جەستەیی؟

**پرسیاری ٨:** برگەی یەکەم بخوێنەوە
- عیسای مەسیح بەچی بانگەشەیەک زۆربەی سروشتی خودا هاوبەش دەکات و نیشاندەدات؟

"ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە"

**تەواوی پرسیاری ٨ بخوێنەوە.** بە جووت دابەشبن. کەسێک دەوری شوێنکەوتووی مەسیح ببینێت. لە ماوەی ٣ خولەکدا بە کورتی شیبکاتەوە، بۆ کەسی بەرامبەری، وا دانێ کە مەسیحی نییە، بۆ ئێمە ناسناوی "ڕۆڵەی خودا" بۆ عیسای مەسیح بەکار دەهێنین. ئێستا ئاڵوگۆڕ بە یەکتری بکەن، بۆ ئەوەی کەسی دووەم هەمان پرسیار شیبکاتەوە بۆ کەسی یەکەم.

## دەکرێت ئێمەش خودا بە باوک بانگ بکەین (پرسیارەکانی ١٠-١٨)

**پرسیاری ١١:** یەکەم یۆحەنا ٣: ١ بخوێنەوە و پاشان بڕگەی یەکەمی پرسیاری ١١.

- دەتوانین عیسای مەسیح بە کوڕی خودا بانگ بکەین. بدوێن لەسەر هەنگاوە گەورەکەی ئێمە دەبینێن کە خودا بە باوکی خۆمان بانگ دەکەین، لەڕێگەی مەسیحەوە.
- بۆچی دەتوانین قسە لەگەڵ خودا دا بکەین وەک باوک لە ڕوانگەی ڕوحییەوە؟

لەبەرئەوەی خودا ئێمەی لەخۆ گرتووە وەک ڕۆڵەی ڕوحی خۆی، لەڕێگەی عیساوە "برا گەورەکەمان"

**ئایەتی لەبیربون بدۆزەرەوە یەکەم یۆحەنا ٣: ١ بە ڕێگەیەکی کرداری.**

- هەریەکەیەکی وشەکان بنوسەوە لەسەر پارچە پەڕەی جیاواز و تێکەڵیان بکە.
- داوا لە خوێندکارەکان بکە ڕێکیانبخەن بە ڕیزبەندێکی ڕاست و ئایەتەکە بڵێنەوە.
- ئێتر ٢ یان سێ پارچە پەڕەی لێلابەن و پاشان ئایەتەکە بڵێنەوە دووبارە.
- لەسەر ئەمە بەردەوامبە هەتا خوێندکارەکان دەتوانن هەموو ئایەتەکە بڵێنەوە بەبێ هیچ پەڕەیەک.

**پرسیاری ١٢:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە.

- یەک جیاوازی چییە لە نێوان خۆشەویستی باوکی مرۆڤیمان و خۆشەویستی باوکی ئاسمانیمان؟
- ئەرێ خودا هەمیشە ئێمەی خۆشدەوێت، یان کاتێک کە باشین؟
- پێویستە هەمیشە منداڵەکانمان خۆشبووێت، یان تەنها کە باشن؟

باوکی مرۆڤیمان لەوانەیە ئێمەی خۆشبووێت لە ڕوانگەی دەستکەوتەکانمانەوە، بەڵام باوکی ئاسمانیمان ئێمەی خۆشدەوێت ئێمە هەرچۆنێک بین.
هەمیشە.
هەمیشە.

**پرسیاری ١٣:** کەس پەیوەندێکی بێخەوشی نییە لەگەڵ باوکی سەرزەوی.

- دەتەوێ ئەوە بڵێی کە باوکی سەرزەمیت وتوویەتی لە کاتی گەورە بونتدا؟

هانی خەڵک بدە هاوبەشی بکەن، بەڵام هەستیاربە کە لەوانەیە کەسانێک هەبن یادەوەری ناخۆشیان هەبێت نەیانەوێت هاوبەشی بکەن، یان بێڕێزی بێت بۆ باوکیان.

**پرسیاری ١٣ب:** بڕگەی دووەم و سێیەم بخوێنەوە لە پرسیاری ١٣.

- ئایە هەرگیز دەبێت لەوە بترسین کە خودا وەک باوکمان وابێت کە دەهێڵێت منداڵەکەی بدات بە زەویدا.

لێگەڕێ با خوێندکارەکە پێناسەی ترسی خۆیان بکەن بە سەرڕاستی. پاشان دڵنیایان کەوە کە خودا هەرگیز پشتان بەرنادات! لەبەرئەوەی خودا بەڵێنی داوە "هەرگیز پشتگوێت ناخەم، هەرگیز وازت لێ ناهێنم"

**پرسیارەکانی ١٤-١٥:** چوارگۆشەکەی پرسیاری ١٥ بخوێنەوە (لوقا ١٥: ٢٠-٢٤)

- چی جێگەی سەرسوڕمانە دەربارەی باوکەکە لە ناو چیرۆکەکەی عیسا دا؟
- چۆن بیردەکەیتەوە کە عیسای مەسیح چیمان فێردەکات دەربارەی خودا لەم چیرۆکەدا؟

ئەو بەخێرهاتنی کوڕەکەی کرد کە ئابڕووچونێکی زۆری بۆ بەجێهێشتبوو.
خودا وەک باوکێکی بەخشندە وایە، بەخێرهاتنمان دەکاتەوە و لێمان خۆشدەبێت هەرچەندە ئێمە ئابڕوچونێکی زۆریشمان بۆ هێنابێت!

**پرسیاری ١٦:** چیرۆکی نازیر بخوێنەوە لەناو چوارگۆشەکەدا.

- ئایە کەسێک هەیە لە ئێمە دووچاری هەمان ئەزمونی وەک نازیر بووبێتەوە؟
- جیاوازی نێوان باوکی نازیر و باوکی ئاسمانی ئێمە چییە؟

ئەوان لەوانەیە جارێ ڕەت نەکرابێتنەوە، بەڵام لەوانەیە ڕوبدا لە ئایندەدا کە کەسوکاریان پێیان زانین بە بڕوایان لای مەسیح
باوکی ئاسمانی ئێمە هەرگیز ڕەتمان ناکاتەوە!

**پرسیاری ١٨:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە. پێکەوە ئەم ئایەتە بڵێنەوە لە (زەبوورەکان).

**"تەنانەت دایك و باوكیشم وازم لێ بهێنن، یەزدان دەمگرێتە خۆی."**

## دەرئەنجام

| **گۆڕایەڵیکردنی فێربونەکانی ئەمڕۆ:** وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازیەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>**پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێنەوە.**<br>• هاوڕێیەکت هەیە ئەم ئەرکەی لەگەڵدا جێبەجێ بکەیت؟<br>• بەردەوامبە لەسەر خوێندنی ماڵەوە! | **سەیرکە:** "نامەی خۆشەویستی باوک" دەکرێت لە یوتوب پەیدابکرێت بە چەند زمانی جیاواز.<br>**یان گۆرانی:** گۆرانییەک بڵێ بۆ خۆشەویستی خودا.<br>**پێکەوە نوێژ بکەن:** سوپاسی خودا بکە کە پشتی پێدەبەستی زیاتر لە هەر باوکێکی مرۆڤی و کەوا هەمیشە بەخێرهاتنمان دەکات تەنانەت کاتێک کە دایک و باوکیشمان ڕەتمان دەکەنەوە. |
|---|---|

# وانەی ٤: گوێڕایەڵیکردنی مەسیح لەلایەن دەسەڵاتی ڕوحی ئەوەوە

**ئامانجی هەر خوێندکارێک:**
ا. بەتەواوی سوربی لەسەر گوێڕایەڵی خودا، بە بیرکردنەوە، وشە و کردەوە.
ب. لەبیربونی یەکەم پەترۆس ١: ١٥.
پ. نمونەیەک بهێنەوە بۆ ئەوەی ببێتە هاوکاری شیکردنەوەی خودا وەکو سێ لە-یەکدا.
ت. درێژمێدانی پڕبونی زیاتر و زیاتر لە ڕوحی پیرۆز.

**سەرەداوی کەلتوری:**
- وەرگرتنی ئەزموون لە سیان
- قوربانی و پەیمان
- شاگردی بە بیرکردنەوەی سۆفی
- موسڵمانەکان، ڕوحی پیرۆز و جبرائیل

**ئامادەکاری:** بۆ پیشاندان: پەرداخ، سینی یان کاسە، بەردێکی پیسی بچوک، سوراحییەک ئاو.

## کردنەوە

**بە پیشاندان دەستپێبکە:** ئاو بکە پەرداخێکەوە پڕبێت لە بەردی پیس.

- کێ ئەم پەرداخە ئاوەی دەوێت؟ بۆ نا؟ پاشان گفتوگۆ لەسەر ئەمە دەکەین.
  پەرداخە ئاوە پیسەکە بخە لاوە بۆ دوایان. پەرداخێک ئاوی خاوێن بۆ هەموان تێکە.

**نوێژ بکە بۆ وانەی ئەم هەفتەیە. پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** بە چی ڕێگەیەک بیرتکردەوە بۆ نیشاندانی خۆشەویستی بێ مەرج بۆ منداڵان؟ چۆن خستتنە کردارەوە؟

**وانەی ٤ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** ا)، ب)، پ) و ت) هەموویان ڕاستن — **پرسیاری ٢:** ب)

**پرسیاری ٣:** بەڵکو وەك ئەوەی بانگی کردوون پیرۆزە، ئێوەش لە هەموو هەڵسوکەوتێك پیرۆز بن. (یەکەم پەترۆس ١: ١٥) — **پرسیاری ٤:** ب)

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:**
فێری ئەوە دەبین کە چۆن عیسای مەزن و ڕوح لە ژیانماندا ئیش دەکەن. هەروەها هەوڵ دەدەین فێری ئەوە بین کە چۆن باوک و ڕۆڵە و ڕوحی پیرۆز ئی یەکن وەک یەک خودای ڕاستەقینە.

## گفتوگۆ

### عیسای مەسیح لە ژیانماندا ئیش دەکات (پرسیارەکانی ٢-٦)

**پرسیاری ٤:** برگەی یەکەم بخوێنەوە.
- واتای وشەی "پەیمان" چییە؟
- خودا چۆن لەگەڵمان گرێبەستی کرد؟
- ئەگەر ئێمە بە خوداوە بەستراوینەوە وەک خەڵکانی ئەو، واتای ئەمە چییە بۆ ئێمە؟
- برگەی دووەم بخوێنەوە دەستپێدەکات بە "ئەم پشتینە..."
- واتای ئەم ڕستەیە چییە بۆ ئێمە؟

پەیمان پابەندبون یان پشتێنێکی پتەوە کە نابێت پشکێندرێت. (پڕوانە پ ٣) لەڕێگەی خوێن ڕشتنی مەسیحەوە بۆ ئێمە لەسەر خاچەکە.

ئەو پشتێنەکە ناشکێنێت لە لای خۆیەوە، نابێت ئێمەش بیشکێنین لای خۆمانەوە. ئێمە خەڵکانی هەڵبژێردراوی ئەوین.

پابەندبونی ئێمە بە عیساوە دەبێت بەهێزتر بێت لە قوتابییەک بە پیاوی پیرۆزەوە!

**پرسیاری ٥:** تەماشای سێ وێنەکە بکە.
- لە ڕوانگەی تووە کامیان زۆر زیاتر گرنگن: بۆ گوێڕایەڵی کردنی عیسای مەزن بە کردەوەکانی خۆمان، یان وتەکانمان یان بیرکردنەوەکانمان؟
  هەر سێکیان زۆر گرنگن و پێویستە ئێمە هیچیان هەڵنەبژێرین بۆ لێبرینەوە!
- عیسا چۆن یارمەتی تۆیداوە گوێڕایەڵی بکەی بە بیرکردنەوەکانت، وتەکانت یان کردەوەکانت؟

### ڕوحی پیرۆز ئیش لە ژیانماندا دەکات (پرسیارەکانی ٧-١٢)

**پرسیاری ٨:** برگەی دووەم بخوێنەوە.
- بەگوێرەی فێرکردنەکانی مزگێنی، ڕوحی پیرۆز کێیە؟
- لەوەتەی بوویت بە شوێنکەوتوی مەسیح، ئایا خودا بونی لە جاران ڕاستەرە لە ژیانت دا؟ تکایە ئەزمونی خۆت هاوبەشکە.

ئامادەبوونی کەسێتی خودا خودی خۆی، لەم جیهانەدا چالاکە و بەتایبەتی لە نێو شوێنکەوتوانی مەسیح دا.

**پرسیاری ١١:** برگەی یەکەم بخوێنەوە.
- چ وەڵامێکت دا بۆ بەشی ا) و بۆ؟
- چ وەڵامێکت دا بۆ بەشی ب) و بۆ؟



ا) زانستانە، بەبێ تیشک و گەرمی هەرگیز نە خۆرمان دەبینی و نە هەستمان پێدەکرد.
ب) ئەگەر خودا ڕۆڵەی خۆی نەناردایە، نەمان دەزانی ئەو لە چی دەچێت. ئەگەر ڕوحی خۆی نەناردایە ئەزمونی ئەومان

- نمونەکانی ناو ئەم وانەیە چۆن هاوکار دەبن بۆ تۆ؟

نەدەبوو
بەتایبەتی لە ژیانماندا.

**ئەزمون وەرگرتن لە سیانە:** یەکەم پەترۆس ۱: ۲-۹ بخوێنەوە.
ئەم ئایەتە ئەوەمان نیشان دەدات کە چۆن ئەزمون لە خودا وەرگرین وەک سیانە هەرچەندە ئێمە بە تەواوەتی لە ئەو تێناگەین.

- لە ئایەتەکانی ۲ و ۳، خودای باوک، خودای ڕوح و خودای کوڕ چی بۆ ئێمە کردووە؟
- لە ئایەتی ٥، چی پاسەوانیمان دەکات لە ژینماندا لەسەر زەوی؟
- لە ئایەتی ٦، تەنانەت لە تاقیکردنەوەشدا دەبێت بەرسڤمان چۆن بێت؟
- لەگەڵ ئەوەشدا خودا نابینین یان بە تەواوەتی لێی تێناگەین وەک سیانە، هەستمان چۆن بێت بەرامبەر ئەو؟ (ئ.۸-۹)

باوک: ئێمەی دەناسی پێشتر، هەڵبیژاردین، لەدایکبونەوەیەکی نوێی پێداین. خوێنی عیسا بەسەرماندا پرژێندرا. ڕوحی ئەو پیرۆزمان دەکات، بۆ گوێرایەڵی کردنی کوڕەکەی.
دەسەڵاتی خودا.
ئێمە دەبێت دڵشاد بین.
ئێمە خۆشمان دەوێت، ئێمە بڕوامان بە ئەو هەیە، ئێمە پڕبوین لە خۆشیەکی گەورە و دەرنەبڕاو، ئێمە ڕزگاری ڕوحمان پێدەگات.

**پرسیاری ۱۲:** بڕگەی یەکەم بخوێنەوە بە ئاماژە ساچمەکانیشەوە.

- هەتا ئێستا، کامێک لەم شتانەی ئەم ڕیزبەندە ڕوحی پیرۆز پێی کردویت؟
- کەواتە، ئایا گرنگە یان بژاردەیە ڕوحی خودا چالاک بێت لە ژیانماندا؟

## ڕوحی پیرۆز پیرۆزمان دەکات (پرسیارەکانی ۱۳-۱٦)

**بەردەوامبە لە نیشاندان:** پەرداخەکە بەرە لەگەڵ بەردەکاندا، بڵێ

- کەس نایەوێت ئەم ئاوە پیسە بخواتەوە! وەک ئەم پەرداخە، ئەگەر ژیانمان پڕ بێت لە گوناح و شەرمەزاری وەکو ئەو بەردە پیسانە، پێویستە پاک بیبینەوە.
- دەتوانین چی بکەین بۆ پاکردنەوەی ئەم پەرداخە؟ لابردنی بەردەکان، پاکردنەوەی پەرداخەکە بە ئاوی خاوێن- ئەمە نیشاندە بە لابردنی بەردەکان و تێکردنی ئاوی خاوێن لە پەرداخەکە هەتا پڕ دەبێت.

**پرسیاری ۱٤:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە.

- واتای ئەوە چییە کە پیرۆز بێت؟ نمونەیەک بهێنەرەوە.

بەتەواوەتی پیرۆز بێت واتە وەک خودا بێت! بۆ نمونە.
بیرکردنەوەکانمان پاکن، ئەوانیتر دروستدەکەین، هەڵە ناکەین ئێمە هید....

**پرسیاری ۱٥:**

- دەبێت ئامانجی ئێمە بۆ چی پێوانەیەک بێت؟
- ئایا بۆ مرۆڤ دەشێت پیرۆز بێت وەکو خودا؟
- پێشتر بە گوێرەی کێ خوێندمانەوە، کە کێ پیرۆزمان دەکات؟

پێوانەی خودا – پێویستە پیرۆز بین لەبەرئەوەی ئەو پیرۆزە. نەخێر، ئەستەمە بە هێزی خۆمان. لە زۆری ئاینەکاندا، ئەو کەسانە کە بە سەختی هەوڵ دەدەن پیرۆز بن، بەڵام هیوابڕاو دەبن کاتێک شکست دەهێنن.
ڕوحی خودایە کە پیرۆزمان دەکات، (ئ.۲). وەک ئاوی خاوێن کە دەتوانێت پەرداخی پیس خاوێن بکاتەوە، ئێمە پاکبوینەوە بە ڕوحی ئەو.

**پرسیاری ۱٦:** لەبیربونی ئایەتی ناو چوارگۆشەکە (یەکەم پەترۆس ۱-۱٥) و پێکەوە نوێژ بکەن و دەستان بەرزکەنەوە، داوا لە خودا بکە پڕت بکات زیاتر لە ڕوحی پیرۆز.



## ڕوحی پیرۆز ژیانمان پڕ دەکات (پرسیارەکانی ۱۷-۲۰)

**پرسیاری ۲۰:** تەواوی پرسیاری ۲۰ بخوێنەوە. ئەم برگەیە ڕونبکەرەوە بە بەکارهێنانی پەرداخ و ئاو. سوراحیەک ئاو بەکاربهێنە و لەگەڵ چەند پەرداخێک، لەگەڵ سینیەک یان کاسەیەک لە ژێریانەوە بۆ گرتنەوەی ئەو ئاوەی لەسەریانەوە دەرژێت.
خودا بە ڕوحی خۆی پڕمان دەکاتەوە هەرکات نوێژ دەکەین و لە ئەوەوە نزیک دەبینەوە هەر ڕۆژێک. هەندێک جار پڕبونەکە لە پڕدایە، هەندێک جار لەسەرخۆ. ڕاسپاردەی ئەو بە پڕی دەمان هێڵێتەوە. هەموو ڕۆژێک ئێمە پێویستمان بە پڕبونەوە هەیە زیاتر و زیاتر و زیاتر!

## دەرئەنجام

| گوێرایەڵیکردنی فێربونەکانی ئەمڕۆ: | پێکەوە نوێژ بکەن: ئێستا دەرفەتە کە دانیپێدابهێنی بۆ خودا کە هەر بەردێکی پیس هەیە لە ژیانماندا کە ئێمە پیس دەکات. کاتێکی زۆر بدە بە خەڵک بۆ ئەوەی ئەمە بکەن بۆ خۆیان. تۆ دەتوانی بە نیشاندانی بەردەکان ئەمە بکەیت. داوا لە خودا بکە بۆ ڕوحی پیرۆز خاوێنمان بکاتەوە، پیرۆزمان بکات و هەموو ڕۆژێک پڕمان بکاتەوە هەتا لەسەرمان دەرژێت. |
|---|---|
| • وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>**پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێنەوە.**<br>• ئەگەر مزگێنیت هەیە یان پەیمانی نوێ، هەفتەی داهاتو بیهێنە.<br>ئەگەر دەشێت، پارەمتی قوتابیەک بدە کە مزگێنی نییە یان پەیمانی نوێی لا نییە. ئەگەر دەکرێت باشترە وەشانی کوردی سۆرانی ستاندارد بێت (ک.س.س). | |

# وانەی ٥: قسەکردن لەگەڵ خودا

**ئامانجی هەر خوێندکارێک:**
ا. بتوانێت قسە لەگەڵ خودا بکات بەدرێژای هەر وانەیەک.
ب. ئەوە تێبگات کە نوێژکردن قسەکردنە لەگەڵ خودا، نەک تەنها نەریتی.
پ. ئەوە فێربێت نوێژ بریتییە لە دانپێداهێنان، سوپاسکردن و داواکردن.
ت. لەبیربونی نوێژی یەزدان.

**سەرەداوی کەلتوری:**
- نوێژی ئاینزانی
- ڕامانی سۆفی
- موسڵمان، نوێژ و دەستنوێژ
- دروستکردنی ڕیزێک نوێژ

**ئامادەکاری.** پێداویستی بۆ چالاکی (پ ١٤) پەڕە یان پارچە قاقەز، پێنوس، مقەست، شلاڵەی لچکاو. (لەزگە)

## کردنەوە

**پێکەوە نوێژ بکەن. پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئایا هەموو ڕۆژێک نوێژت کرد بۆ خودا هەتا پڕت بکات لە ڕوحی پیرۆزی خۆی؟ ڕوحی پیرۆز چۆن دەبینیت ڕۆژانە لە ژیانتدا لەسەر ئیش هەر ڕۆژێک؟

**پێداچوونەوەی ئایەتی لەبیربوونی هەفتەی ڕابردوو (یەکەم پەترۆس ١: ١٥):** داوا لە هەموویان بکە دووپاتییبکەنەوە.

**وانەی ٥ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** ا)
**پرسیاری ٢:** داوای لێبووردنکردن، سوپاسکردن، داواکردن. بە هەر ڕیزبەندێک بێت.
**پرسیاری ٣:** بەردەوام نوێژ بکەن
**پرسیاری ٤:** نوێژی یەزدان هەر وەک پرسیاری ١٤.

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** بڕوانە وێنەکەی پرسیاری ١. خودا وەک پاشایەکی مەزن وایە. بۆ ئەو گوێمان لێدەگرێت؟ لەبەرئەوەی ئەو باوکی ئاسمانی ئێمەیە کە خۆشحاڵە بە گوێگرتن بۆ ڕۆڵەکانی!

## گفتوگۆ

### قسەکردن لەگەڵ خودا وەک باوک (پرسیارەکانی ٢-٥)

**پرسیاری ٣:** بڕگەی یەکەم بخوێنەوە.

- بۆچی پێویستمان بە نزاو پاڕانەوەی پیاوانی پیرۆز نیە هەتا نزیکمان بکەنەوە لە خودا؟

ئێمە ڕۆڵەی ڕوحی خوداین، کەواتە مافی ئەوەمان هەیە ئێمە خۆمان لە ئەو نزیک ببینەوە!

**پرسیاری ٤:** بڕگەی یەکەم بخوێنەوە.

- ڕاستت لە کامێک لەو وەڵامانە دا؟ ئێمە دەتوانین دەربارەی هەمووشتێک لەگەڵ خودا قسە بکەین!
- کام شتە زۆر قورسە بە لاتەوە کە لەگەڵ خودا دەربارەی قسە بکەی؟ بۆ؟

### نوێژی تایبەتی و نەریتی (پرسیارەکانیی ٦-١٠)

**پرسیاری ٩:**

- لەبەر چی هۆیەک خەڵک دەڵێن نوێژی نەریتی؟ بۆچی ئەوان نوێژی نافەرمی دەکەن؟
- دەبێت بەرزترین سۆنگەی ئێمە چی بێت لە نوێژدا؟

ب.ن. خەڵک زۆرجار نوێژ دەکەن (نوێژی نەریتی) بۆ بەدەستهێنانی بەها، یان "دوعا" (نوێژی نافەرمی) بۆ گەیاندنی پێویستیەک.
نزیک بوونەوە لە خودا و بژین لە هۆگری ئەودا.

**پرسیاری ١٠:** بڕگەی یەکەم بخوێنەوە و چوارچێوەکەش (یەکەم پەترۆس ١: ٨).

- ئایا هەتا ئێستا هەستت بەو "خۆشییە دەرنەبڕاوە و گەورەیە کردووە"؟ پێناسەی بکە هەستت چۆن بووە.
- هەندێک کەس هەوڵ دەدەن ئەو ئەزمونی نزیکبونەوەیەی لای خودایان هەبێت لەڕێگەی وتنەوەی نزا (زکر) بەڵام ئێمە چۆن دەگەین بە دڵی خودا؟ لەڕێگەی عیسای مەسیحەوە خودی خۆی. ئەو تاکە ڕێگەیە بۆ دڵی باوکی ئێمە!

### بەردەوام نوێژ بکە (پرسیارەکانی ١١-١٣)

**پرسیارەکانی ١٢-١٣:**

- یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٧ ڕاماندەسپێرێت چی بکەین؟
- ئەمە چۆن دەگونجێ بە کردار؟
- لەو ڕیزەی پرسیاری ١٣ کام هەڵبژاردەت دیاریکرد؟
- دواین هەڵبژاردە لە ڕیزەکەدا دەڵێت "پێش هەر ژەمێک". ئەگەر

پێویستە بەردوام نوێژ بکەین.
ب.ن. بەم ڕوحێتە دەتوانین لە خوداوە نزیک بین هەموو ڕۆژەکە، سەیری وتەکەی پرسیاری ١٣ بکە. یان نمونەیەک لە ژیانی خوێندکارەکان.
گەشەکردن خوویەکی باشە. خوێندکارەکان

هەلومەرج ڕێگەبدات، ئایا ئەمەت کردووە بە خوو؟

- وتاری ناو بازنەکان بخوێنەوە لە کۆتای پرسیاری ١٣.

### وەرە شوێنم کەوە

لەگەڵ موسوڵماندا دەژین ڕەنگبێت ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخسێت، بەڵام هەندێک دەکرێت بتوانن هەروەها وەک شایەتی.

## نوێژی یەزدان (پرسیارەکانی ١٤-١٥)

**فێربونی نوێژی یەزدان: جارێکیان قوتابیەکان لە عیسایان پرسی : "فێری نوێژمان بکە". ئەویش نوێژی یەزدانی فێرکردن.** داوا لەکەسێک بکە بەدەنگی بەرز مەتا ٦: ٩-١٣ بخوێنێتەوە بە زمانی خوێندکارەکان. پاشان هەر خوێندکارێک پێویستە هەموو ڕستەیەکی نوێژەکە لەسەر پەڕەیەکی جیاواز بنوسێ و جیابکرێتەوە بە هەر زمانێک. جیاکراوەکان تێکەڵ بکە لەسەر مێزێک (نەک لەسەر زەوی) و داوا لە خوێندکارەکان بکە بە ڕیزبەندێکی ڕاست ڕیزیان بکەن.
ئەگەر بەژداربووەکان پەنابەرن لەم وڵاتە، ئەوا ڕەنگبێت دەسەڵات داوایان لێبکات کە نوێژی یەزدان بڵێنەوە لە کاتی بەڕێوەچونی چاوپێکەوتنی پەنابەری، کەواتە زۆر گرنگە بۆ ئەوان بە دڵ فێری ببن.

- ئایا هیچ بەهایەکی ئاینیمان دەستدەکەوێت بە وتنەوەی نوێژی یەزدان؟ ئەگەر دە جار بیڵێنەوە لەبری یەک جار، هیچ بەهای زیاترمان دەداتێ؟

نەخێر! یەزدانمان عیسا فەرموی، "کاتێک نوێژ دەکەن، وەک بتپەرستان ئەوەندە وشەکان دووبارە مەکەنەوە، چونکە وادەزانن بە زۆر گوتنیان گوێیان لێ دەگیرێت" (ماتا ٦: ٧)

- بە بیرکردنەوەی تۆ بە کام زمان باشترە نوێژ بکەی، بە ئینگلیزی، بە عەرەبی، بە کوردی یان بە زمانی خۆت؟

هەندێک دەڵێن عەرەبی شازە. بەڵام دەتوانین سوپاس و پێداویستیەکانی خۆمان زۆر بەئازادانە تر دەربڕین بۆ باوکمان بە زمانی دایکی خۆمان.

## داوای لێبوردنکردن، سوپاسکردن، داواکردن (پرسیارەکانی ١٦-٢٢)

**پرسیاری ١٥: نوێژی یەزدان لە ٣ جۆر نوێژ پێکدێت: داوای لێبوردنکردن، سوپاسکردن و داواکردن.**
داوا لە خوێندکارەکان بکە هەر ڕستەی نوێژی یەزدان جیا بکەنەوە بەسەر ٣ سەردێڕی جیاوازدا. دەتوانیت بیان چەسپێنیت بە دیوارەکەوە یاخود لەسەر مێزەکە دایان نێیت.

**پرسیاری ١٧:** تەوای پرسیارەکە بخوێنەوە.

- چۆن دڵنیابین کاتێک دەڵێین ببورە خودا لێمان خۆشدەبێت و پاکمان دەکاتەوە؟

لەبەرئەوەی ئەم بەڵێنەی داوە. یەکەم یۆحەنا ١: ٩ دەڵێت "ئەگەر دانمان بە گوناهەکانماندا نا، ئەوا خودا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت و لە هەموو ناڕەواییەك پاکمان دەکاتەوە"

**پرسیاری ٢٠:** پێکەوە، مەتا ٧: ٧-١١ بخوێنەوە لە ناو پەرتوکی پیرۆزدا.

- لە ئایەتی ٧، عیسای مەسیح چ ڕاسپاردەیەکمان دەدات؟
- لە ئایەتی ٧، عیسای مەسیح چ بەڵێنێک دەدات؟
- لە ئایەتی ٩-١١، عیسا چ ئاماژەیەک دەکات؟
- نمونەیەک بهێنەوە کە خودا چۆن وەڵامی نوێژەکانی تۆی داواتەوە.
- کەواتە بۆچی هەموو کات ئەوەی دەمانەوێت بەدەستمان ناگات کاتێک نوێژ دەکەین؟

خوێندکارەکان ڕەنگبێت پێویستیان بە یارمەتی بێت لەم بەشەدا کە چۆن بگەڕێن بۆ ئایەتەکان لەناو پەرتوکی پیرۆزدا. وانەی ٦ ئەمە شیدەکاتەوە.
داوا بکەن، بگەڕێن، لەدەرگا بدەن
پێتان دەدرێت، دەدۆزرێنەوە، لێتان دەکرێتەوە.
ئەم بەڵێنانە لە ئایەتی ٨ دووپاتکراوەتەوە.
باوکی ئاسمانیمان زۆر باشە، و ئەو زۆر دڵخۆشە بەوەی شتی باش بدات بە نەوەکانی.
هەندێکجار ئەوەی داوای دەکەین ڕەنگە باش نەبێت بۆ ئێمە، کەواتە ئەگەر کوڕ داوای مار بکات ئایە باوکی خۆشەویست دەیداتێ؟ نەخێر، هەرگیز. کاتێک ئەوەی داوای دەکەین بەدەستمان ناگات، ئەکرێت هەر متمانەمان بە خودا هەبێت باوکی خۆشەویست. ئەو سزامان نادات. ئەو پێداویستیەکانی ئێمە دەزانێت.

**پرسیاری ٢٢:** بۆ پێداویستی کێ دەتوانین نوێژ بکەین؟ ڕاستت لە کام هەڵبژاردە دا لە پرسیاری ٢٢؟

<table>
<tr><th colspan="2">دەرئەنجام</th></tr>
<tr>
<td>جێبەجێیبکە: وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟ چۆن شێوازی نوێژکردنت دەگۆڕیت؟<br>پێداچوونەوە: بەسەر ئەرکی کرداریدا بڕۆرەوە. گفتوگۆ بکە چۆن نوێژ بکەی بە ڕیزبەند بۆ خەڵک. هانیان بدە ناوێک بنوسن لە چوارچێوەکەدا، ئەگەر گونجاو بوو. دەتوانی کاربەرنامەی نوێژیان پێشنیار بکەی، وەکو "Prayer mate" "نوێژی هاوڕێ" بۆ هەوڵدان.</td>
<td>هاندان: بەردەوامبە لەگەڵ خوێندنی مەڵەوە! پەرتوکی پیرۆز یان پەیمانی نوێ (مزگێنی) لەگەڵ خۆتدا بهێنە هەفتەی داهاتوو.<br>نوێژ بکە: نوێژی یەزدان بەکاربهێنە بۆ هاندانی نوێژەکانت. داوا لە خودا بکە لە نزیک خۆی بمان ژێنێت و "بەردەوام نوێژ بکەین".</td>
</tr>
</table>

# وانەی ٦: وشەی خودا بۆ ئێمە

| **ئامانجی هەر خوێندکارێک:** | **سەرەداوی کەلتوری:** |
|---|---|
| ا. دەستبکە بە کاتێکی تەرخانکراو لەگەڵ خودا هەموو ڕۆژێک بیکە بە خو.<br>ب) سێ هەنگاو فێربە بەکاریانبهێنی لەم کاتەدا لەگەڵ خودا.<br>پ) بتوانیت سەرچاوەیەک بدۆزیتەوە لە ناو پەرتوکی پیرۆز.<br>ت) تامەزرۆی خوێندنەوەی پەرتوکی پیرۆز بیت. | • موسڵمان و بیرۆکەی نوسراوی بێگەرد (واتا: پەرتوکی پیرۆز)<br>• چیرۆکەکان<br>• خۆ – ئاشکراکردنی خودا |

**ئامادەکاری:** پێدانی تێنوس وەک گۆڤار (ئەگەر گونجاوە، هەروەها گۆڤارێک بۆ نمونە بهێنە). ئەگەر خوێندکارەکان هێشتا پەرتوکی پیرۆزیان لانییە بە زمانی خۆیان، بزانە ئەوان چۆن دەتوانن بەرگێکی ڕەقی پەرتوکی پیرۆز پەیدا بکەن یان بەلانی کەمەوە بتوانن دەستیانکەوێت لە ڕێگەی ئامێرێکەوە.

## کردنەوە

**پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو: نوێژی یەزدانت کرد هەفتەی ڕابردوو؟** نوێژی یەزدان بکەن پێکەوە ئێستا. دەکرێت پارچە پەڕەکانی هەفتەی ڕابردوو بەکاربهێنن و پاشان هەر یەکەو ڕستەیەک بخوێنێت.

**وانەی ٦ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:** **پرسیاری ١:** ا) عەدنان؛ ب) بە لاوازی گەشە دەکات و دەمرێت.

**پرسیاری ٢:** "ب" تەنها وەڵامی تەواو ڕاستە. ڕستەی "ا" ڕاست نیە لەبەرئەوەی دەڵێت "تەنها"

**پرسیاری ٣:** کۆن، نوێ **پرسیاری ٤:** ئامادەکاری؛ خوێندنەوە؛ نوێژ

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە: کە تۆ کەسێکت خۆش دەوێت، چۆن ئەو خۆشەویستییە نیشاندەدەیت؟** ب.ن. کات لەگەڵ ئەوان بەسەردەبەی، قسەیان لەگەڵ دەکەی، گوێیان لێدەگری. هەفتەی ڕابردوو فێربووین چۆن قسە لەگەڵ خودا بکەین، ئەمڕۆ فێردەبین خودا چۆن قسەمان لەگەڵدا دەکات لەڕێگەی وشەکانیەوە، پەرتوکی پیرۆز. داوا لە کەسێک بکە زەبوورەکان ١٩: ٩-١٠ بخوێنێتەوە.

## گفتوگۆ

### تینو بۆ وشەی خودا (پرسیارەکانی ١-٥)

**پرسیاری ١ و ٢:** بڕوانە وێنەکەی پرسیاری ١ . پاشان ئایەتەکەی ناو چوارچێوەکە بخوێنەوە.

- ئایە بەڕاست ئێمە ئەوەندەی ساوایەک کە تینووە بۆ شیر تینومانە بۆ وشەی خودا؟

### پەرتوکی پیرۆز وشەی خودایە (پرسیارەکانی ٦-١٠)

**پرسیاری ٨:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە. هەندێک لە ئەوانەی مەسیحی نین وا بیردەکەنەوە کە پەرتوکی پیرۆز وەکو پەرتوکی مرۆڤ وایە. لە لایەن مرۆڤەوە نوسراوە و دەربارەی مێژوی مرۆڤ قسە دەکات.

- **چۆن ئەوە شیبکەینەوە کە هەر وشەی خودایە؟** نوسەرەکان "وشەکانی خودایان نوسیوەتەوە لە لایەن ڕوحی خوداوە"
- **چۆن بزانین کە دەستکاری نەکراوە؟** هەزارەها دەستنوسی کۆن لەبەردەستە بۆ وەرگێڕەکان لە مۆزەخانەکان – ئەوان متمانەمان پێدەدەن کە ئەوەی هەمانە نووسراوێکی ڕەسەنە.

**پرسیاری ١٠:** بڕگەی یەکەم بخوێنەوە

- پەرتوکی پیرۆز بە ڕەسەن لەسەرەتاوە بە چی زمانێک نوسراوە؟
- دەزانی کێ پەرتوکی پیرۆزی وەرگێڕاوە سەر زمانی دایکی تۆ؟ بەرگێکت هەیە؟

وەرگێرانی پەرتوکی پیرۆز واتای ئەوە نییە کە ئێمە نوسراوە ڕەسەنەکە دەگۆڕین. ڕێگەمان پێدەدا گوێبیستی قسەکردنی خودا بین بە زمانی - دایکی خۆمان.

دەتوانی لە ویکیپیدیا بزانیت کێ پەرتوکی پیرۆزی وەرگێڕاوە بۆ زمانی جیاواز، بگەڕێ “Bibe translations by language”
دەتوانی پەرتوکی پیرۆز پەیدابکەی لە وڵاتی خۆت لە کۆمەڵگەی پەرتوکی پیرۆز.
بە وەشانی ئامێر و دەنگی دەتواندرێت پەیدا بکرێت لەسەرهێل بە چەندەها زمان، ب.ن. my.bible.com
هەندێک بەکاربەری پەرتوکی پیرۆز لە ئامێرەکاندا چەندەها زمانی جیاوازی تێدایە، هەندێکیان بە دەنگیشەوە.

### بەشە جیاوازەکانی پەرتوکی پیرۆز ( پرسیارەکانی ١١-١٥)

**پرسیاری ١٢ – ١٤:** هەموو بەشەکان پیشانی خوێندکارەکان بدە بە پەرتوکەکەی خۆت.

- کام بەشەی پەرتوکی پیرۆز تەورات لەخۆدەگرێ (پەرتوکی مووسا) و زەبور (زەبوورەکان)؟
- کام بەشە ناسراوە بە ئینجیل (مزگێنی)؟
- ئایە پەیمانی نوێ هاتووە بۆ ئەو مەبەستەی کە

تەورات و زەبور = پەیمانی کۆن.

مزگێنی = پەیمانی نوێ، زۆرجار هەموو پەیامنی نوێ پێی دەوترێت ئینجیل. بە وردی قسە بکەین هەموو مزگێنییەک "ئینجیلە".
نەخێر، ئێمە پێویستمان بە هەردوکیانە. هەموویان پێکەوە وشەی بەسەنگی

پەیمانی کۆن ڕەتبکاتەوە

خودان. وشەی خودا بە درێژای مێژو کاریکردووە لەگەڵ خەڵک.

**پرسیاری ١٥:** پەرتوکی پیرۆز بکەرەوە لە "ناوەڕۆکی هەردوو پەیمان". یارمەتی خوێندکارەکان بکە بۆ دۆزینەوەی یەکەم پەتروس ١:٣ و داوا لە کەسێک بکە بیخوێنێتەوە.

- ئەگەر هەموو ڕۆژێک کاتێکی تایبەتی بۆ خودا تەرخان بکەین، یارمەتیمان دەدات بەهێز و تەندروست گەشە بکەین، وەکو ساوای ب لە دەستپێکی ئەم وانەدا.
- چۆن ئەمە بکەین بە کرداری؟

هەموو خوێندکارێک دەکرێت جێگەی خۆیان بدۆزنەوە لە پەرتوکی خۆیاندا یان لە پەیمانی نوێدا.

ئەگەر خوێندکارەکان وەرگێرانێکی جیاوازی پەرتوکەکانیان لابوو، شیبکەرەوە کە چۆن کەمێک جیاوازی هەیە وشەکان، بەڵام یارمەتیمان دەدات هەندێک ڕووی جیاوازی واتای وشەکان ببینین لە زمانی ڕەسەنی یۆنانیدا.

## کاتی ڕۆژانە لەگەڵ خودا (پرسیارەکانی ١٦-٢٢)

**پرسیاری ١٨:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە.

- چیت نوسیوە بۆ بەشی ا) و ب)؟
- بۆ کاتی ڕۆژانەمان لەگەڵ خودا، ئێمە دەبێت کات و جێگەیەک دیاری بکەین کە گونجاو بێت بۆ ئێمە. چی یارمەتیت دەدات بیکەیت بە خویەکی بەردەوام؟

داوا لە هەموو خوێندکارێک بکە وەڵام بداتەوە. ئەگەر ژمارەیەک لە خوێندکارەکان ئەم وەڵامەیان بە بەتاڵی جێهێشتبوو لە پەرتوکەکانیان، بەبیریان بهێنەوە هەموو وەڵامەکان پڕبکەنەوە.
کاتێک ئەمەمان کرد، دەبێت بیر بکەینەوە دەربارەی بۆچونەکانی خۆمان و وە زیاتر فێربین

**پرسیاری ٢٢:** برگەی دووەم بخوێنەوە. داوا لە هەموو خوێندکارەکان بکە بۆچونی خۆیان هاوبەش بکەن.

## تەواوکاری ١: کاتی ڕۆژانەم لەگەڵ خودا

**هەنگاوی ١: ئامادەکاری:** ئەگەر تۆ بتەوێ پاشا ببینی، چۆن ئامادەکاری بۆ دەکەیت؟ خۆشتن، خۆ گۆڕینی بە باشی.

- چۆن ئامادەکاری بکەین بۆ لای خودا؟ داوا لە خوێندکارەکان بکە هەنگاوی یەکەم شیبکەنەوە.

**پێکەوە ئامادەکاری بکەن:** ب.ن. پێکەوە نوێژەکە بخوێنەوە بەڵام داوا لە هەر یەکەیان بکە ناوی گوناحێک بهێنن بە نهێنی بۆ خودا.

**هەنگاوی ٢: خوێندنەوە:** هەنگاوی ٢ چییە لە کاتی ڕۆژانەماندا لەگەڵ خودا؟

- پێویستە چی بکەین لەئەم هەنگاوەدا؟

**پێکەوە ڕاهێنانی هەنگاوی ٢ بکەن بە خوێندنی یەکەم پەتروس ١: ١٣-١٥.**

- یەکەم پەتروس ١: ١٣-١٥ بە بەرزی بخوێنەوە، پاشان داوا لە خوێندکارەکان بکە بۆخۆیان بخوێنەوە. ئەگەر بە چەند زمانێک دەتاندخوێند دەتوانی داوا بکەی بە هەر زمانێک بیخوێنەوە.
- کام ڕستە کاریگەری لەسەر تۆ بەجێدەهێڵێت؟
- چی دەکەی بۆ لەبیربونی ئەو خاڵە گرنگە؟ ب.ن. بینوسەوە لە تێنوسدا، لەبەری بکە هید..... **یاداشت بدە دەوروبەر، یاداشتی نمونە نیشان بدە.**
- چی دەکەی بۆ گوێرایەڵی ئەم شتەی ئەمڕۆ خودا پێیگوتوی؟
- هیچ ساوایەک شیر نامژێت بۆ ناو دەمی و پاشان بیتفێتە دەرەوە دووبارە! بەڵام ئەمە ئەوەیە کە ئێمە دەیکەین کە وشەکانی خودا دەخوێنینەوە و گوێرایەڵی نابین!

خوێندکارەکان هانبدە دەسبکەن بە یاداشت نوسینەوەی ئایەتەکان، نوێژەکان، چۆن دەیانەوێت گوێرایەڵی بکەن هید.... دەکرێت تێنوسێکیان بدەیتێ بۆ یارمەتیدانیان لەمە. ئەگەر گونجا یاداشتی خۆتیان نیشان بدە وەک نمونەوە.

**هەنگاوی ٣: نوێژ** هەنگاوی ٣ چییە لەکاتی ڕۆژانەماندا لەگەڵ خودا

- نوێژکردن قسەکردنە لەگەڵ باوکی ئاسمانیمان. دەربارەی چی شتێکی جیاواز دەتوانین لەگەڵ خودا قسە بکەین؟ بڕوانە ڕستە جیاوازەکانی هەنگاوی ٣ ئەوانەی تۆخ کراون. **ئێستا نوێژ بکە و ئەم هەنگاوانە بەکاربهێنە.**
- هەفتەی ڕابردوو دەربارەی ئەوە قسەمان کرد هەر کەسەو ڕیزێک نوێژ بنوسێت و نوێژ بۆ ئەوانی دیکە بکات. کەسێک لە ئێوە ئەوەی بەکارهێناوە یان نوێژی بۆ کەس کردووە لەم هەفتەیەدا؟ چۆن بەڕێوە چوو؟ هەموویان هاندە کە ڕیزێک بنوسن ب.ن. لە پشت یاداشتەکەیان.
- هیچ بیرۆکە و پرسیارێکت هەیە دەربارەی چۆن بەسەربردنی کاتی ڕۆژانە لەگەڵ خودا؟

## دەرئەنجام

| | |
|---|---|
| **گوێرایەڵیکردنی فێربونەکانی ئەمڕۆ:** وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تودا دەکات؟ هەموویان دەبێت هاوبەشی بکەن (تەنانەت تۆش).<br>• **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێنەوە.** ئەرکی ئەم هەفتەیە زۆر گرنگە. هەفتەی دواتر داوات لێدەکەم چی فێربویت هاوبەشی بکەی.<br>• کەسێک هەیە بیبینی و ئەمەی لەگەڵدا بکەی بە بەردەوامی (ب.ن. هەفتانە)؟ | **پێکەوە نوێژ بکەن:** پرسیار بکە هەرکەسێک ئەم هەفتەیە پێداویستیەکی تایبەتی هەیە نوێژ بکەن بۆ ئەو پێداویستیانە.<br>سوپاسی خودا بکەن کە ئێمەی خۆشدەوێت و دەیەوێت کات لەگەڵ ئێمە بەسەرببەرێت هەموو ڕۆژێک.<br>نوێژ بکە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات بۆ دامەزراندنی خویەکی تەندروستی کات بەسەربردن لەگەڵ ئەو. |

# وانەی ٧ ئەندامەکانی کڵێسای مەسیح

**ئامانجی هەر خوێندکارێک:**
ا. ئامەدەبێت بۆ بەشداری لە کۆمەڵە باوەڕدارێکی ناوخۆیی.
ب. فێری سێ پێناسەی کڵێسای مەسیح بێت لە یەکەم پەترۆس ٢.
پ. لەبەرکردنی یەکەم پەترۆس ٢: ٩.
ت. بتوانێ بەشە جیاوازەکانی تر بدۆزیتەوە لە یەکەم پەترۆس.

**سەرەداوی کەلتوری**
- دوو بەردی تایبەت
- سارێژکردنی کەسایەتیە دابەشبووەکان
- نەتەوە (ئوومە)
- هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان

**ئامادەکاری:** لێگۆ (خانۆچکە) یان هەر بلۆکێکی تەلار دروستکردن، یەک خشتی گەورە یان قاپێک بۆ بنەکەی "بەردیبناغە". بڕوانە پێشەکی (دێباجە)

## کردنەوە

**نوێژ بکە بۆ چاوپێکەوتنەکە. پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئایا توانیت کاتێکی تەرخانکراو لەگەڵ خودا بەسەربەریت هەموو ڕۆژێک؟ یارمەتی دایت نزیک ببیتەوە لە خودای ئاسمانیت؟ بۆ ئەوانەی کە نەیانتوانیوە، ئاستەنگەکان چی بوون؟ چۆن بەسەریاندا ڕکێف دەبیت ئەم هەفتەیە؟

### وانەی ٧ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:

**پرسیاری ١:** ا) خانوویکی؛ ب) هەڵبژێردراو؛ پ) خێزانێک **پرسیاری ٢:** عیسای مەسیح
**پرسیاری ٣:** گەلێکی هەڵبژێردراون، کاهینییتی شاهانە، نەتەوەیەکی پیرۆز، گەلی تایبەتی خودان، تاکو چاکییەکانی ئەوە ڕابگەیەنن کە بانگی کردوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەیرەکەی (یەکەم پەترۆس ٢: ٩).

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** هەندێک لێگۆ و یان خشتی بیناسازی لەگەڵ خۆت بەرە بە تێکەڵی بە ڕەنگ و قەبارەی جیاواز.
- کەس دەتوانێت لەم کەڵەکەدا بژیت؟ نەخێر- خشتەکان دەبێت پێکەوە جووتبکرێن بۆ دروستکردنی خانووێک! خشتێکی گەورە دانێ یان قاپێک لە بنەوە و وە دەستبکە بە بنیات نانی خانووێک بە خشتی جیاواز.
ئەمڕۆ، ئێمە دەربارەی کۆمەڵگەی مەسیح فێردەبین – کڵێسا، یان کۆمەڵگەی باوەڕداران.

## گفتوگۆ

### پێشەکی (پرسیرەکانی ١ – ٢)

**پرسیاری ١:** کورتەباسەکەی مەجید بخوێنەوە، وتاری ناو بڵقەکە و پرسیاری ١.
- دەربارەی مەجید چۆن بیرت کردەوە؟ چیت نوسی بۆ پرسیاری ١؟ شوێنکەوتوانی مەسیح کە بە پێشینە موسڵمان بوون لە هەندێک وڵاتان دەتوانن یەکتر ببینن بە ئازادی؛ لە هەندێک ناوچەی تر ڕەنگبێت مەترسیداربێت.
- لە دوای پرسیاری ٢ وتاری مامۆستەکە لە ناو بڵقەکە بخوێنەوە.

### خانووێکی ڕوحانی (پرسیارەکانی ٣-١٠)

**پرسیاری ٣:** بچۆ بۆ یەکەم پەترۆس ٢: ٤-٨ داوا لە یەک کەس بکە بیخوێنێتەوە.
- لە ئایەتی ٥ ئێمە چین، بەردی زیندوو، بنیادنراوین بۆ
- ئایەتی ٦ و ٧ پێناسەی "بەردی بناغە" دەکات. بەردی بناغە چی دەورێک دەبینێت لە ناو تەلارێکدا؟
- بە بیرکردنەوەی تۆ ئەو بەردی بناغە بەنرخە کێیە پێناسە کراوە لێرە؟ عیسای مەسیح، کە لەلایەن خوداوە هەڵبژێردراوە (ئ.٦) و بەنرخە بۆ شوێنکەوتوانی (ئ.٧) بەڵام لەلایان ئەوانی ترەر ڕەتکراوەتەوە (ئ.٧) کێ دادوەری دەکرێت لەلایەن ئەوەوە (ئ.٨).

**پرسیاری ٦:** بڕگەی کۆتای بخوێنەوە.
- وەڵامی ڕاست چییە؟ ب)
- لە شارۆچکەکەی ئێمە، باشترین جێگە کوێیە بۆ یەکتربینینی شوێنکەوتوانی مەسیح؟ تاوتوێکردنی هەڵبژاردنەکان.

هەموو خوێندکارەکان تاقیبکەرەوە دەتوانن جێگەیەک بدۆزنەوە. "خانووێکی ڕوحانی".

لە سوچەکانی بنەوە دادەنیشێت و ئاراستەی هەموو دیوارەکە لە خۆدەگرێت. خاڵی سەرەکی لە سوچی بنەوەی بینای لێگۆکە.

ئەگەر لەبار بوو بۆ کۆمەڵەکە، جیاوازی نێوان بەردی بناغەکەی ئێمە و بەردە ڕەشەکە بکە ئەوەی کە پارچە بنکەیەکی نەریتی ئیسلامە..

لە هەندێک وڵاتان، دامەزراوەیەکی کڵێسا نییە، لە وڵاتەکانی تر جێگەیەکی زۆر هەیە بۆ باوەڕداران بۆ یەکتربینین. تەنانەت ئەگەر، کۆمەڵەی هاوەڵانی شوێنکەوتووی مەسیح لە پێشینەی ئیسلام بیانەوێت لەماڵەوە یەکتری ببینن، نەک لە تەلارێکی کڵێسا.

**پرسیاری ٧:** بڕگەی دووەم بخوێنەوە، بەوە دەستپێدەکات "گەورەمان عیسا شوێنکەوتووەکانی فێر کردووە..."
- ئەمڕۆ لێرە، ئایە هیچ نەبێت دوو یان سێ کەس کۆبووینەتەوە بە ناوی "عیسا"؟
- کەواتە، ئایە عیسا بوونی هەیە لە ناوماندا بە شێوەیەکی تایبەتی؟ ناتوانین ئەو ببینین، بەڵام ئەو لەگەڵمانە بە ڕوحەکەی خۆی.
- ئایا هەستت بە بوونی ئەو کردووە کاتێک لەگەڵ باوەڕدارانی تر یەکتری دەبینن بۆ پەرستن؟ (بڕوانە پ.٩)

## گەلێکی هەڵبژێردراو (پرسیارەکانی ١١-١٨)

**یەکەم پەترۆس ٢: ٩-١٠ بخوێنەوە:** کام دەستەواژەت بەزۆری بەدڵە لە ئایەتی ٩، بۆچی؟

- **ئایەتی ١٠ هەستت چی لێدەکات؟** بۆ هەندێک باوەڕداری بە پێشینە موسڵمان واتای زۆرە لەبەرئەوەی بەتوندی دڵنیایان دەکاتەوە دەربارەی ناسنامە نوێیەکەیان لای مەسیح و کۆمەڵگەکەی.

> **ئێمە کێین؟** یارییەک بۆ ڕاهێنان لەسەر ئایەتی لەبیربوون، **یەکەم پەترۆس ٢: ٩**. داوا لە یەک کەس بکە، 'ئێمە کێین؟' وەڵامی ئەوان 'گەلێکی هەڵبژێردراو'. کەسەکە لە کەسی دواتر بپرسێ 'ئێمە کێین' و وەڵامەکەی ' کاهینییتی شاهانە' و بەردەوام بن، دووپاتی بکەنەوە بەدەوری ژورەکەدا، تاکو هەموویان خاترجەم (دڵنیا) دەبن لەگەڵ دەستەواژەکە.

**پرسیاری ١٤:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە.

- لە چ نەتەوەیەک و کۆمەڵە ڕەگەزێکی جیاواز شوێنکەوتوانی مەسیحت بینیوە؟
- چ شتێکی جیاوازت بینی لە نێویاندا؟
- لەبارودۆخی تۆدا، وا باشترە بەلاتەوە کە تەنها لەگەڵ کۆمەڵە باوەڕدارانی هاونەتەوەیی وڵاتەکەت یەکتری ببینن یان کۆمەڵی تێکەڵ؟

وەکو ئەو خشتە ڕەنگ و قەبارە جیاوازانە ئێمە هەموو جیاوازین، بەڵام ئێمە پێویستە کۆمەڵگەیەکی جوانی باوەڕداران لە پانایی جیاهان دامەزرێنین.

هەردوکیان هەندێک بەرژەوەندی کرداریان تیایە، و هەندێک ڕێگەی جیاواز بۆ یەکگرتنی هەردووک.
ئەم هەڵبژاردانە تاوتوێ بکەن.

**پرسیاری ١٥:** یەکەم برگەی پرسیارەکە بخوێنەوە.

- لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە، خودا بۆچی بانگی ئێمەی کردووە؟
- بۆ چ مەبەستێک خودا ئێمەی هەڵبژاردووە؟
- کەواتە، ئێمە پێویستە چی بکەین؟

لە تاریکییەوە بۆ ڕوناکی.
"تاکو چاکییەکانی ئەو ڕابگەیەنن'. بڕوانە ئایەتی ٩.
بە گەلانی تر ڕابگەیەنن دەربارەی چاکە گەورەکان و باشەکانی خودا.

**پرسیاری ١٦:** سەیری ئەم وێنە بکە. ئەو دوو خاتوونە دەزانن کە مەسیح ئەوانی بانگ کردووە تا بگەشێنەوە بۆ ئەو. چ دەرفەتێکت لەبەردەستایە تاکو بە هەرکەسێک بڵێی دەربارەی چاکە نایەبەکانی خودا.

## خێزانێک (پرسیارەکانی ١٩-٢٢)

**پرسیاری ٢٢:** پرسیارەکە بخوێنەوە. پرسیارە تۆخکراوەکان تاوتوێکەن.

- **وتاری مامۆستاکەی ناو بڵقەکان بخوێنەوە.** چۆن پێناسەی خۆت و بروات بۆ خێزانێکی موسڵمان دەکەی؟
- پێت باشترە کە پێیان بڵێیت 'کە تۆ بوویت بە مەسیحی' یان 'من شوێنکەوتووی عیسای مەسیحم' یان شتێکی دی؟
- ئەم زاروە جیاوازانە واتای چی دەبێت بۆ ئەوان و موسڵمانانی تر.

ئەگەر ئێمە گوێڕایەڵی وشەی خودا ببین ئەوا یەکتری قبوڵ دەکەین وەک برا و خوشکی یەکتری لای مەسیح. ڕەگەز و ناسنامەی جڤاتیمان لە دەست نادەین بەڵام کەسایەتیمان لای مەسیح بگرە بەهێزترە.
لەهەندێک ڕستەدا، وشەی 'مەسیحی' بەستراوە بە ئەلکەهول، بەراز، هۆگری زایندەیەتی (سێکس) و بوون بە دژی ئیسلام. لە هەندێک ڕستەی تردا، ڕەنگبێت تێگەیشتنێکی ڕاستی زیاتری هەبێت واتای 'مەسیحی'. کتێبی پیرۆز هەندێک زاراوەی جیاواز بەکاردەهێنێت بۆ باوەڕداران. ناو چەسپاندن هەڵبژاردەیەکی تایبەتی خۆمانە و بەپێی بارودۆخی ئێمە.

## ئایا تۆ پێویستت بە کڵێسای مەسیح هەیە؟ (پرسیارەکانی ٢٣-٢٥)

**پرسیاری ٢٤:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە. چیت نوسیوە لێرە؟

- ئەی دەربارەی مەجید، بە بیری تۆ مەجید دەتوانێت بە گەرمی وەک شوێنکەوتووی مەسیح بمێنێتەوە بەبێ ئەوانی تر؟
- دووبارە بڕوانە لە پ١ چیت نوسیوە. لەپاش ئەمڕۆ، چ ئامۆژگاریەکت هەیە بۆ مەجید؟

**پرسیاری ٢٥:** وەک خانووەکەی بنیاتماننا، پێکەوە بەستنێکی بەهێزمان پێویستە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی بەهێزی مەسیح بین.

- چۆن دەتوانین بەردەوام ئەم کۆمەڵگەیە بنیاتنێین لێرە؟
- چ دەرفەتێکت هەیە یان بۆت دەکرێت بۆ بینینی شوێنکەوتووەکانی مەسیح؟

| دەرئەنجام | |
|---|---|
| **گوێڕایەڵیکردنی فێربونەکانی ئەمڕۆ:** وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>• **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێنەوە.**<br>• ئایا تۆ بەلانی کەمەوە یەک باوەڕداری تر دەناسی بیبینیت ئەم هەفتەیە؟<br>ئەگەر هەرکەسێک کەس ناناسێت، دەکرێت کەسێکی دی ببینێت لە کۆمەڵەکەدا، یان لەگەڵ تۆدا. | **پێکەوە نوێژ بکەن:**<br>سوپاسی خودا بکە بۆ برا و خوشکەکانت لای مەسیح و داوای لێبکە یارمەتیمان بدات یەکتری قبوڵ بکەین. داوا لە خودا بکە بنیاتمان بنێت لەسەر بناغەی کۆمەڵگەیەکی بەهێزی ڕوحی. |

# وانەی ٨: ئەندامی دوو کۆمەڵگە

| ئامانجی هەر خوێندکارێک: | سەرەداوی کەلتوری: |
|---|---|
| ا) خزمەتی هەردوو کۆمەڵگەی بوونیان و کۆمەڵگە نوێیەکەیان بکەن لای مەسیح.<br>ب) بە ویستەوە ملکەچی ئەوانە بیت لە دەسەڵاتدان، لەبەر خاتری یەزدان.<br>پ) یەکەم پەترۆس ٢: ١٧ لەبەرکە. | • باوەڕدارانی ب.پ.م و کۆمەڵگەی موسڵمان<br><br>**ئامادەکاری:** کاقەز، پێنوسێکی نیشانەکەر. |

## کردنەوە

**پێکەوە نوێژ بکەن. پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** بەلانی کەمەوە شوێنکەوتوویەکی مەسیحت بینی؟ چۆن یارمەتیدەرت بوو؟ ئەو بینینە توانایەکی ڕوحی پێدای؟

**وانەی ٨ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** ا) ڕوحی؛ ب) زەوی **پرسیاری ٢:** مەڵکەچی

**پرسیاری ٣:** ڕێز لە هەمووان بگرن، هاوباوەڕانتان خۆشبوێ (یەکەم پەترۆس ٢: ١٧)

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە: ئێمە بەشێکین لە چ کۆمەڵگەیەکی جیاواز؟** (ب.ن. خێزان، جێگەی ئیش، شەقام، کڵێسا). داوا لە هەموویان بکە هاوبەشی بکەن دەربارەی کۆمەڵگەکەی خۆیان، بیان نوسە بە نیشانەکەرەکە بۆ ئاماژەپێکردنیان لە کۆتایدا .

ئەمڕۆ با ئەوە تاوتوێ بکەین کە چۆن دەتوانین بەشێک بین لە دوو کۆمەڵگە لە هەمان کاتدا، و چۆن دەتوانین هەوڵ بدەین خزمەتی هەردوکیان بکەین .

## گفتوگۆ

### ئەندامی دوو کۆمەڵگە

**یەکەم پەترۆس ٢: ١١-١٢ بخوێنەوە:** هەمووکەسێک دەکرێت ئەو پارچەیە بدۆزێتەوە.

- لەبەرچی ئایەتی ١١ بە "نامۆ و بێگانە" بانگمان دەکات یان لە هەندێک وەرگێڕانی تردا "دانیشتووی کاتی" ؟
- نا – مەسیحییەکان بە وردی لە هەڵسوکەوتمان دەڕوانن. دەکرێت چۆن لە نێویاندا بژین، لە ڕوانگەی ئایەتی ١٢؟

لەبەرئەوەی نیشتیمانی ڕاستەقینەی ئێمە لەگەڵ مەسیحە تاهەتایە، بڕوانە پ ١.
ئەوەندە بە خۆشی دەژین بە جۆرێک کە تەنانەت هەستی پێدەکەن و دەیناسنەوە، سەرەڕای ئەوەش بە چەوتی دەدوێن و پێمان دەڵێن خراپەکار.

**پرسیاری ٢:** تەواوی بڕگەکە بخوێنەوە.

- لە چ دوو کۆمەڵگەیەک خودا بانگمان دەکات خزمەتی ئەو بکەین؟
- ئەگەر کەسێک وتی، 'پێویست ناکات ئێمە خزمەتی کۆمەڵگەی زەویمان بکەین، ئەوەی گرنگبێ کۆمەڵگەی ڕوحیمانە' چ وەڵامێکی دەدەیتەوە؟

کۆمەڵگەی ڕوحی کڵێسای مەسیح، و کۆمەڵگەی زەوی (کۆمەڵگەی لەدایکبونمان) کە تێیدا دەژین.
تاوتوێکردن. لە ڕوانگەی یەکەم پەترۆس ٢، خودا بانگی کردووین لە هەردوو کۆمەڵگەکە خزمەت بکەین.

**پرسیاری ٤-٥:** پرسیاری ٤ ب) بخوێنەوە.

- چیت نوسیوە لێرە؟ تکایە ئەزمونی خۆت هاوبەش بکە.
- لە ڕوانگەی ئەوەی نوسیوتە لە پرسیاری ٥، باشترین ڕێگە چییە بۆ 'بێدەنگکردنی ئەوانەی قسەی هەڵیتوپەڵیت دەکەن بەرامبەر خەڵک'

کات بدە بە هەموویان ئەگەر ویستیان شتێک هاوبەش بکەن.

چاکەکاری

### چاکەکاری (پرسیارەکانی ٥- ٩)

**پرسیاری ٧:** بڕگەی یەکەم بخوێنەوە.

- ڕاستت لە کام وەڵامانە دا لێرە؟
- دەتوانی بیر لە ڕێگەیەکی تر بکەیتەوە کە بتوانین 'چاکە بکەین' بۆ کۆمەڵگە و نیشتیمانەکەمان؟

**پرسیاری ٨:** بڕگەی دووەم بخوێنەوە.

- چی بیرۆکەیەت نوسیوە لێرە؟
- لە ناو هەموو ئەو بیرۆکانەی پرسیاری ٧ و ٨، کامیان دەتوانی بکەیتە کردارەوە؟

هەموو خوێندکارێک هیچکە نەبێت پێوسیتە خاڵێکی دەستپێک هەڵبژێرن کە پەیوەندیدار بێت بە بارودۆخی ئەوانەوە.

## ملکەچبوونی دەسەڵاتدارانی خۆمان (پرسیارەکانی ١٠-١٣)

**یەکەم پەترۆس ٢: ١٣-١٧ بخوێنەوە:** داوا لە خوێندکارێک بکە نوسینەکە بخوێنێتەوە، هەر یەکە و بە زمانی خۆی ئەگەر کۆمەڵێکی تێکەڵ بوون.

- **لە ئایەتی ١٣، خودا ڕاماندەسپێرێت چی بکەینە؟** 'ملکەچی هەرچی دەسەڵاتی مرۆڤ بین'.
- **لەبەر خاتری کێ ئێمە پێویستە ملکەچ بین؟** 'لەبەر خاتری یەزدان'.
- **لە ڕوانگەی ئایەتی ١٦، ئازاد بژین واتای ئەوەیە هەرچی بەدڵمان بوو بیکەین؟** نەخێر، ئێمە ئازاد نین بۆ نەگریسی کردن. لە جیاتی ئێمە 'کۆیلەی خوداین'. لە وانەی ١٥ زیاتر فێر دەبین دەربارەی ئەمە.

**پرسیاری ١٣:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە .

- چیت نوسیوە بۆ پرسیارەکە
- تاوتوێکردن. لەناو ئەو جۆرە دەسەڵاتانەدا باوەڕداران دەبێت بڕیار بدەن ئایا دەتوانن لەسەر هەندێک کێشەی گچکە ڕێکەون و کێشە گەورەکان و گرنگەکان چین کە " دەبێت گوێڕایەڵی بۆ خودا بێت زیاتر لەوەی بۆ خەڵک " (کردار ٥: ٢٩).
- **ئەگەر لە دوکانێکدا ئیش بکەیت و سەرکارەکەت پێت بڵێت گزی لە کڕیارەکان بکە، چی دەکەیت؟ بەرسف بدەوە لە ژێر ڕوناکی نمونەکەی ئێستا فێر بوویت لە نێردراو پەترۆسەوە.** تاوتوێکردن. ئەمە قورسە! ئێمە نامانەوێت گوێڕایەڵی خودا نەبین بەڵام هەروەها نامانەوێت ئیشەکەمان لەدەست بدەین.

## ملکەچبوونی سەرکارەکەمان (پرسیارەکانی ١٤-٢٠)

**یەکەم پەترۆس ٢: ١٨ بخوێنەوە**

- ئەم ئایەتە بۆ کێ نوسراوە؟ — کۆیلەکان.
- لە ڕوانگەی تووە، چی دەبێت قورس بێت وەک کۆیلە ئیش بکەیت؟ — ب.ن. تۆ ئیشی قورس دەکەیت بەڵام نە پارە و نە ئازادیت هەیە.
- کۆیلەکانی ئایەتی ١٨ پێویستە تەنها ملکەچ بن '*بۆ چاک و دڵنەرمەکان*' و گەورەکان یان *بەڵکو بۆ' توندەکانیش*'؟ — هەردووک.
- ئەگەر سەرکارێکی نارەوامان هەبوو، یان خەڵکانێک کە بە ئیشەکانی ئێمە پێنازانن، چ ئاسودەییەک و توانایەک دەتوانین دەرکێشین لە یەکەم پەترۆس ٢؟ — ئێمە ملکەچ دەبین لەبەر خاتری خودا، (ئ. ١٣ و ١٨)، ئ ٢٠: ئەگەر بناڵێنین بە دەست چاکەکردنەوە لەبەردەم خودا شایەنی ستایشکردنە.
- ئایا کەسێک لە ئێمە بارودۆخێکی ئاوای هەیە کە بەلایەوە زۆر قورسە ملکەچی دەسەڵات بێ بەسەربییەوە؟ تکایە هاوبەشی بکە — لە کۆتایدا نوێژ دەکەین بۆ ئەم بارودۆخانە.

**پرسیاری ١٩:** تەماشای دوو پیاوەکە بکە.



- ئایا پێت پەسندترە کوڕەکەت ببێت بە خاشاک کۆکەرەوەیەکی ڕاستگۆ یان مامۆستایەکی زانکۆی نارِاستگۆ؟
- چۆن بیر دەکەیتەوە کە یەزدان چی دەوێت؟

**ڕاهێنان لەسەر ئایەتی لەبیربوون بکەن، یەکەم پەترۆس ٢: ١٧ ا:** ڕێز لە هەمووان بگرن، هاوباوەڕانتان خۆشبوێ.

- کێ دەتوانێت بێلەبەر یەکەم پەترۆس ٢: ١٧ ا بڵێتەوە؟ هانی هەموویان بدە جارێک بیڵێن بێلەبەر.
- کام وشە پێمان دەڵێت کە دەوری خۆمان هەبێت لەناو کۆمەڵگەی زەویمان؟
- کام وشە پێمان دەڵێت کە دەوری خۆمان هەبێت لەناو کۆمەڵگەی ڕوحیمان؟

## دەرئەنجام

**گوێڕایەڵیکردنی فێربونەکانی ئەمڕۆ:** وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تودا دەکات؟ ئایا کەسانێک هەن تازە دەستیان کردبێت بە جێبەجێکردنی وانەی ئەمڕۆ لە ژیانیاندا؟

**ئەرکی کرداری بخوێنەوە.**

**هاندان:** سەیری ڕیزبەندی کۆمەڵگەکان بکە کە لە دەستپێکدا نوسیت. چۆن دەتوانی خزمەتیان بکەیت؟ بگەڕێوە بۆ پرسیاری ٧ و ٨ و بڕیار بدە بۆ هەفتەی داهاتو ئەرکێک بۆ یەکێک لە کۆمەڵگەکان بکەیت، یان یەکێک لە ئەرکی کرداری بکە کە پێشنیار کراوە لە پەرتوکی خوێندن.
وە بەردەوامبە لەگەڵ خوێندنی ماڵەوە!

**پێکەوە نوێژ بکەن:** بە جووت یان بە کۆمەڵ نوێژ بکەن ئەگەر شیاوە.
نوێژ بۆ ئەندامی هەر کۆمەڵەیک بکەن کە بارودۆخەکەی وایە کە قورسە ملکەچی دەوڵەتی نارەوا بێت یان سەرکارێکی توند.
داوا لە خودا بکە یارمەتیمان بدات ڕێگەیەک بدۆزینەوە خزمەتی کۆمەڵگەی زەوی و ڕوحی بکەین ئەم هەفتەیە، و ملکەچی ئەوانە بین لە دەسەڵاتن لەبەر خاتری مەسیح.

# وانەی ٩:    هۆیەکان بۆ چەوسانەوە

| **ئامانجی هەر خوێندکارێک:** | **سەرەداوی کەلتوری:** |
|---|---|
| ا. ئەوە دڵنیابە کە هیچ شتێک لێکمان جیا ناکاتەوە لە خۆشەویستی خودا.<br>ب. ئەوە تێبگە کە چەوسانەوە ڕودەدا، بەڵام خودا بەکاریدەهێنێت بۆ چاکەی خۆمان.<br>پ. فێربە ژیرانە کردار بکە بۆ خۆ دوورە پەرێزگرتن لە چەوسانەوەی ناپێویست.<br>ت. یەکەم پەترۆس ٢: ٢١ لەبەرکە. | • ئامۆژگاریکردنی باوەڕدارانی ب.پ.م لە کاتی چەوسانەوە<br><br>**ئامادەکاری:** چەند پارچە کاخەزێک لەگەڵ چەند وشەیەک لە ڕۆما ٨: ٣٦ (بۆ پ ١٢) |

## کردنەوە

**نوێژ بۆ وانەکە بکە. پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** چیت کرد بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەی ئێمە یان کەسێکی نەدار یان کەسێک لە دەسەڵاتدا؟ کەسەکەی تر کاردانەوەی چۆن بوو؟

**وانەی ٩ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** مەسیحیش لە پێناوتاندا ئازاری چێژت و نموونەی بۆ بەجێهێشتن، تاکو بە هەنگاوەکانیدا بڕۆن (یەکەم پەترۆس ٢: ٢١).

**پرسیاری ٢:** ١) جیهان، ڕقی؛ ٢) خودا، چەوسانەوەی؛ ٣) کرداری، گەمژانە ؛ ٤) هەنگاوەکانی، مەسیح

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** بابەتی ئەمڕۆ چەوسانەوەیە، وە مژارێکی زۆر قورسە. لەوانەیە لە گفتوگۆکانماندا ئەسرین بڕێژین لەبەر ئەو ئەزمونە ئازاراوییەی پێیدا تێپەڕیوین. بەڵام خودا چەوسانەوە بۆ چاکە بەکاردەهێنێت، وە ژانەکانمان دەڕۆن و چاک دەبینەوە هەر کە ئەم شتانەمانە تێپەڕاند.

## گفتوگۆ

### هۆی یەکەم – جیهان ڕقی لێمانە (پرسیارەکانی ١-٦)

**پرسیاری ١-٢:** هەمووی پرسیاری ١ و یەکەم بەشی پرسیاری ٢ بخوێنەوە.

- چ وەڵامێکت دانا بۆ پ ٢؟ یان بە ئەزمونی چەوسانەوەدا تێپەڕیویت لە هیچ ڕێگەیەکی ترەوە؟ ئایا ئێستاش هەر ڕووبەڕووی چەوسانەوە دەبیتەوە؟
  ئێستا بۆستە و پێکەوە نزا بکەن بۆ هەر کەسێک لەناو کۆمەڵەکەتاندا کە ئێستاش ڕووبەڕووی چەوسانەوە دەبێتەوە یان هەر ئازار دەچێژێت بەدەست چەوسانەوەی ڕابردوو.

با هەموویان دەربارەی ئەزمونی خۆیان قسە بکەن. ئەمە کاتێکی زۆر گرنگە بۆ هاوبەشکردن و وە ڕەنگبێت فرمێسک بڕێژن بە گوێبیستن. هەموویان دڵنیا بکەوە ئەوە شتێکی ئاساییە.

**پرسیاری ٥:** لە چوارگۆشەکەدا، چیرۆکە ڕاستەقینەکەی هەیم بخوێنەوە. هەست بە چ سۆزێک دەکەیت

### هۆی دووەم – خودا ڕێگەی چەوسانەوەی داوە (پرسایرەکانی ٧-١٣)

**یەکەم پەترۆس ١: ٣-٧ بخوێنەوە**

- لە ڕوانگەی ئایەتی ٤، میراتی ئێمە لە کوێیە؟ لە ئاسامانە.
- ئایا میراتەکەمان هەرگیز دەفەوتێت و گڵاو دەبێت و کاڵ دەبێتەوە؟ نەخێر – جیا لە میراتی سەر زەویمان!
- لە ڕوانگەی ئایەتی ٥، چی پاسەوانیمان لێدەکات لە ئەم کاتەدا؟ هێزی خودا.
- کاتێک ڕووبەڕووی "تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر" دەبینەوە ، دەبێت کاردانەوەکانمان چۆن بێت، لە ڕوانگەی ئ. ٧؟ دڵخۆش دەبین.
- ئایەتی ٧ دەڵێت باوەڕی ئێمە لە چ دەچێت؟ لە زێڕی لەناوچوو نرخدارترە'.
- زێڕەنگەر بۆچی ئاڵتون دەکاتە ئاگرەوە؟ بۆ پاڵاوتن، ب.ن. بۆ وەرگێرانی ٩ عەیارە بۆ ٢٤ عەیارە.
- کەواتە، خودا بۆ ڕێگە دەدات ئێمە بە چەوسانەوەدا تێپەڕین؟ بۆ سەلماندنی باوەڕمان و بۆ پاقژ کردنمان، پێدانی حەوسەڵە و بەهێز کردنمان. ئاگری پاڵەوگەی ئەو لە ٩ عەیارەوە دەمانکات بە ٢٤ عەیارەی باوەڕی بە نرخ!

**پرسیاری ١٠:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە. ڕاستت لە چ وەڵامێک دا؟ هەستت چۆنە دەربارەی ئەمە؟
تەنها ا) وەڵامی ڕاستە. هەرچۆنێک بێت، مەبەستی گفتوگۆ لەبەر خوێندکارەکانە بۆ ئەوەی ڕازگۆ بن دەربارەی گومان و خەباتی تایبەتییان. ئینجا دەتوانن خۆیان بۆ وشەکانی خودا بکەنەوە بە ڕێگەیەکی ڕازگۆیانە. کەواتە خودا دەتوانێت بیرکردنەوەیان بگۆڕێت و بەهێزیان بکات هەتا متمانە بە خودا بکەن کە ئەو باشە تەنانە لە کاتی ئازار دانیشدا.

**پرسیاری ١١:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە. چیت نوسی بۆ بەشی ب)؟ دەربارەی ژیانی خۆشت هاوبەش بکە!

**پرسیاری ١٢:** کاتێک بە دژوارییەکی توندا تێدەپەڕین، باوەڕداران هەندێک جار وا هەست دەکەن کە خودا دەستبەرداریان بووە یان سزایان دەدات. ئەو چەند ڕاهێنانەی خوارەوە یارمەتی زیاتریان دەدات متمانە بە خۆیان بکەن کە خودا هەر ئەوانی خۆش دەوێت و هەرگیز دەست بەرداریان نابێت. پێشەکی، لەسەر چەند پارچە پەڕە ئەم وشانە بنوسە "ناخۆشی"، "تەنگانە"، "چەوسانەوە"، "قاتوقڕیی"، "ڕووتی"، "مەترسی"، "شمشێر"، هەروەها لەسەر دوو پەڕەی تر بنوسە ' 'ناتوانێت جیامان بکاتەوە' و 'دەتوانێت جیامان بکاتەوە' وە لەسەر مێزەکە یان لەسەر زەوی دایاننێ. لە کۆتایدا، لەسەر پەڕەیەک وشەی 'مردن' بنوسە' بۆ بەکارهێنانی وەک سەردێڕ.

- **ڕۆما ٨: ٣٥** بخوێنەوە. کامێک لەو شتانە دەتوانێت جیامان بکاتەوە لە خۆشەویستی مەسیح؟ هەر کەسە و پارچە پەڕەیەک هەڵگرێت و لە ژێر سەردێری "دەکرێت جیامان بکاتەوە" یان "دەکرێت جیامان نەکاتەوە" دانێت.
- **ڕۆما ٨: ٣٦** بخوێنەوە. ئایا ئەم ئایەتە پێناسەی خێزانەکەی هەیم دەکات وەک هەموویا ڕووبەڕووی مردن بوونەوە؟
- هەمووتان پێکەوە بە یەک دەنگ **ڕۆما ٨: ٣٧-٣٩** بخوێنەوە. ئایا مردنیش دەتوانێت خێزانەکەی هەیم لە خۆشەویستی مەسیح بکات؟ نەخێر! ئەوان ڕێک چوون بۆ لای خودا.

ئەو پەڕەیەی دەڵێت 'مردن' بخە ژێر ئەو سەردێرەی دەڵێت 'ناتوانێت جیامان بکاتەوە' .

- ئایا هیچشتێک دەتوانێت ئێمە لە خۆشەویستی مەسیح جیا بکاتەوە بە هەر شێوەیەک؟ نەخێر، تەنانەت مردنیش ناتوانێت!

## هۆی سێیەم – ئێمە هەندێکجار کرداری گەمژانە دەکەین (پرسیارەکانی ١٤-١٧)

**پرسیاری ١٤:** دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکەی شاکل پرسیارەکە بخوێنەوە:

- بۆچونی تۆ چۆنە دەربارەی ئەمە؟
- ئایا شاکل ڕووبەڕووی چەوسانەوەی پێویست بوو یان ناپێویست؟
- چۆن دەبێت خۆمان بپارێزین لە چەوسانەوەی ناپێویست؟
- ئایا دەبێت خۆمان بپارێزین لە چەوسانەوەی پێویست؟

**خوێندکارەکان بیربهێنەوە کە خوێندنی ماڵەوە باشتر یارمەتییان دەدات بەشداری گفتوگۆکان بکەن.**

ب.ن. شاکل گەمژانە کردەوەی کردن بە هێنانی شەرمەزاری بۆ خێزانەکەی و ڕاکردن لە ماڵەوە و سوکایەتی کردن بە باوکی.

ناپێویست.

ب.ن. بە ڕێزگرتنی گەورەکانمان و پشتگیری کردنی خێزانەکەمان و هەوڵ بدەین شوورەییان بۆ نەهێنینەوە. ئەوەندەی گونجاوە و دەکرێت.

دەبێت نکۆڵی لە ناوی مەسیح نەکەین. بەڵام دەکرێت شوێنەکەمان بگۆڕین، بڕوانە پ.١٧.

**پرسیاری ١٧:** بڕگەی دووەم بخوێنەوە.

- **بۆچوونی تۆ چییە لەسەر ئەم پرسیارە؟** وەڵامی 'ڕاست' و 'هەڵە' دەکەوێتە سەر هەلومەرجەکان. کەسێک کە ژیانی لە مەترسیدا بێت و پێویست بێت بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ ماوەیەک. هەرچۆنێکبێت، ئەگەر ژیانیان لە مەترسیدا نەبوو ئەوا دەتوانن لە شوێنی خۆیان بمێنەوە بە بێدەنگی هەتا هەلومەرجەێکی شیاوتر دەرەخسێت. دەبێت هەوڵی ئەوە بدەن کە لەگەڵ خێزەنەکەیان دڵسۆز و سەرڕاستبن هەرچەندە ئەوان شوێنکەوتووی عیسای مەسیحیشن.

## هۆی چوارەم – ئێمە شوێن هەنگاوەکانی مەسیح دەکەوین (پرسیارەکانی ١٩-٢٢)

**یەکەم پەترۆس ٢: ١٩-٢١ بخوێنەوە:**

- ئایەتی ٢٠ چۆن پێناسەی ئازار چێژینی ناپێویست دەکات؟
  'ئەگەر هەڵەتان کرد و لێتان درا، ئەمە چ شانازییەکە؟'
- ئەم ئایەتە چۆن پێناسەی ئازار چێژینی پێویست دەکات؟
  'بۆیە ئەگەر چاکە بکەن و لە ئازاردا بەرگەتان گرت، ئەمە جێی ستایشە لەلای خودا؟'
- ئەگەر ئێمە دەبووایە ئازاری چەوسانەوە بچێژین، دەبێت شوێن جێ پێی کێ بکەوین لە ڕوانگەی ئایەتی ٢١؟
  گەورەمان عیسا بەسەر 'ڕێچکە دڕکاوییەکەدا' ڕۆیشت و وە ئەوە شانازییە بۆ ئێمە بە شوێن هەنگاوەکانی ئەودا بڕۆین!

**پێداچوونەوە و ڕەنگدانەوەت هەبێت لەسەر ئایەتی لەبیربوون لە یەکەم پەترۆس ٢: ٢١:** لەگەڵ ئایەتەکان لە پەرتوکی پیرۆزدا کە فێر دەبین ، پێویستە ئێمە لێیان وردببینەوە. ئەمە یارمەتیمان دەدات گوێبیستی ئەوە بین کە خودا چۆن قسەمان لەگەڵ دەکات لە ڕێگەی ئایەتەکانەوە و وە چۆن دەیەوێت ئێمە کاردانەوەمان هەبێت. دەتوانی ئەمانە بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەرخەیت لە کاتی وانەکەدا:

١) داوا لە هەموویان بکە دڵی خۆیان بێدەنگ بکەن لەبەردەم خودا. داوا لە خودا بکە قسە لەگەڵ هەموومان بکات لە ڕێگەی وشەکانییەوە

٢) داوا لە هەموویان بکە یەکجار بە هێواشی ئایەتی لەبیربوون بڵێنەوە بە دەنگی بەرز.

٣) هەر کەسە دەبێت ئایەتەکە بە بێدەنگی چەندجارێک بۆ خۆیان بڵێنەوە. گوێ بگرە بزانە خودا چی دەڵێت و ڕەنگدانەوەت هەبێت لەسەر هەر بەشێکی ئایەتەکە. بەلانی کەمەوە ٥ خولەک ڕێگە بدە بۆ ئەمە.

٤) داوا لە خودا بکە پیشانی هەر یەکەتان بدات کە چۆن دەیەوێت تۆ کاردانەوەت هەبێت. چەند خولەکێک ڕێگە بدە بۆ ئەمە.

٥) بە کۆمەڵ یان بە جووت هاوبەشی بکەن کە خودا لە ڕێگەی ئەم ئایەتەوە چۆن قسەی لەگەڵ تۆ کردووە و چۆن تۆ کاردانەوەت دەبێت.

## دەرئەنجام

**گوێڕایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ:**

- وانەی ئەمڕۆ چ جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟
- **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە.** خوێندکارەکان دەتوانن هاوشێوەی ڕەنگدانەوەی قۆناغی ئەمڕۆیان بەکار بهێنن بۆ وردبوونەوە لە هەر ئایەتێک هەموو ڕۆژێک. تێبینی چاک (ت.ب) پرسیارە ڕاستەکان ئەمانەن ١، ٣، ٧، ٩، ١١، ١٥، ١٨، ٢٠، ٢٢ – وەک پەرتوکی خوێندنی چاپی ٢٠١٣ نییە.

**پێکەوە نوێژ بکەن:** داوا لە هەموویان بکە نزایەکی کورت بکەن، سوپاسی خودا بکەن بۆ بەڵێنە بەهێزەکەی لە کاتەکانی چەوسانەوەدا. نزا بۆ ئەو باوەڕدارانە بکە کە لە وڵاتەکانی تر لە ژێر چەوسانەوە ئازار دەچێژن. بەتایبەتی شوێنکەوتوانی مەسیحی پێشینە موسوڵمان.

# وانەی ١٠: بەرپەرچدانەوەی چەوسانەوە

| | |
|---|---|
| **ئامانجی هەر خوێندکارێک:**<br>ا) بەڕاستی باوەڕی بەوە هەبێت کە لێخۆشبوون باشترە لە تۆڵە.<br>ب) هەنگاو بنێت بۆ لێخۆشبوون لەو کەسی ئازاری داوە.<br>پ) مەتا ٥: ٤٤ لەبەرکە. | **سەرەداوی کەلتوری:**<br>• تۆڵە و لێخۆشبوون<br><br>**ئامادەکاری:** بۆ پ. ٤، بنوسەوە و بیکە چەند پارچەیەک ماتا ٥: ٤٤. |

## کردنەوە

**ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئایا توانیت هەموو ڕۆژێک ڕەنگدانەوەت هەبێت لەسەر ئەو ئایەتە پێشنیار کراوانەی پەرتوکی پیرۆز؟ ئەمە چۆن بوو بۆ تۆ؟ کام ئایەتە کاردانەوەی بەزۆری هەبوو بۆ تۆ؟

**وانەی ١٠ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** لێخۆشبوون

**پرسیاری ٢:** دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە.



**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** بڕوانە پێشەکییەکە، دوو کەس وتەی دوو پیاوەکان بخوێننەوە:

**ئایا هەرگیز هەستت وەک ئەم دوو پیاوە بووە؟** ڕێگە بە خوێندکارەکان بدە ڕوانگەی خۆیان هاوبەش بکەن دەربارەی ئەم خاڵە بەبێ ڕووبەڕووبونەوە. ئەمڕۆ فێری ئەوە دەبین کە خودا چۆن دەیەوێت ئێمە بەرپەرچی چەوسانەوە بین و بەتایبەتی ئێمە چۆن لە دوژمنەکانمان خۆشبین.

## گفتوگۆ

### سووڕی تۆڵەکردنەوە (پرسیارەکانی ١-٣)

**پرسیاری ٢:** پێکەوە تەماشای وێنەکە بکەن.

- چ نمونەیەکت نوسی کاتێک سووڕی تۆڵەکردنەوەت بینی ڕودەدات.؟
- لێخۆشبوون گرانە و تۆڵەکردنەوە ئاسانە. بەڵام کامیان زامەکە قوڵتر دەکەن؟

### لێخۆشبوون لەجیاتی تۆڵە

مەتا ٥: ٤٤ ئایەتی لە بیربوون بنوسەوە و هەندێکی لێببڕە. داوا لە هەموویان بکە وشەکان بخەنە بەردەمی خۆیان

**پرسیاری ٤:**

- عیسا چۆن فێرمان دەکات کە دەربازبین لە سووڕی تۆڵە سەندنەوە؟
  عیسا فێری کردوین دوژمنەکانمان خۆشبوێت و لێیان خۆشبین.

**پرسیاری ٥:** تەواوی پرسیارەکە بخوینەوە.

- عیسا چ نزایەکی کرد کاتێک پوازەکان کوتران بە دەستەکانیدا؟ "باوکە لێم خۆشبە'.
- ئایا عیسای مەسیح ڕێبەرێکی لاواز بوو یان بەهێز؟ ئەو توانایەی هەیەتی توانی چی بۆ بکات؟ لێخۆشبوون
- دەتوانین چ فێر بین لە نمونەکانی ئەو؟ لێخۆشبوون هێمای لاوازی نییە، بەڵکو توانا و بوێرییە.
- کێ توانامان دەداتێ لە دەژمنەکانمان خۆشبین؟ عیسا، بە هێزی ڕوحەکەی کە لە ئێمەدا دەژی.

**یەکەم پەترۆس ٢: ٢١-٢٥ بخوێنەوە:**

- لە ڕوانگەی ئایەتی ٢٢ ئایا عیسا شایەنی ئەوە بوو ئازار بچێژێت؟ نەخێر، 'هیچ گوناهێکی نەکردبوو'.
- بڕوانە ئایەتی ٢٣. لەجیاتی بەدوای تۆڵەدا بگەڕێت یان نەفرەت لە چەوسێنەرەوەکانی بکات، عیسا چی کردن؟
  دەستی نەوەشاندەوە و هەڕەشەی نەکرد. لەجیاتی، 'بەڵکو خۆی دەدایە دەست ئەوەی کە حوکمی دەداپەروەرانە دەکات'.
- تەماشای ئایەتی ٢٤-٢٥ بکە. عیسای مەسیح چی بۆ ئێمە کردووە؟ گوناحەکانمانی هەڵگرت لەسەر خاچەکە و بە برینەکانی ئەو چاکبووینەوە. چونکە ئێوە وەک مەڕی ونبوو وابوون، بەڵام ئێستا گەڕانەوە لای شوانەکەتان.
- هەست بە چ دەکەی، لەبیرمان بێت عیسا هەموو ئەوانەی بۆ ئێمە کرد؟
- ئەوە زۆر گرانە کە دوژمنەکانمان خۆشبوێت و نزا بۆ ئەوانە بکەین دەمان چەوسێنەوە. کەواتە بۆ چی دەبێت هەوڵ بدەین ئەمە بکەین؟ عیسا یەکەم جار لە ئێمە خۆشبوو وە سەربەستی کردین. ئەو خۆی نمونەیەکە کە لە دوژمنەکانمان خۆشبین. ئەو ئێمەی ڕاسپاردووە ئەمە بکەین. لێخۆشبوون سووڕی تۆڵە دەشکێنێت و دەرمان دەهێنێت لە تاڵی.

**بۆچی لێخۆشبوون؟** چوونە ناو ئەم بابەتە بە قوڵتری، ئەگەر کات هەبوو.
بە جووت، خوێندکارەکان دەبێت **مەتا ١٨: ٢١-٣٥** بخوێنەوە، بۆ چەند خولەکێک وتووێژ بکەن و ئەوسا تێبینی وەرگرە کە چ فێربوون لە کۆمەڵەکە. ئەگەر گونجاوبوو، ئەتوانن چیرۆکێک بڵێن یان بگێڕنەوە.

**پرسیاری ۹:** یەکەم بەشی چیرۆکەکەی فەرید بخوێنەوە.

- ئەگەر فەرید خشتەی تۆڵە سەندنەوەی دابڕشتایە، ئەنجامەکەی ئێستا چ دەبوو؟

دەدرایە دەست شەیتان. هاوکارەکەی ڕەنگبوو دەستی بووەشاندایە، سووڕی تۆڵە درێژەی بکێشایە

**پرسیاری ۱۰:** دووەم بەشی چیرۆکەکەی فەرید بخوێنەوە.

- چ ئەنجامێکی باشی هەبوو لەبەرئەوەی فەرید لەبری تۆڵە سەندنەوە لێیخۆشبوو؟
هاوکارەکەی زۆر بەقوڵی کاریگەری تێکرا و وە دوایان بوو بە شوێنکەوتووی مەسیح.

**هەروەها ئەوەش بخوێنەوە کە چ ڕوویدا:** پاش ئەوەی نامەی لێخۆشبوونی نوسی فەرید ڕۆیشتەوە ماڵەوە. بەڵام هەر تەنگەژە دایگرتبو کە موچەی تەواوی مانگەکەی لەدەست چوو. فەرید وتی، ئەو شەوە نەمتوانی بخەوم، هەر هەڵبەز و دابەزم بوو لەسەر جێگەکە هەتا لە کۆتایدا هەستام و چووم لە هەیوانەکە دەستمکرد بە نزا کردن. هەر لەوەدا بووم بێمەوە ناو دەرگاکەی ژوورەوە کەسێک بەردێکی هەڵدایە ناو هەیوانەکەوە. بەردەکە نامەیەکی پێوە بەسترابوو کە لە مەسیحییەکی ترەوە بوو کە زیاتر لە مانگێک بوو نەم بینیبوو لەبەر هەندێ هۆی ئاسایشی. نامەکە بڕێک پارەی تێدا بوو کە ڕێک بوو لەگەڵ هەمان بڕی موچەکەی من. سەرسام بووم. یەزدان چەند دڵسۆزانە ئاگای لە منە!" ([www.pneumafoundation.org](http://www.pneumafoundation.org))

- ئەگەر تۆ لەجێگەی فەرید ئەو نامەت بەدەست بگەیشتایە، **هەستت بە چی دەکرد؟** تاوتوێکردنی نزیکترینی هەستەکان.

**پرسیاری ۱۲:** چیرۆکی مریەم و پرسیارەکە بخوێنەوە.

- بۆچی وا بیردەکەیتەوە کە خودا یارمەتی دارایی فەریدی داوە بۆ ئەوەی لەدەستی داوە بە شێوەیەکی سەرسامانە، بەڵام یارمەتی مریەمی نەداوە؟
- چ مریەمی سەربەست کرد لەوەی ڕقی لە خزمەکەی خۆی نەبێتەوە؟
فەرید لێخۆشبوونی هەڵبژارد. ئینجا خۆشی جێگیر بوو لە دڵیدا!

ئێمە نازانین. خودا دەزانێت چ باشە بۆ هەر یەک لە ئێمە و وە ئیش دەکات بۆ چاکە لە ژیانماندا. هەندێکجار پەرجوویەکمان نیشان دەدا بۆ بەهێزکردنی باوەڕمان وەک فەرید. هەندێکجار وامان لێدەکات بە ڕێگە سەختەکەدا بڕۆین بۆ بەهێزکردنی خۆڕاگریمان هەر وەک مریەم.

**پرسیاری ۱۳:** پرسیارەکە بخوێنەوە. چت نوسی لێرە؟
هەندێکجار ڕەوایە نارەزای دەربڕی، بەتایبەتی لەبری مەسیحیەکانی تر. هەندێکجار نێردراو پۆڵس نارەزای دەردەبڕی کاتێک ناڕەوایانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد (ب.ن. کردار ۱۶: ۳۵-۳۷). بەڵام دەبێت هەمیشە نارەزاییەکی یاسایی بێت، نەبا تۆڵەکردنەوە.

**پرسیاری ۱۵:** چیرۆکەکە بخوینەوە. ئایا ئەم باوەڕدارە بەلایەوە ئاسان بوو لەوانە خۆشبێت کە لێیان داوە؟ نەخێر.

- ئەو وتی ئازاری چێشتووە لە ڕێگەی لێخۆشنەبوونی چەوسێنەرەوەکانی. بە بڕوای تۆ مەبەستی چییە لە ئەمە؟ پێدەچێت ئازاری چێشتبێت بەدەست ئەو تاڵییەی لە ناخیدا هەیە.
- کاتێک تۆ وەرزی دایگرتی و ڕەتت کردەوە لێخۆشبیت؟ ئەنجامەکەی چ بوو بۆ تۆ؟
- ئەگەر لە کەسەکە خۆشبیت و دەستبەرداری وەرزی بیت، ئەمە چ جیاوازییەک دەکات؟

**ئێستا ڕستەکەی دوا چوارگۆشەکە و وتاری ناو بڵقەکە بخوێنەوە.**

- دەکرێت بیر لەکەسێک بکەیتەوە کە ئازاری دابێتی؟ بیر لە ناوی ئەو کەسە بکەرەوە لە بۆشایەکی بەتاڵ و ناوەکەی بە بێدەنگی بڵێ بێ ئەوەی ئێمە بزانین. کات بدە بە هەموویان بۆ ئەوەی بە بێدەنگی ئەمە بکەن. نابێت داوا لە خوێندکارەکان بکرێت ناوی کەسەکە بڵێن بەدەنگی بەرز یان بینوسن بۆ خۆلادان لە دەرخستنی نهێنیەکانی خەڵک.
- ئایا توانیت ئەمە بکەیت؟ هەستت چۆن بوو بە وتنی ئەو وشانە؟

## خۆشی لە ئازارەکانماندا (پرسیارەکانی ۱۷-۱۹)

**یەکەم پەترۆس ٤: ١٢-١٦ بخوێنەوە.** هەموویان دەبێت ئەم بەشە پارچەیە بکەنەوە لە پەرتوکەکانیان.

- لەم پارچەدا دڵخوازترین (هەڵبژاردە) ئایەت کامە بوو بەلای تۆوە و بۆچی؟
- بۆنەیەکمان پێ بناسێنە کە خودا دڵخۆشی دابێتی لە ناوەندی ئازار چێژیندا.

## دەرئەنجام

| گۆیرایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ: | پێکەوە نوێژ بکەن ئەرکی کرداری بەکاربهێنن: |
| --- | --- |
| ئەم هەفتەیە داوا لە خودا بکە کە هەرکەسێکی تر هەبێت لێیخۆش بیت. زۆر بەلاتەوە ئاستەم بێت و نەتوانی بە توانای خۆت بیکەیت. کەس زۆریت لێناکات لێخۆش بیت، بەڵام ئەگەر لێخۆشبوونت هەڵبژارد، خودا توانایت دەداتێ کە لێخۆشبیت و جێبەجێی بکەیت. ئینجا خۆشییەکی یەکجار گەورەت پێدەبەخشێت لە ژیانتدا!<br>**دەربارەی بابەتی ئەمڕۆ دەکرێت بە کێ بڵێیت ؟**<br>دەتوانی چیرۆکی خزمەتکارە لێخۆشنەبووەکە لەگەڵ ئەو کەسەدا هاوبەش بکەی (مەتا ١٨: ٢٣-٣٥). | ڕێنمایی خوێندکارەکان بکە لە نوێژدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە:<br>**یەکەم** داوا لە خودا بکە کەسێکمان نیشان بداد پێویست بێت لێیخۆش بین.<br>**ئینجا** هەنگاوی ۱ و ۲ بە هێواشی بخوێنەوە.<br>**نوێژ** نوێژەکەی هەنگاوی ۳ پێکەوە، هەموویان بەبێدەنگی ناوی ئەو کەسە بهێنن کە دەیانەوێت لێیخۆشبن.<br>**بیخوێنەوە** هەنگاوی کۆتایی. نوێژ بۆ هەموویان بکە کە خودا هێزیان بداتێ بۆ بەردەوامی لێخۆشبوون بەم ڕێگەیە. |

# وانەی ١١: ژن و مێرد

**ئامانجی هەر خوێندکارێک:**
ا. تێگەیشت لە شێوازی خودا بۆ هاوسەرگیری: یەک پیاو بە یەکگرتووی لەگەڵ یەک ئافرەت، بۆ تەواوی ژیانیان.
ب) بیانەوێت هاوسەریان ڕازی بکەن لەسەرو خۆیانەوە
پ) بڕوایان وابێت کە پیاوان دەبێت ژنەکانیان پێش دایکیان بخەن.
ت) لەبەرکردنی پەیدابوون ٢: ٢٤.

**سەرەداوی کەلتوری:**
- هاوسەرگیری لە ئیسلامدا
- دایکێتی لە ئیسلامدا

**ئامادەکاری:** پێنوس و پەڕە. کێشەیەک ئامادە بکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەری. بۆ پ.٣.

## کردنەوە

**ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئایا توانیت لە کەسێک خۆشبیت کە ئازاری دابیت؟ چ جیاوازیکی لە ژیانی تۆدا دروست کرد؟
قسە لەگەڵ ئەو ئەندامە بکە کە ناتوانێت قسە دەربارەی لێخۆشبوون بکات یان زۆر ئەستەنگە بەلایەوە.

**وانەی ١١ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** "دایک و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر دەبنە یەک جەستە" (پەیدابوون ٢: ٢٤).
**پرسیاری ٢:** یەک، یەک، تەواوی. **پرسیاری ٣:** ا) ملکەچی؛ ب) هەستیارییەوە. **پرسیاری ٤:** من

**نوێژ بۆ وانەی ئەمڕۆ بکە و بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** پەیوەندی ئێمە لەگەڵ هاوسەرمان گرنگترین پەیوەندی مرۆڤایەتییەوە کە هەمانبێت تەنانەت گرنگترە لە پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوکمان. بابەتی ئەمڕۆمان شێوازی خودایە بۆ هاوسەرگیری. **زۆر گرنگە لەگەڵ وانەی ئەمڕۆدا بگونجێین، ب.ن. ئەگەر خوێندکارەکان هاوسەرگیرییان نەکردبوو. ئێمە** پێشنیاری ئەوە دەکەین کە کۆمەڵەی گفتوگۆکردن هەمان ڕەگەز بن لەگەڵ ڕێبەرێکی هەمان ڕەگەز. سەرنج بخەرە سەر پرسیارێک کە پەیوەست بێت بە خوێندکارەکانتەوە. ئەم بابەتە زۆر گرنگە. کەواتە پەلەی لێ مەکە و وەرەوە سەری ئەگەر دوایان پێویستی کرد.

## گفتوگۆ

### شێوازی خودا بۆ هاوسەرگیری (پرسیارەکانی ١-١١)

**پرسیاری ٢:** هەر یەکەی دەستەواژەکان بخوێنەوە و پرسیار بکە:
- ئایە خودی خۆت لەگەڵ ئەم دەستەواژەدا هاوڕای؟
- بۆ یان بۆ نا؟

ئەم وەڵامانە لە بۆچوونی بابلیکەوە هاتووە لەسەر بنەمای فێربوونی پیاوان و ئافرەتان بەدیهێندراون لەسەر وێنەی خودا، بەڵام بۆچوونی مەسیحییەکان دەکرێت جیاواز بێت لە هەندێک لایەنەوە بە پێی دەوری ڕەگەزەکە.

**پرسیاری ٣:** بەسەر ئایەتی لەبیربوودا بچۆرەوە، پەیدابوون ٢: ٢٤.
- شێوازی خودا بۆ هاوسەرگیری چییە؟ بڕوانە پرسیارەکە
- دەبێت چ ڕوودات لە نێوان ئەوان، لە جەستە، مێشک و ڕوح؟ دەبێت یەکگرتوو بن – یەک جەستە
- لەو کەلتوورەی ئێمە تێیدا دەژین، کەی و چۆن هاوسەرگیری دەستپێدەکات؟
- دەبێت جیاوازی چۆن بێت بۆ ئەوانەی شوێنکەوتووی مەسیحن؟ لەسەر خۆ تاوتوێی کێشەکان و بەرەنگاربوونەوەکان بکە لەو جێگەی لێی دەژیت، ب.ن. من لە ڕۆژ ئاوا دەژیم: چۆن هاوژینێک بدۆزمەوە، جێژوانی لەگەڵدا بکەم، پێکەوە بژین، زایەند (جووتبوون) پێش هاوسەرگیری، ئاهەنگێران و زەماوەند. وە ڕونیکەوە کە دەبێت جیاوازییەکە چ بێت بۆ مەسیحییەکان.

**پرسیاری ٥:**
تەماشای وێنەکە بکە.
- هەر یەک لە ئێوە چیتان نوسیوە بۆ پرسیاری ٥ ا) و ب)؟



ئەمە سناریۆیەکی دێرینە ڕەنگبێت زۆرێک لە خوێندکارەکان بیناسنەوە. بنەماکانی بابلیکان ڕوونە کە ژن دەبێت پێش هەموو شتێک بێت، بەڵام چاودێری و ڕێز بۆ دایک و باوکی بنەمایەکی بابلیکانە لە ژێر چاودێریدا لە ڕۆژهەڵات.
**پێکەوە پرسیاری ٤ بخوێننەوە.**

بابەتی دواتر تاوتوێ بکەن، تەڵاق، بە هاستیارییەوە و وە فێری نارینی و جوانی و لێخۆشبوون و نیعمەتی خودا بکە بۆ ئەو بڕوادارانەی کە بە ڕێگەی تەڵاقدا ڕۆیشتوون.

**پرسیاری ٧:** مەتا ١٩: ٣-٦ بخوێنەوە.
- لە سەردەمەکانی کۆندا بۆ پیاو ئاسان بوو ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات. مەسیح چ دەفەرموێت لە ئ.٥؟
- ژن و مێرد چۆن دەتوانن هاوسەرگیرییەکەیان پتەوە بکەن، نەک تەنها بە ڕواڵەت بەڵکو هەروەها بە مێشک و دڵیشیان؟
- لە ئ.٦، ئایا مەسیح دەفەرموێت هاوسەرگیری تەنها گرێبەستێکی مرۆڤیانەیە، یان شتێکی گەورەتر؟

لە ڕاستیدا، هەندێک لە فەریسییەکان دەیانگوت ئەگەر ژن خواردنەکەی سوتاند ئەوا پیاو دەتوانێت تەڵاقی بدات!
پەیدابوون ٢: ٢٤.
پێکەوە کات بەسەربەرن و قسە لەگەڵ یەکتری بکەن و پێکەوە شتەکان بکەن وەک هاوڕێیەکی ڕاستەقینە.
ئیسلام بیرۆکەیەکی هاوسەرگیری وەک گرێبەستێک فێری خەڵک دەکات بەڵام کتێبی پیرۆز دەفەرموێت لەوە قورسترە کە باسی دەکرێت زۆر بە ئاسانی بشکێندرێت.
خودا 'پێکەوەی گرێداون' بۆ ئەوەی مرۆڤ نەتوانێت بیشکێنێت (هەروەها بڕوانە ئ.٩).

- لە ڕوانگەی وشەکانی مەسیحەوە لە ئایەتی ٦، بۆچی تەڵاق هەڵەیە؟

هەرچۆنێکبێت، هەندێکجار هاوسەرگیری شکست دێنێت تەنانەت لە نێوان شوێنکەوتوانی مەسیحیشدا.

**پرسیاری ٩:** پرسیارەکە بخوێنەوە. ڕاستت لە کام وەڵام دا؟ بە بۆچوونی تۆ بۆ ئەمە ڕوودەدات؟

ا)، و ب) زۆر باون لە گۆمەڵگای موسڵمانان‌دا. ڕەنگبێت هەندێ دۆخی دەگمەنی وەک پ) هەبن.

**پرسیاری ١٠:** وتاری ناو بڵقەکە و برگەی کۆتایی بخوێنەوە. چیت نوسی لێرە؟

پیاوەکە وا بیردەکاتەوە کە ژنەکەی مڵکی ئەوە. بەڵام کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات پیاو و ئافرەت بەهایەکی یەکسانیان هەیە.

**پرسیاری ١١:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە. چۆن یارمەتیدەرمان دەبێت، کە بزانین خودا هەست بە ژانەکانمان دەکات؟

ڕەنگبێت خوێندکارەکان لەناو یەکێک لەم جۆرە بارودۆخە دڵناخۆشانەدا بن. یارمەتیان دەدات کە عیسای مەسیح لەسەر ئەم زەوییە هاوەڵێکی زۆر بەهێزە بۆ ئەو کەسانەی ئازار دەچێژن و وە ئەو هەست بە ژانەکانمان دەکات ئەگەر ئێمە دڵخۆش نەبووین لە هاوسەرگیرییەکانماندا.

## ژن و مێرد لە یەکەم پەترۆس (پرسیارەکانی ١٢-٢٢)

**پرسیاری ١٣:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە.

- بۆچی هەندێکجار قورسە بۆ ژن ملکەچی مێردی خۆی بێت.
- بۆچی هەندێکجار قورسە بۆ مێرد هەستیار بێت بەرامبەر ژنی خۆی.

ب.ن. ڕەنگە مێردەکە خۆپەرست بێت، یان خۆسەپێن بێت یان ژیر نەبێت یان ڕەنگە ژنەکەی بییەوێت بە ڕێگەی خۆی بڕوات.
ب.ن. زۆرێک لە مێردەکان چاوەڕێی ژنەکانیان دەکەن خزمەتیان بکات.



**پرسیاری ١٥ و ٢٠:** داوا لە دوو کەس بکە (پ ١٥) و (پ ٢٠) بخوێننەوە بە دەنگی بەرز، بزانە ژنەکە و تاریق دەڵێن چی.

- دەیانەوێت کێ ڕازی بکەن – خۆیان یان هاوسەرەکانیان؟
- خودا دەیەوێت ئێمە زیاتر بایەخ بە چی بدەین: چۆن هاوسەرەکانمان ڕازی بکەین یان چۆن مێرد/ژن دەتوانێت ڕازیمان بکات؟ نمونەیەک بهێنەوە چۆن هەوڵ دەدەیت هاوسەرەکەی خۆت ڕازی بکەی یان چیت بەلاوە قورسە بیکەیت دەربارەی.

**پرسیاری ٢١ و ٢٢:** برگەی یەکەم بخوێنەوە.

- ئایا پیاو دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی ڕاگیر بکات بەبێ ئەوەی لە ژن و منداڵەکانی بدات؟

لە هەندێک کەلتوردا، لێدانی-ژن باوە، بەڵام کتێبی پیرۆز دەفەرموێت 'ژنەکەی [خۆت] خۆشبوێت وەک جەستەی [خۆت]'. ئەفەسۆس ٥: ٢٨.

- یەکەم پەترۆس ٣: ٧ دەفەرموێت دەبێت ژن چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ 'بە هەستیارییەوە' و 'لەگەڵ ڕێزدا'.
- نمونەیەک پێشکەش بکە کە ئەمە بە کرداری لە چ دەچێت.
- **پرسیاری ٢٢ بخوێنەوە:** چیت نوسی؟ ڕەنگبێت وەڵامەکان جوودابن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە یارمەتی مێرد بدات کە بیر لەوە بکاتەوە چۆن بە هەستیارییەوە لە ژنەکەی بڕوانێت بە ڕێگەیەک کە خۆپەرستانە نەبێت.

## مەسیح و هاوسەرەکەت (پرسیارەکانی ٢٣-٢٦)

**پرسیاری ٢٤:** چیرۆکە ڕاستەقینەکەی ناو چوارگۆشەکە و پرسیارەکەی خوارەوەش بخوێنەوە. بۆچوونی تۆ چۆنە؟

ڕەنگبێت هاوسەرەکە بێت بە مەسیحی. بەڵام تەنانەت ئەگەر نەشبوو، کاتێک شوێنکەوتووی مەسیح بە حەوسەڵە و خۆشەویست بوو ئەوا یاریدەدەر دەبێت بۆ بەردەوامی ئاهۆنی لە ماڵەکەدا.

**پرسیاری ٢٦ ا:** برگەی یەکەم بخوێنەوە.

- ڕاستت لە کام وەڵام دا، و بۆچی؟
- چۆن دەتوانن 'هاوبەشانە منداڵەکانتان ڕابهێنن شوێنکەوتووی عیسا بن'؟

ب.ن. ببە بە نمونەیەکی مەسیحی باش؛ کات و سەرج و خۆشەویستی و تەمبێکردنی ژیرانە بدەین بە منداڵەکانمان: داوای لێبووردن بکەین ئەگەر شکستمان هێنا؛ نزایان بۆ بکەین: نوێژ و پەرتوکی پیرۆزیان لەگەڵ بخوێنین هەموو ڕۆژێک: بەشداریان پێبکەین کاتێک باوەڕدارانی تر دەبینین.

**پرسیاری ٢٦ ب:** وتاری ناو بڵقەکەی مامۆستاکە بخوێنەوە. **ئەم ڕاهێنانە بگونجێنە لەگەڵ کۆمەڵەکەی خۆتدا.**

- پەڕە و پێنوس بدە بە خوێندکارەکان. لە ٥ خولەکدا، هەر کامێکیان بنوسە و سەرنج بدە:
- ٥ بیرۆکەی کرداریی بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەت یان مێردەکات.
- **یان**، ئەگەر هاوسەرگیرت نەکردووە، ٥ ناوچە کە دەتەوێت تێیدا گەشە بکەی، بۆ ئەوەی ببیت بە ژن یان مێردێکی باش.

## دەرئەنجام

**گوێڕایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ"** گرنگترین شت چ بوو ئەمڕۆ فێربوویت دەربارەی هاوسەرگیری؟ چۆن ئەمە دەکەیتە ڕاهێنانەوە؟

- کامێک لەو بیرۆکانەی نوسیوتە ئەم هەفتەیە دەیکەیت؟

**هاندان:** خوێکی هاوسەرگیری مەسیحی پێشنیارکە ئەگەر پەیوەندی داربوو. پێشنیازی قسەکردنی نهێنی بکە بۆ هەر کەسێک ئەگەر هەر پرسیارێکیان هەبوو دەربارەی ئەم وانەیە.

**پێکەوە نوێژ بکەن:** دابەشبن بەسەر جووت ڕەگەزی سەڵت یان جووت هاوژینێک کە هاوسەرگیریان کردبێت بۆ داوا کردن لە خودا یارمەتیان بدا بۆ گوێڕایەڵیکردنی ئەوەی فێربوون دەربارەی هاوسەرگیری.

# وانەی ١٢: چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانمان

**ئامانجی هەر خوێندکارێک:**
ا) ڕێگەیەکی باش هەڵبژێرە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، نەک خراپ.
ب) باش تێبگە و ڕاهێنان لەسەر سێ هەنگاوەکە بکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی بە ڕێگەیەکی باش.
پ) یەکەم پەترۆس ٣: ١١ لەبەرکە.

**سەرەداوی کەلتوری:**
- ناکۆکییەکان و چۆنێتی چارەسەرکردنیان
- ئایا خودا هەستی هەیە؟

**ئامادەکاری:** ئەگەر یاریەکتان کرد دڵنیابە کە دەورەکانی دەبیندرێت گونجاوە بۆ خوێندکارەکان. خاچێک و گۆرانیەک ئامادەکە بۆ کاتی نزاکردن.

## کردنەوە

**ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئەم هەفتەیە چت کرد بۆ پتەوکردنی هاوسەرگیرییەکەتان و دڵخۆشکردنی هاوسەرەکەت؟ چۆن گوزەرا؟ یان ئەگەر هاوسەرگیریت نەکردووە، چ ئەرکی کرداریەکت ئەنجامدا؟

**وانەی ١٢ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** هەر سێ ڕێگەکە خراپن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.
**پرسیاری ٢:** هەستەکانت، قسە، لێخۆشبوون بدە و وەرگرە.
**پرسیاری ٣:** بەدوای ئاشتیدا بگەڕێت و کۆششی بۆ بکات (یەکەم پەترۆس ٣: ١١)

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** وەک باوەڕداران ئەوە گونجاوە بۆ ئێمە بە ئاشتی لە ژیانێکی بێخەوشدا بژین و هەرگیز ناکۆکیمان نەبێت؟ بە ڕواڵەت گونجاوە، بەڵام بە کردەوە شوێنکەوتوانی مەسیح، وەک نا مەسیحی وان، ناکۆییان هەیە، هەرچۆنێکبێت دەبێت وەک باوەڕدارێک ڕێگەیەکی باشترمان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانمان بەراورد بە نا-مەسیحییەکان.

## گفتوگۆ

### ناکۆکییەکان لەنێوان شوێنکەوتوانی مەسیح (پرسیارەکانی ١-٥)

**پرسیاری ٥:**
- لە دەستەواژەی ا) بۆ ج)، ڕاستت لە کامێکیان دا؟
- لە دەستەواژەی چ) چ نمونەیەکت نوسی لە ڕوانگەی ئەزمونی خۆتەوە؟

### خودا تامەزرۆیە ئێمە ناکۆکییەکانمان چارەسەر بکەین (پرسیاری ٦)

**پرسیاری ٦:**
- به بۆچوونی تۆ کردارەکانمان خودا دڵتەنگ دەکات؟ ئیسلام دەڵێت کردارەکانمان کاریگەری لەسەر خودا نابێت، بەڵام پەرتوکی پیرۆز فێرمان دەکات کە کردارەکانمان کاریگەری دەبێت لەسەر خودا. ب.ن. پەیدابوون ٦: ٥-٦، یەزدان 'خەفەتبار' بوو بە گوناحەکانی خەڵک و وە دڵگرانیش بوو'.
- بۆچی وا بیردەکەیتەوە کە ناکۆکییەکانمان خودا دڵتەگ دەکات؟ ب.ن. مەسیح نرخێکی گەورەیدا بۆ هێنانی ئاشتی بۆ ئێمە. ئەو تامەزرۆی ئەوەیە کە ئێمە لە ئاشتیدا بژین. هەروەها کاتێک ئێمە ناکۆکیمان هەیە شایەتێکی خراپ دەبێت بۆ بێباوەڕان.

**یەکەم پەترۆس ٣: ٨-١٢ بخوێنەوە:**

| | |
|---|---|
| • چ کردەوەیەک و کردارێکی باش یارمەتیمان دەدات پێکەوە بە ئاشتی بژین؟ (ئ. ٨) | ئ. ٨، بیروڕاتان هەبێ، هاوسۆزبن و خۆشەویستی برایانەتان هەبێ، میهرەبان و ڕۆحسووک بن. |
| • ئێمە دەبێت لە چ کردارێکی خراپ خۆمان لادەین؟ (ئ. ٩) | ئ. ٩، خراپە بە خراپە مەدەنەوە، نە جنێویش بە جنێو، بەڵکو بە پێچەوانەوە داوای بەرەکەت بکەن. |
| • دەبێت چ بکەین لە جیاتی؟ | |
| • دەبێت چیتر بکەین. لە ئایەتی ١٠؟ بۆچی؟ | |
| • ئەم پارچەیە چ جیاوازییەک لە هەڵسوکەوتی ئێمەدا دەکات ئەگەر جارێکی تر ناکۆکیمان هەبوو لەگەڵ کەسێک؟ | ئ. ١٠، با زمانی لە خراپە بپارێزێت ولێوەکانی لە فێڵبازی. |
| • چ بەشێکی ئەم پارچەیە ئایەتی لەبیربوونە؟ بێلەبەر هەمووی بڵێرەوە. | لەبەرئەوەی زمانی خراپە و فێڵبازی ناکۆکیەکانمان تێکوەردەدات و خەستری دەکات. |

### ڕێگە خراپەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان (پرسیارەکانی ٧-١٠)

**پرسیارکانی ٧-١٠:** تاوتوێی ئەو سێ ڕێگە خراپەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بکە.
- چ کاریگەرییەکی نەرێنی دەبێت لەسەر خەڵک و پەیوەندییەکانیان؟
- ئایا هیچ کەسێک ئەزمونی هەیە لەسەر ئەم ڕێگە خراپانە؟ ئەنجامە نەرێنییەکان چین؟

## ڕێگەیەکی باشتر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان (پرسیارەکانی ۱۱-۲۳)

**کام سێ هەنگاو دەتواندرێت بەکاربێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان؟ تاوتوێی هەر یەکەیان دەکەین.**

**هەنگاوی ۱: هەستەکانت بهێنە بۆ خودا.**

**پرسیارەکانی ۱۱-۱۳:** بۆچی باشترە هەستەکانمان بهێنین بۆ خودا بەرلەوەی بچین بۆ لای کەسێکی دیکە؟

به یارمەتی خودا، دەتوانین بەسەر توڕەیماندا زاڵبین. ئینجا دەتوانین بە هێمنی لەگەڵ کەسەکەی تردا قسە بکەین. ئەگەر بە توڕەیوە بڕۆین، ئەوا شتەکان خراپتر دەکات.

**هەنگاوی ۲: قسە لەگەڵ کەسەکەی تر بکە.**

**پرسیاری ۱٤:** وتاری بڵقەکان بخوێنەوە.

- دەربارەی گفتوگۆکانیان چ باشە؟
- بۆچی ئەو شتانە هەمووی یارمەتیان دەدات ناکۆکییەکان چارەسەرکەن؟

ئەوان لەسەرخۆ بوون و بە ئەسپاییەوە گوێیان دەگرت بۆ یەکتری بەبێ یەکتر بڕین. پێناسەکردنی هەستەکان، بە ڕاستگۆیی و خۆشەویستیەوە.

**پرسیاری ۱۷:**

- چیت نوسی لێرە؟ بۆ؟ کاتێک لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا دەربارەی کێشەکان قسە دەکەین بڵاو دەبێتەوە بە بەرفراوانی، وەک تۆو بچێنی و با بیبات. ئازارەکە زیاتر دەکات و ئاشتەوای قورستر دەکات.
- ئایا ئەوە شتێکی باشە کەسی سێیەم بەشداری پێبکرێت، وەک ناوبژیوان؟ گفتوگۆکردن. چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ لە نێوان دوو کەسدا ئاساییانە باشترە. بەڵام جاروبار ئەگەر خۆیان نەیانتوانی چارەسەری بکەن، ئەوا باشترە ناوبژیوانیان هەبێت کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی و ڕێزیان هەیە بۆی. بەتایبەتی کە کەسێکیان دەیەوێت لە ناکۆکیدا بە زۆری کەسەکەی تر خۆبەدەستەوەبدات بۆ ئەوی تریان (بڕوانە پرسیاری ۹).

**هەنگاوی ۳: لێخۆشبوون بدە و وەرگرە.**

**پرسیاری ۲۰:** وتاری بڵقەکان بخوێنەوە.

- لەم وتووێژەدا، کێ داوای لێبووردن دەکات: عەلی یان کەریم؟

هەردووکیان! هەریەکەیان ناوی ئەو بەشە دەهێنن کە خەتابارن تێیدا و وە داوای لێبووردن دەکەن بۆی.

**دانیشتنێک بۆ ڕاهێنان – چارەسەرکردنی کێشەکان لە یارییەکدا بە دەوربینینی بە نۆبە ( ٥ خولەک بە گفتوگۆوە)**

کۆمەڵەکە بە جووت دابەش بکە و یارییەکیان بۆ دیاری بکە کە دەوری تێدا ببینن بە نۆبە ١ یان ٢. یەک کەس دەبێت بە کەسی ا، و یەکیش دەبێت بە کەسی ب و وە جووتێک نمایش دەکەن کە چۆن نزیک دەبنەوە لە چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە. لە دوایاندا، جوتێک یان دوو جووت خۆبەخشانە دەوربینینی بە نۆبە نیشانی تەواوی کۆمەڵەکە دەدەن.

١ کەسی ا پێشتر پارەی داوە بە هاوڕێکەی کەسی ب، بەڵام پارەکەی نەگەڕاندۆتەوە لە کاتی خۆیدا. کەواتە کەسی ا گلەیی دەکات لە کەسی ب لای کەسێکی تر.

٢ ژن و مێردێک خزمێکیان بانگێشت دەکەن بۆ خوانێکی تایبەتی. ژنەکە (کەسی ب) درەنگ خواردنەکە دێنێت، مێردەکەی (کەسی ا) زۆر توڕەیە لە ژنەکە لەبەر چاوی میوانەکان. ژنەکەی هەست دەکات مێردەکەی شکاندویەتی لای میوانەکان و وە مێردەکەش هەست دەکات ژنەکەی شکاندویەتی لای میوانەکان.

**پاش ئەوەی یاریەکەت بینی: ئایا ئەوان سێ هەنگاوەکەیان بەکارهێنا؟ چۆن بوو؟ چ فێر بوویت؟**

**پرسیارەکانی ۲۲-۲۳:**

- بۆچی ئێمە دەبێت لێخۆشبین؟ خودا لە ئێمە خۆشبووە.
- دەبێت چەند جار لە کەسێک خۆشبین؟ پێکەوە مەتا ١٨: ٢١-٢٢ بخوێنەوە و تاوتوێی بکەن.
- تەماشای وێنەکەی پ.۲۳ بکە. پێناسەی هەستی تۆ دەکات کاتێک لەگەڵ کەسێکدا ئاشت دەبیتەوە.
- چ بکەین ئەگەر کەسێک ڕەتی کردەوە ئاشت ببێتەوە؟ وتاری مامۆستاکە بخوێنەوە لەناو بڵقەکاندا..

**هەندێک کات بە بێدەنگی بەسەربەرن تاوەکو هەموویان ناکۆکییەک هەیانە یان دەیزانن بیهێننە بەردەم خودا.**

## دەرئەنجام

| **گوێڕایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ:** | **پێکەوە نوێژ بکەن: لەبیرتبێت کە ئێمە لێبووراوین!** |
|---|---|
| • ئەمڕۆ چ فێربوویت کە گۆڕانکاری بەسەر چۆنێتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بێنێت؟<br>• **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە،**<br>• ئەرکی کرداری تەنها ڕێگاکە ئامادە دەکات بۆ قسە کردن لەگەڵ ئەو کەسە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر پێویستە بیکەی. کاتێک خودا فەرموی کاتەکە لەبارە، بڕۆ و قسە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکە. | ١. پێکەوە گۆرانی بڵێن یان ئاوازێک لێدەن دەربارەی لێخۆشبوون بە زمانی ئینگلیزی بێت یان خوێندکارەکان، ب.ن. "من بووراوم" (ئای ئەم فۆرگڤن). دەتوانی خاچەکە دانێیت بۆ ئەوەی خەڵکەکە سەرنج بدەنە سەری. کاتێک بەبێدەنگی بەرنەسەر بۆ ئەوەی لێبووردەیی مەسیح ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەرمان.<br>٢. داوا لە خەڵک بکە بە بێدەنگی نزا بکەن و داوا لە خودا بکەن یارمەتییان بدات بۆ ئاشتەوای لەگەڵ هەر کەسێک بۆی پێویستە.<br>٣. نزا بکە بۆ ڕەحمەت و پارێزگاری لە بەڕێوەچونی لێخۆشبوون و ئاشتەوای بۆ هەر کەسێک لەم هەفتەدا. |

# وانەی ١٣: شایەتی دان

**ئاماجی هەر خوێندکارێک:**
ا) دەمەوێت دەربارەی مەسیح بە خەڵکانی تر بڵێم.
ب) ژیر بین و بزانین بە کێ دەڵێین، و کەی.
پ) بتوانین شیبکەینەوە کە عیسای مەسیح چی کردووە بۆ ئێمە.
ت) یەکەم پەترۆس ٣: ١٨ لەبەرکە.

**سەرەداوی کەلتوری:**
- موسڵمانەکان و شایەتی (شەهادە)
- بوێری و وشیاری؟
- 'پردێک' بکە بەهێڵکاری

**ئامادەکاری:** پارچە ڤیدۆیەکی ئارەزوومەندانە بۆ پ.١٣

## کردنەوە

**پێداچوونەوە بکە بە ئەرکی کرداری:** توانیت ناکۆکییەکانت لەگەڵ کەسێک چارەسەر بکەیت، یان ئایا تۆ هەر نزا بۆ دەرفەتێکی گونجاو دەکەیت؟ چی ڕوویدا؟

**سوپاسگوزاری خودا بکە بۆ ئەوەی کە بۆ ئێمەی کردووە، ئینجا نوێژ بکە بۆ ئەم وانەیە**

**وانەی ١٣ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**
**پرسیاری ١:** ا) ترسە؛ ب) ئامادەبە؛ پ) دڵنەرمی، ڕێزەوە
**پرسیاری ٢:** ا) ئامادەبە، وەڵامدانەوە؛ ب) دڵنەرمی، ڕێزەوە **پرسیاری ٣:** بڕوانە پ.١٠ (یەکەم پەترۆس ٣: ١٨)

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** کێ دەرباری ژیانی نوێی لای عیسا پێی گوتی؟ داوا لە هەموویان بکە بۆ هاوبەشکردن. ئێمە ژیانێکی نوێمان هەیە لەبەرئەوەی کەسێک دەرباری ئەمە پێی گوتوین. بە هەمان شیوە ئێمە دەبێت دەرباری ژیانی نوێمان هاوبەشی بکەین لەگەڵ خەڵک وە پێیان بڵێین لە کوێ دەتوانن بیدۆزنەوە ئەو ژیانە نوێیە. شایەتی دان (شەهادە) ئەرکێکە بۆ هەموو شوێنکەوتوانی مەسیح.

## گفتوگۆ

### شایەتی دان بۆ مەسیح (پرسیاری ١)

**یەکەم پەترۆس ٣: ١٤-١٥ بخوێنەوە**

- فێری کام سێ ڕێنیشاندەرە گرنگە بووین بۆ شایەتی دان لە یەکەم پەترۆس ٣: ١٤-١٥؟ 'مەترسە'، 'ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار'، 'بە دڵنەرمی و ڕێزەوە'.

### مەترسن (پرسیارەکانی ٢-٧)




**پرسیاری ٥:** پرسیارەکە بخوێنەوە.
- کامێک لە ئەندامانی موسڵمانی خێزانەکەت دەزانن کە تۆ ئێستا شوێنکەوتووی مەسیحی؟
- ئایا بە ئاسایی تۆ وەک ئەو پیاوەی وێنەکە نزا دەکەیت یان وەک ئەم خاتوونە؟

**پرسیاری ٦:** پرسیارەکە بخوێنەوە. چ وەڵامێکت نوسی لێرە؟
- ئایا هەتائێستا 'ڕووبەڕووی تاقیکردنەوە بوویت' کاتێک خزمە موسڵمانەکەت زانی کە تۆ شوێنکەوتووی مەسیحی؟ ئەگەر وایە، چی ڕوویدا و ئەنجامەکەی چ بوو؟ گفتوگۆیەکی گرنگە، پەلەی لێ مەکە.
- ئەگەر هێشتا ڕووبەڕووی ئەمە نەبوویتەوە، دەتوانی ڕۆژەکە دیاری بکەی کەی پێیان دەڵێیت یان ڕەنگبێت لەدەستی خۆت نەمێنێت و ئاشکرا ببێت؟ ئێمە پێویستە ئامادەبین نەبا لە کاتێکی چاوەڕواننەکراوا ڕوودات.

### ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوە (پرسیارەکانی ٨-١٣)

**پرسیاری ٨:** داوا لە خوێندکارەکان بکە چ دەڵێن دەربارەی ا، ب و پ هاوبەشی بکەن. وەڵامێکی گونجاو:
**ا.** کوڕەکە دەسەڵات و کەسایەتی خودا دەنوێنێت. ئێمە 'کوڕ' وەک خوازە بەکار دەهێنین، نەک بە واتای وشە. ب.ن. لە عەرەبیدا 'کوڕی شەقام' واتا ڕێبوار، وە لە فارسیدا 'کوڕی کابوڵ' واتە خەڵکی کابوڵ.
**ب.** ئێمە بابوباپیران و تیرە و خێزانەکانمان خۆش دەوێت. شوێن عیسای مەسیح دەکەوم لەبەرئەوەی ڕۆژهەڵاتییە نەک ڕۆژئاوایی. لە یەکەم هەزارەدا زۆربەی مەسیحییەکانی جیهان ڕۆژئاوایی نەبوون، وەک هەمان ڕاستییە دووبارە ئەمڕۆ!
**پ.** ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن مەسیحییەکان پەرتوکی پیرۆزیان گۆڕیوە. لە مۆزەخانەکانی جیهاندا هەزارن پەرتوکی پیرۆزی دەستنووسی کۆن هەن. بە بەراورد کردنیان متمانەیەکی مەزنمان دەداتێ دەرباری نوسینە ڕەسەنەکەی پەرتوکی پیرۆز.

**پرسیاری ٩:** وتاری ناو بڵقەکە بخوێنەوە. چ وەڵامێکی ئەم خاتوونە دەدەیتەوە؟
**پرسیاری ١٠:** پرسیارەکە بخوێنەوە و ڕاهێنان لەسەر ئایەتی لەبیربوون بکە.

### ڕاهێنان: مزگێنی ئێمە بە خەڵک ڕاگەیەنە

**پرسیاری ١٣:** هەموویان بە جوودا دابەش بکە.

- یەکەم کەس بە سێ خولەک شی دەکاتەوە کە عیسای مەسیح چی بۆ مرۆڤایەتی کردووە. دەبێت ئەو وەڵامانە بەکاربهێنێت کە لە پ.١٣ نوسیویانە. ئەوان هەروەها دەتوانن تەواوکاری ٢ بەکاربهێنن ئەگەر ویستیان.
- ئینجا ئاڵوگۆڕ بە یەکتری بکەن و کەسی دووەمیش سێ خولەکی پێبچێت بۆ شیکردنەوەکەی.
- وەرنەوە بۆ لای یەکتری دووبارە. ئایا ئەم مەشقە یارمەتی دان بۆ ئەوەی "ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان"؟
- ئایا یەکەم پەترۆس ٣: ١٨ یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کە یەزدانمان عیسا چی بۆ مرۆڤایەتی کردووە؟

**پێگوتنی چیرۆکەکانمان لە پێغەمەرانەوە:**

- پێویستە یەکسەر لە عیسا و پەیمانی نوێوە دەست پێنەکەین. چۆن پەیمانی کۆنی پێغەمەران بەکار دەهێنی وەک گەشتێکی ڕێنمای بەرەوە عیسای مەسیح؟

هاوڕێ موسڵمانەکانمان زۆر ئاشنان بە پێغەممەران وەک ئادەم، نوح، ئیبراهیم ، یوسف، موسا و داود. بەڵام قورعان زانیاری تەواو نادات دەربارەی ئەوان. دەتوانین زانیاری زۆر سەرنج ڕاگێشتر دەربارەی پێغەممەران بە هاوڕێکانمان بڵێین لە تەوراتدا. ئینجا، بە بەکارهێنانی ئەو چیرۆکانە پیشانیان دەدەین کە ئەوان چۆن ئاماژەمان پێدەکەن بەرەو مەسیح، قوربانییەکی بێخەوش و ئەنجام بۆ هەڵەکەی ئادەم.

**ئەگەر کات هەبوو، سەیری سەرەتای فلیمەکەی عیسا بکەن (وەشانی دەستپێکردنی بەدیهێنان)، یان چیرۆکی پێغەمبەران' لە یوتوب. هەردووکیان لەدەوری ٨ خولەکن و بەردەستن بە هەموو زمانێک.**

## بە دڵنەرمی و ڕێزەوە (پرسیارەکانی ١٤-١٨)

**پرسیاری ١٦-١٧:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

- لە پرسیاری ١٧، چ دەکەی لە هەر کامێک لەو ڕەوشە دژوارانەدا؟ یەکەم دوو ڕەوش بە پێی کات خۆی ڕەنگە بگۆڕێت، بەڵام سێیەم ڕەنگبێت زۆر بەڕاستی تر بێت لەبەرئەوەی ئاکامێکی هەمیشەییە.
- ڕەوشێک دێتە پێش کاتێک کە خزمە موسڵمانەکانت ڕەت دەکەیتەوە لەبەر خاتری مەسیح، چۆن دەتوانی ئەمە بکەیت 'بە دڵنەرمی و ڕێزەوە'؟ بە ڕێزەوە قسە بکە، نەک بە تورەیەوە. پشگیری خێزانەکەت بکە لە زۆربەی ڕێگە کرداریەکانەوە و وە بۆیان دەرخە کە چەندە ئەوانت خۆش دەوێت. هیچ شتێک نەکەی بۆ شەرمەزارکردنی ئەوان. کاتێکی گونجاو هەڵبژێرە.

## نانی ژیان (پرسیارەکانی ١٩-٢٠)

**پرسیاری ١٩:**

- بۆچی ئەرکی ئێمە وەک 'سووالکەرێک وایە کە بە سووالکەرێکی تر بڵێت چۆن نان پەیدا بکەم'؟

مەهدی دیباژ کاتێک لە دادگا بوو هەمان خاڵی ڕاگەیان بە پەندێکی پێشینانی فارسی. ئەو وتی "ئەوان بەرهەڵستی بانگەوازەکەی منیان کرد. بەڵام "ئەگەر کەسێکی کوێرت دۆزیەوە لای کەسێکی ساخ وە بەبێدەنگی بمێنیتەوە کەواتە تۆ گوناحت کردووە'." شەش مانگ دواتر شەهیدیان کرد. ئازایەتی ئەو شایەتی دا کە ژیانی خۆی لەسەر دانا. شایەتیەکە بوو بە شەهید.

- شایەنی ئەوە بوو؟ بۆچوونی تۆ چۆنە؟

**پرسیاری ٢٠:** چیرۆک و پرسیارەکە بخوێنەوە.

- چۆن هاوسەنگی نێوان خێزانەکەمان بپارێزین لەوەی پەلە بکەین لە پێوتن دەربارەی عیسای مەسیح پێش ئەوەی ئەوان ئامادەبن و زۆر چاوەڕی بکەن؟

**ڕێنمایی وەرگرە لە باوەڕدارێکی بەئەزموون و وە ئەمانەی خوارەوەش وەرگرە:**

◀ با ژیانت گۆڕانکارییەکی ئەرێنی پیشانی خێزانەکەت بدا؛ ◀ بە ڕەقی ڕەخنە لە ئاینی خێزانەکەت مەگرە؛ ◀ یەکسەر بە خێزانەکەت بڵێ کە تۆ 'بوویت بە مەسیحی'؛ ◀ بەرەبەرە ئاماژە بەوە بکە کە فێرکردنی پەرتوکی پیرۆز یارمەتیدەرە؛
◀ ئەگەر خێزانەکەت ڕاستەوخۆ پرسیان ئایا تۆ شوێنکەوتووی مەسیحی، نکۆڵی لێمەکە؛ ◀ نزای زۆر بکە بۆ ئەوەی خودا دڵیان ئامادە بکات؛ ◀ یەکەمجار بە ئەندامە بەبەزەییەکانی خێزانەکەت بڵێ؛ ◀ ڕەنگبێت پێش ئەوەی نەخشە داڕێژی بۆ پێوتن بە خێزانەکەت ئەوان گوێبیستی ئەوە بن کە تۆ شوێنکەوتووی مەسیحی، بەڵام خودا بەسەر ڕەوشەکەدا ڕکێفە و ئیش بۆ باشە دەکات؛

| دەرئەنجام | |
| --- | --- |
| **گوێڕایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ:** وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>• **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێنەوە.** چی هاوبەش دەکەیت دەربارى عیسا. | **پێکەوە نوێژ بکەن:** داوا لە خوێندکارەکان بکە بە جووت دەربارەی ئەوەی کە کێ دەزانێت لەبارەی باوەڕیانەوە هاوبەش بکەن و ئینجا نزا بۆ دانایی یەکتری بکەن و پەتەوی و هێز ببێتە شایەتی، بەتایبەتی لە خێزانەکانمان دا. |

# وانەی ١٤ : لەئاوهەڵکێشان

| **ئامانجی هەر خوێندکارێک:** | **سەرەداوی کەلتوری:** |
|---|---|
| ا. لە سێ ڕاستی تێبگات کە لەئاوهەڵکێشان نیشانی دەدات.<br>ب. هەرکامێکیان، لە ئاوڕدانەوە بۆ لەئاوهەڵکێشانەکەی ڕابردوویان وەک دەست خۆشی، یان بەرەو پێشچون و بەرنامە دارشتن بۆ لەئاوهەڵکێشانیان بۆ ئایندە.<br>پ. مەتا ٢٨: ١٩ لەبەرکە. | • ب.پ.م و لەئاوهەڵکێشان<br>• شۆردنێکی نەریتی لە ئیسلامدا |

## کردنەوە

**ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئەم هەفتەیە چ دەرفەتێکت هەبوو بۆ شایەتی یان هاوبەشکردنی باوەڕی خۆت بۆ کەسێکی دیکە؟ بۆ ئەو کەسانەی ئەو دەرفەتەیان نەبوو، داوا بکەن 'ئایا تۆ نزا دەربارەی ئەمە دەکەیت؟'

**وانەی ١٤ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن (مەتا ٢٨: ١٩).
**پرسیاری ٢:** ا) کەسێکی؛ لای، مەسیح ب) گوناحەکانم، شۆران؛ پ)کۆمەڵگەی **پرسیاری ٣:** زۆر گرنگە



**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:**
ئایا تۆ وەک حامید وایت لە وێنەکەدا؟ تۆ چ پرسیارێکت هەیە دەربارەی لەئاوهەڵکێشان؟
ئێمە ئەمڕۆ هەوڵ دەدەین وەڵامی پرسیارەکەت بدەینەوە.
**نوێژ بکە بۆ وانەی ئەمڕۆ** یان داوا لە خوێندکارێک بکە نوێژ بکات.

## گفتوگۆ

### بۆچی دەبێت لەئاوهەڵکێشرێم؟ (پرسیارەکانی ٢-٣)

**پرسیاری ٢:** پرسیارەکە بخوێنەوە.
- **باشترین هۆکار چییە بۆ لەئاوهەڵکێشان؟** لەبەرئەوەی یەزدانمان عیسای مەسیح ڕایسپاردوین.
- **دەزانیت لە چی بۆنەیەکدا بوو کاتێک مەسیح ئەم ڕاسپاردەی ڕاگەیاند؟** لە دوای هەستانەوەکەی. هەر پێش ئەوەی بەرز ببێتەوە بۆ ئاسمان شوێنکەوتووە نزیکەکانی خۆی ڕاسپارد بەردەوام بن لەسەر ئەو ئەرکەی کە دەستی پێکردووە. لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا شوێنکەوتووانی مەسیح قوتابی دروست دەکەن و لەئاویان هەڵدەکێشن.
- کێ دەتوانێ ئایەتی لەبیربوو بڵێتەوە مەتا ٢٨: ١٩؟ پێداچوونەوە بەسەر ئەمەدا بکە و داوا لەهەموویان بکە بیڵێن.

### لەئاوهەڵکێشان نیشانەی چییە؟ من کەسێکی نوێم لای مەسیح (پرسیارەکانی ٤-٨)

**پرسیاری ٤:** بڕگەی یەکەم بخوێنەوە.
- **بە وشەی خۆت، شیبکەوە لەئاوهەڵکێشان چی نیشان دەدات دەربارەی سروشتی کۆن و نوێمان.** سروشتی کۆنمان مرێندراوە و ئێمە لە ژیانێکی نوێدا بەرز بووینەوە بە سروشتێکی نوێوە.

**پرسیاری ٧:** چیرۆکی فیراز بخوێنەوە.
- ئەوانەی لەئاوهەڵکێشراون، کاتێک تۆ لە ئاوەکە دێیتە دەرەوە، ئایا هەستت وەک فیراز وابوو؟
- هەستەکانت چۆن بوون؟

### لەئاوهەڵکێشان نیشانەی چییە؟ گوناحەکانم شۆران (پرسیارەکانی ٩-١١)

**پرسیاری ١٠:** بڕگەی یەکەم بخوێنەوە.
- ئایا ئاوی لەئاوهەڵکێشان هێزێکی موگناتیزی هەیە بۆ شۆردنی گوناحەکانمان؟ نەخێر
- **چی گوناحەکانمان دەشوات؟** یەکەم یۆحەنا ١: ٧ خوێنی عیسا لە هەموو گوناهێک پاکمان دەکاتەوە. ئاو تەنها چڵکی لەشمان پاک دەکاتەوە، بەڵام لەئاوهەڵکێشان هێمایەکی زۆر بەهێزی مەسیحە بۆ شۆردنەوەی دڵەکانمان.

### لەئاوهەڵکێشان نیشانەی چییە؟ بەشداری کۆمەڵگەی مەسیحم کردووە (پرسیارەکانی ١٢-١٤)

**پرسیارکانی ١٢-١٣:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە دەربارەی بەشداریکردن لە کۆمەڵگەی مەسیح
- چی دەڵێیت بە کەسێک کە دەڵێت، 'من لەئاوهەڵدەکێشرێم لەبەر خاتری خۆم، لەبەرئەوەی ئەوە

لە نێوان من و خودادایە، و پێویست ناکات بەشداری کڵێسا بکەم'؟
لە ڕوانگەی یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ١٣ ، لەئاوهەڵکێشان واتا بوون بە بەشێک لە جەستەی مەسیح و کۆمەڵگەکەی. ئەمە لەوانەیە کڵێسەیەکی نەریتی بێت یان لەوانەیە نەریتی نەبێت، بەڵام ئێمە دەبێت بەشداری جەستەی باوەڕداران بکەین بەهەر شێوەیەک بێت. ئێمە هی ئەوانین و ئەوانیش هی ئێمەن. ئێمە پێکەوە گەلی هەڵبژێردراوی خوداین.

**پرسیاری ١٤:** بەبێ ئەوەی سەیری پەرتوکەکەت بکەی، پێداچوونەوە بەسەر سێ ڕاستیەکەدا بکە: لەئاوهەڵکێشان نیشانەی چیە؟

- کام یەک لەوانە گرنگترینیانە بۆ تۆ؟

## ئایا لەئاوهەڵکێشان زۆر گرنگە؟ (پرسیارەکانی ١٥-١٧)

**پرسیاری ١٥-١٦:**

- ئایا بۆ هەموو باوەڕدارێک زۆر گرنگە لەئاوهەڵکێشرێت؟ بۆچی یان بۆچی نا؟ تاوتوێی کەن

**پێوتنی بەسەرەهاتی خۆت:**

وێنای بکە کە ڕۆژی لەئاوهەڵکێشانی تۆیە و تۆش بەسەرهاتی خۆت بۆ تەواوی کۆڕەکە دەگێڕیتەوە. چی دەڵێیت لە ماوەی پێنج خولەکدا؟ ئەو تێبینیانە بەکاربهێنە لە پرسیاری ١٦ ئامادەت کرد.

داوا لە کەسێک یان زیاتر بکە بەسەرهاتی خۆیان هاوبەش بکەن لە تەواوی کۆمەڵەکەدا یان بە ڕێگەیەکی دی دەتوانن بە نۆبە بە جووت بەسەرهاتی خۆیان هاوبەش بکەن. پێویستە تۆش ئامادە بیت بۆ هاوبەش کردن! تێبینی بکە کە زۆربەی جار باوەڕدارانی بە پێشینە موسڵمان (ب.پ.م) داوایان لێدەکرێت کە بەسەرهاتی خۆیان بگێڕنەوە وەک باوەڕدارێکی نوێ. هەندێک جار زۆر داوایان لێدەکرێت کە بەسەرهاتەکەیان دووبارە بکەنەوە بەڵام ئەوان هیچیتر نایانەوێت بانگبکرێن بۆ سەر بنک بۆ قسەکردن. ئاگاداری ئەوەبە کاتێک داوا دەکەیت کێ حەزدەکات ڕاهێنانی بەسەرهاتی خۆی بکات لە ناو کۆمەڵەکەدا.

## پێویستە کەی لەئاوهەڵکێشرێم؟

**پرسیاری ٢١:** چیت نوسیوە بۆ ئەم پرسیارە؟ هەندێک پێشنیار، بەپێی هەلومەرجەکان.

- ڕایمەگەیەنە بە گشتی، بەڵام لەجیاتی خەڵکانی سەرڕاست بە نهێنی بانگێشت بکە.
- لە جێگەیەکی ئاهۆن خۆت لەئاوهەڵکێشە بۆئەوەی کەسانی دەرەوە نەیبینن؛
- تەنها یەک کامێرەی لێبێت و وە ڕێگە بدە با لەئاوهەڵکێشەکە بڕیار بدە کێ بەرگێکی وێنەکانی لابێت؛
- بەو کامێرەیە وێنە مەگرە کاتێک کەسەکە لە ناو ئاوەکەدایە لەئاوهەڵدەکێشرێت (دەتواندرێت وێنەکان دوای بگرن، بە کۆمەڵ لەگەڵ هاوڕێکاندا)؛
- ئەگەر بڕوانامەی لەئاوهەڵکێشانیان دا پێت ئەوا لە جێگەیەکی پارێزراو هەڵی گرە.

**پرسیاری ٢٢:** بڕگەی یەکەم بخوێنەوە

- لێرە چیت نوسیوە؟

پێکەوە تاوتوێی بکەن. پێویست بە وەڵامی 'ڕاست' ناکات لەبەرئەوەی بەپێی باروودۆخەکانە. ئەوانەی چاوەڕێیان کردووە هەتاکو لەگەڵ هاوسەرەکەیان لەئاوهەڵدەکێشرێن زۆربەی جار دڵشاد بوون پێوەی. بەڵام ئەگەر پاش چەندەها ساڵ هەوسەرەکەی باوەڕی نەهێنا بە مەسیح، ئەوا هاوسەری باوەڕدار هەست دەکات کاتەکە تەواوە کە خۆی لەئاوهەڵکێشێت و جێبەجێی بکات.

**تێبینی:** پەرتوکی خوێندکارەکان بپشکنە، ئایا شتێکیان نوسیوە بۆ پرسیاری ٢١ و ٢٢. نوسین یارمەتیان دەدات زیاتر بیر بکەنەوە بە ڕاستی و بەشداری باشتر بکەن لە گۆفتوگۆکاندا.

- **وتاری ناو بڵقەکەی مامۆستاکە بخوێنەوە.**
- بەڵێ، گەرچی لەئاوهەڵکێشان کەمێک مەترسیدارە، ئێمە نابێت زۆر بترسین. کاتی جەژن و خۆشی گێڕانە!"

## دەرئەنجام

| گۆڕایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ: | پێکەوە نوێژ بکەن: |
|---|---|
| • وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>• **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە. ئەگەر هەر کەسانێک نازانن قسە لەگەڵ کێ بکەن ئەوا کەسێکی گونجاویان بۆ دەست نیشان بکە.**<br>• تۆ پێویستە ئەرکی ئەم هەفتەیە بکەیت ئەگەر پێشتر لەئاوهەڵنەکێشراویت. وە ئەگەر تازە لەئاوهەڵکێشراوی، ئەوا دەتوانی لەگەڵ ئەندامێکی کۆمەڵەکە یەکتر ببینن کە هێشتا ئەم هانگاوەی نەگرتوتە بەر و بیری لێدەکاتەوە. ئامۆژگاری ئەو کەسە بکە و نزای بۆ بکە. | چەند خولەکێک بدە بە خوێندکارەکان تا بە هێمنی نزای خۆیان بکەن و ڕەنگدانەوەیان هەبێت لەسەر ئەوەی کە چۆن و کەی لەئاوهەڵکێشرێن. ئینجا داوا لە هەموویان بکە ئەو شتانە هاوبەش بکەن کە سوپاسگوزارن بۆی و وە ئەو ناوچانەی کە ئێستاش پێویستیان هەیە بۆی. ستایشی خودا بکە و نزا بۆ ئەو پێداویستیان بکە. |

# وانەی ١٥: ڕێگای ڕاست

| **سەرەداوی کەلتوری:** | **ئامانجی هەر خوێندکارێک:** |
|---|---|
| • شەریعە و پابەندبوونی یاسای ئیسلام<br>• ئیسلام و ڕێگای ڕاست<br>• گوناحی 'گەورە' و 'بچوک' | ا) پابەندبە بۆ ئەوەی بۆ خودا بژیت نەوەک بۆ ئەم و ئەو بژیت.<br>ب) هاوڕابە لەسەر ئەوەی کە ئێمە ناتوانین بە کۆششی خۆمان بە 'ڕێگای ڕاستدا' بڕۆین.<br>پ) لەوە تێبگە کە بۆ کۆیلەیی بوون بۆ مەسیح ئازادی ڕاستەقینە دەدات.<br>ت) یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩-٢٠. |

## کردنەوە

**ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئایا ئامۆژگاریت وەرگرت لەسەر لەئاوهەڵکێشان، یان ئامۆژگاری کەسێکت کرد لەسەر ئەمە؟ **بڕیاری چیت دا؟** ئەگەر هەر ئەندامێک دەیەوێت بەم زووانە لەئاوهەڵکێشرێ، لە دوای کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ گفتوگۆ بکە دەربارەی ڕێکخستنی.

**وانەی ١٥ پێداچوونەوەی وانەی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** ا) یاسای موسا؛ ب) یاسای مەسیح **پرسیاری ٢:** پیرۆز

**پرسیاری ٣:** ا)، ب) و پ) قەدەغە کراون لە شەرعی مەسیحدا (یاسا)؛ بۆ ت) ج)، پرسیار بکە چیان نوسیوە.

**پرسیاری ٤:** یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩-٢٠. بڕوانە پرسیاری ٢١.

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** ئایا بە بۆچوونی تۆ یاساکان لە مەسیحییەتدا ئاسانترن یان قورسترن وەک لە ئیسلام؟
گفتوگۆ بکەن. لێگەڕێ با هەر ئەندامێک بوچوونی خۆی دەربڕێت. لە ٣ هەفتەی داهاتوودا دەربارەی جۆرە جیاوەزاکانی شەریعە فێر دەبین.

## گفتوگۆ

### بۆچی خەڵک ناتوانن شوێن ڕێگای ڕاست بکەون (پرسیارەکانی ١-٤)



**سەیری پیاوە سەرخۆشەکە بکە لە وێنەکەدا.**

- بۆچی ئەم پیاوە ناتوانێت لەسەر هێڵی ڕاست بڕوات؟ ئەو لە ژێر چاودێری خواردنەوەی ئەلکەهولیدایە
- واتا ڕوحیەکەی ئەم نمونە چیە؟ مرۆڤەکان لەژێر چاودێری گوناحدان و ئالودەی بوون. ئەوان ناتوانن ڕاست بڕۆن ئەگەر بشیانەوێت.
- لە نوێژی نەریتیدا خەڵک لە نوێژەکەیدا دەڵێت 'ڕێنمایم بکە بۆسەر ڕێگای ڕاست'، ئەوان وادەزانن خودا هەزاران پێغەمبەری ناردووە بۆ ڕێنمایکردن. بەڵام ئایا ڕێنمایکردن بەسە بۆ ئەوەی ئەوان لەسەر ڕێگای ڕاست بڕۆن؟ بۆ نا؟ نوێژ و پێغەمبەران باشن، بەڵام خەڵک پێویستی بە هێزە تاکو ڕاست بڕوات.

**پرسیاری ٣:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

- پەرتوکەکە دەڵێت وەڵامی د) ڕاستە بەڵام ئایا تۆ هاوڕایت؟
- چۆن بۆ هاوڕییەکی موسڵمانت شیدەکەیتەوە کە یاسای زیاتر، نوێژی زیاتر و ئیشی زیاتر بەس نییە بۆ ڕزگار کردنیان لە ئالودەگیریان لە گوناح؟

ئەم شتانە بە چەند ئاستێک یارمەتی مرۆڤ دەدەن، بەڵام ناتوانن مامەڵە لەگەڵ کێشە بنەڕەتییەکان بکەن کە پێویستی بە هێزی خودا هەیە.

### پاک و ناپاک (پرسیارەکانی ٥-٦)

**پرسیاری ٥:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

- هێڵت بەژێر کام وشانەدا کێشا لە چوارگۆشەکەدا؟
- ئایا خواردنی حەڵاڵ (پاک) فەریسییەکانی پاک کردەوە لە ناوەوە؟ بۆ نا؟
- کامیان گرنگترین بابەتن، خواردنی ناپاک یاخود بیرکردنەوەی ناپاک؟

بیری خراپ، بەدڕەوشتی، دزی، کوشتن، داوێنپیسی، چاوچنۆکی، خراپەکاری، هەڵخەڵەتاندن، بەرەڵایی، چاوپیسی، کفر، لووتبەرزی، گێلی.
نەخێر، لەبەرئەوەی گوناحی ناویان پیسی کردون لە ناوەوە.
بیرکردنەوەی ناپاک بابەتێکی بە پەرۆشترە، لەبەرئەوەی پێناسەی دڵمان دەکەن.
ئینجا وشەی ناپاک و کردەوەی ناپاک دێنە دەرەوە.

**پرسیاری ٦:** چیت نوسی؟

- ئایا ئاسانترە دەستەکانمان پاک بکەینەوە یان دڵەکانمان؟

ئەگەر و کاتێک خوێندکارەکان بۆچوونی خۆیانیان بنوسن یان نوسی، بە قوڵتر بیری لێدەکەنەوە و ئامادە دەبن بۆ گفتوگۆ.

### دەرمانی خودا بۆ دڵە ناپاکەکان (پرسیارەکانی ٧-١٠)

**پرسیاری ٧:** پرسیارەکە بخوێنەوە ئایەتەکە دووبارە بکەرەوە هەردوو پێکەوە لەگەڵ هەر کەسە و بە وتنی ناوەکانیانەوە.

- کێ دەمانکات و دەیەوێت ئێمە لەسەر ڕێگای ڕاست بڕۆین؟ کێ توانامان دەداتێ ئەمە بکەین؟ ڕوحی خودا.

## بژین بۆ خودا (پرسیارەکانی ١١-١٦)

**پرسیاری ١٥:** سەیری هەڵبژاردەکان بکە پێکەوە.

- وەڵامی ١) ئاشکرایە کە ڕاستە. بەڵام ئەی دەربارەی  ب)؟ ئایا گوناحی بچوک بابەتێکە؟ بۆ یاخود نا بۆ؟
- ئەی دەربارەی وەڵامی ت) ، درۆیەک بکە، یاخود  ج)، بیرکردنەوەی گوناحباراوی؟
- ئەگەر نیازم هەبێت گوناح بکەم بەڵام بە کردار نەیکەم، ئایا ئەمە هەر گوناحە؟

ڕەنگبێت ئەمانە بابەتێک نەبن لە ئیسلامدا، بەڵام لە شەریعەی مەسیحییەتدا بابەتێکی زۆر گرنگن لەبەر ئەوەی پێوانەیی ئەو زۆر بەرزە.
ئەگەر شەیتان بە بیرکردنەوەی خراپ بیەوێت تاقیمان بکاتەوە و ئێمەش خۆراگربین، ئەوا ئەمە گوناح نیە.
بەڵام ئەگەر بەئەنقسە بچین بیری لێبکەینەوە و نەخشەی بۆ دابڕێژین کە بیکەین. ئەمە گوناحە.

**پرسیاری ١٦:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

کام وەڵام لە ڕیزەکەدا بە بڕوای تۆ گرنگن؟ بۆ؟ وەڵامی ب)، پ)، و ج) لە یەکەم پەترۆسدا، کەواتە ئەمانە لە یاسای مەسیحدان.  ا) ، ت) و چ) لە ئینجیلدا نین. کەواتە ئەوانە هەڵبژاردەن بۆ شوێنکەوتوانی مەسیح. هەروەها ب)، پ)، ج) و ح) دەربارەی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئێمەیە بەرامبەر خەڵکانی تر. لە شەرعی مەسیحدا، ئەم شتانە زۆر گرنگترن لە  ا)، ت) و چ) کە ڕوخساری دەرەکی و نەریتیمان توشی دڵەڕاوکێ دەکات

## ئازادی ڕاستەقینە (پرسیارەکانی ١٧-٢٢)

**ڕۆما ٦: ١١-١٨ بخوێنەوە:** ئەمە پارچەیەکی قورسە، دووجار بخوێنەوە

یاخود دوو وەشان بخوێنەوە هەتاکو خوێندکارەکان ئایەتەکان وەرگرن.

- کێ دەتوانێت خاڵی سەرەکی پارچەکە شیبکاتەوە؟
- لە ئ.١١ ئێمە دەبێت بۆچی بمرین و بۆچی زیندوو بین؟
- ئایەتەکانی ١٢، ١٣ و ١٤ سێ کاتمان پێدەڵێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوناح لە ژیانماندا. ئەو سێ ڕاسپاردە چین؟
- لە ڕوانگەی ئایەتی ١٤، بۆچی گوناح هیچی تر گەورەمان نییە؟
- ئەگەر ئێمە 'لەژێر نیعمەتدا بووین' ئەمە واتای ئەوەی ئەوەی ئارەزومان لێ بوو دەتوانین بیکەین؟ بۆ بەڵێ و یاخود بۆ نەخێر؟ بروانە ئایەتەکانی ١٥-١٦.
- ئایەتەکانی ١٧-١٨ دەفەرموێت ئێستا ئێمە بووینە کۆیلەی ڕاستودروستی. لە ئەزمونی خۆتەوە، ئایا ئەمە بارگرانییە یاخود خۆشییە؟
- ڕاوەستەو بیرکەرەوە: ئایا دەتەوێت ببیت بە کەسێک کە کۆیلەی گوناح بێت یاخود کەسێک ئازاد بێت و گوێڕایەڵی خودا بێت؟

مردن بۆ گوناح، زیندوو بۆ خودا
'مەهێڵە گوناح حکومڕانی بکات' (ئ١٢) 'ئەندامەکانت وەک ئامێری ناڕەوایی بۆ گوناح پێشکەش مەکەن' (ئ١٣)، 'چیتر گوناح دەسەڵاتی بەسەرتاندا نابێت' (ئ١٤). ئێمە لەژێر یاسادا نین بەڵکو نیعمەت.


نەخێر! پێویستە ئێمە خۆمان بە خودا پێشکەش بکەین وەکو گەورەی نوێی خۆمان. ئێمە ئازادین گوێڕایەڵی خودا بکەین، گوێڕایەڵی گوناح نەکەین.

خۆشییە. گفتوگۆکان پێویستە بریتیبن لە خۆشی ئەرێنی ژین لەگەڵ خودادا، نەک تەنها ئاڵەنگاری بەرەنگار بوونەوەی گوناح.

**پرسیاری ١٧:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە.

- چیت نوسی لێرە؟

یەکەم پەترۆس ٤: ٢-٣ بەسە ژین بۆ ئارەزووەکانی خۆت و لەمەوبەر بۆ خودا بژی.



**پرسیاری ١٩:** سەیری پیاوەکە بکە لە وێنەکەدا.

- ئایا بەڕاستی ئەم پیاوە ئازادە یان نا؟ چیت نوسی؟

**پرسیاری ٢٠:** ئەمە هەمان ئەو پیاوەی پێشووە.

- چی بەسەر کۆت و زنجیرەکەیدا هاتووە؟ پساوە لای خاچەکە
- چۆن ئازادی ڕاستەقینە بەدەست دەهێنین، بە ئەوەی بژین بۆ خۆمان یان بژین بۆ عیسای مەسیح؟
ئازادی ڕاستەقینە بەدەست دێت بە بوون بە کۆیلەی مەسیح. ئەمە شتێکی نامۆیە بەڵام ڕاستییە.
- با نمونەیەک لە ژیانی خۆمان هاوبەش بکەین کە چۆن عیسا ئازادمان دەکات لە هەندێک خوی خراپ؟
وەک ڕاوێژکارێک، نمونەیەکی ڕاستی ژیانی خۆتشت هاوبەش بکە و دەربارەی خۆشی بۆ خودا بژین پێیان بڵێ.

**پرسیاری ٢١:** خوێندنەوە و ڕاهێنان لەسەر ئایەتی لەبیربوون بکە (کورتەیەک لە یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩-٢٠). هەموو ئەندامێکی ناو کۆمەڵەکە بە نۆرە ئایەتەکە بۆ کەسی لای خۆی بڵێتەوە، بە بەکارهێنانی ناوی خۆیان. ب.ن. 'عومەر، ئێوەش هی خۆتان نین، چونکە ئێوە بە نرخێک کڕاون. جا بە لەشتان ستایشی خودا بکەن.'

## دەرئەنجام

| | |
|---|---|
| **گوێڕایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ:** گرنگترین شت چییە ئەمڕۆ فێر بوویت؟ چی جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟ **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە.** دەتوانێت یارمەتیمان بدات لە بەرپرسیارێتی بۆ گوناحە تایبەتەکانی کەسانی دیکە. بە جووت، بە کورتی دەربارەی کۆششکردنی تایبەتی کەسی خۆت بۆ تورەیی هاوبەش بکە. ئەم هەفتەیە بەردەوام (ڕازگۆیانە) تۆماری خۆت بکە ڕۆژانە کە چۆن بەسەر تورەیدا زاڵ بوویت. ئێوە تەنانەت دەتوانن نامەش بۆ یەکتری بنێرن. | **بە جووت نوێژ بۆ یەکتری بکەن:** سوپاسی خودا بکە کە ئاوا ئازادی کردووین لە کۆیلایەتی گوناح. داوای یارمەتی بکە کە ئەم هەفتەیە ببیتە کۆیلە بۆ مەسیح. |

# وانەی ١٦: یاسای خۆشەویستی

**ئامانجی هەر خوێندکارێک:**
ا) بەدواگەڕان بۆ خۆشویستنی یەزدان بە هەموو دڵەکانمانەوە و نزیکەکانمان وەک خۆمان.
ب) بێ ترس بین کە خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە ناکەوێتەسەر خۆشەویستی ئێمە بۆ ئەو.
پ) لەوە تێبگەین ئێمە قەرزاری هەموو شتێکی خوداین، بە سوپاسگوزارییەوە.
ت) مەرقوس ١٢: ٣٠-٣١ لەبەرکە

**سەرەداوی کەلتوری:**
- سۆنگەی موسڵمانان بۆ گۆڕاپەڵیکردن
- موسڵمانان، ب.پ.م و میواندارییەتی

**ئامادەکاری:** نان و شەربەت بۆ شێوی یەزدان، ئەگەر ئارەزوت لێی بوو.

## کردنەوە

**ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو: ئەم هەفتەیە چەند بەباشی بەسەر تورەیی خۆتدا زاڵبویت؟ دوودوو دابەشبن وەک کۆتای هەفتەی ڕابردوو وە لەگەڵ یەکتردا هاوبەشی بکەن چی بەباشی بەڕێوەچوو، وە چی بەباشی بەڕێوەنەچوو.** لە دوا ٥ خولەک هاوبەشکردن، ئەم نوێژە بخوێنە، داوا لە خوێندکارەکان بکە لەدوا تۆوە هەموو ڕستەکان بڵێنەوە:

خودای باوکی ئێمە.... سوپاس بۆ بەڵێنەکەت کەوا ئەگەر دانمان بە گوناهەکانماندا نا، ئەوا خودا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناحەکانمان خۆشدەبێت و لە هەموو ناڕەواییەک پاکمان دەکاتەوە..... تکایە لە وشە توڕاوییەکانمان خۆشبە کە هەر یەکەمان لە هەفتەی ڕابردودا وتومانە... پاکمان بکەوە و پڕمان بکە لە ڕوحی تازەی خۆت .... هەتاکو ئەم هەفتەیە باشتر خزمەتت بکەم. بەناوی یازدانمان عیسای مەسیح، ئامین.

**وانەی ١٦ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**
**پرسیاری ١: یەکەم:** دڵ، گیان، بیر، تواناتانەوە، یەزدانی، پەروەردگارتان **دووەم:** نزیکەکەت، خۆت
**پرسیاری ٢:** خۆشەویستی
**پرسیاری ٣:** ا) هەڵە؛ ب) ڕاست

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** ئێستا ئێمە شوێن عیسا مەسیح دەکەوین، دەبێت لەگەڵ چ فەرمان و یاسایەکدا بژین؟ یاسای مەسیح یان شەرعی مەسیح. ئێمە بە شەرعی مەسیح دەڵێین یاسای خۆشەویستی. ئەمڕۆ، با فێربین دەربارەی خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە، خۆشەویستی ئێمە بۆ خودا و خۆشەویستی ئێمە بۆ کەسانی تر.

## گفتوگۆ

### یەکەم جار خودا ئێمەی خۆشدەوێت (پرسیارەکانی ١-٥)

سەیری ئەو دوو خزمەتکارەی ناو وێنەکە بکە. کام خزمەتکارەیان دڵخۆشترە خزمەتی گەورەکەی بکات؟ واتەکەی چییە بۆ ئێمە؟ ئێمە بە سوپاسگوزارییەوە خزمەتی خودا دەکەین بۆ ڕزگارکردنی ئێمە. ئەوانی تر خزمەت دەکەن لە ترسی سزادان.

**پرسیاری ٤:** پرسیارەکە بخوێنەوە.
- ئایا ئێمە بە تەواوەتی سەلامەت و پارێزراوین لە خۆشەویستی خودا؟ بەڵێ، ئەگەر باوەڕمان بە مەسیح هەبێت.
- کەواتە ئەو دەمان نێرێتە دۆزەخەوە، تەنانەت بۆ کاتێ؟ نەخێر، مەسیح نرخی گوناحەکانی ئێمەی هەموو داوە. زۆرینەی موسڵمانان دڵنیا نین گوایە کە ڕاست دەچن بۆ بەهەشت یان ماوەیەک لە دۆزەخ بەسەردەبەن.
- کەواتە بۆچی خزمەتی خودا بکەین بە هەموو دڵمانەوە؟

### خودا خۆشەویستی خۆی سەلماند (پرسیارەکانی ٦-١٠)

**پرسیارەکانی ٧-٨: شوێنکەوتوانی مەسیح لە پانایی جیهان دوو ڕێوڕەسمی تایبەتییان هەیە. پێشتر دەربارەی لەئاوهەڵکێشان فێربووین. ئەوی تریان پێی دەوترێت شێوی یەزدان یاخودا تەبایی پیرۆز. بەشداری دەکەین بۆ لەبیرهاتنەوە و جەژن دەگێرین بۆ قوربانییەکەی عیسای مەسیح دای بۆ ئێمە لەسەر خاچەکە. تەواوی پرسیارەکانی ٧-٨ بخوێنەوە.**



- چەند زووزوو بەشداری شێوی یەزدان دەکەی؟ یان هەرگیز ئەو دەرفەتەت نەبووە؟
  هەندێک لە باوەڕداران ناوناو یادی دەکەنەوە، هەندێکیش کەمتر. هەندێک لە خوێندکارەکان ڕەنگبێت جارێ بەشدارییان نەکردبێت.
- لە کۆمەڵە باوەڕدارەکەی ئێوەدا بەم ڕێوڕەسمە دەڵێن چی؟
- هەستەکانت چۆنن کاتێک کە نان و شەربەتی ترێ دەخۆیت و دەخۆیتەوە؟
- ئایا کۆمەڵە باوەڕدارەکەی ئێوە شەربەتی مێوژ بەکاردەهێنن یان شەراب؟ ئەگەر شەراب، ئایا ئەمە کێشەیەکە بۆ تۆ.

لە وڵاتە ئیسلامییەکان، زۆرینەی کڵێساکان شەربەتی بێ-ئەلکەهول بەکاردەهێنن. لە ڕۆژئاوا جیاوازە لە لقێکەوە بۆ دانەیەکی تر. هەندێک لە ب.پ.م خواردنەوە دەخۆنەوە، هەندێکیش ناخۆنەوە. کەواتە ئەم پرسیارە لەگەڵ خوێندکارەکان بگونجێنە. لەکوێ شەراب بەکاردێت. کەسێکی مەی نەخۆر ڕەنگبێت وا لێکبداتەوە کە خواردنەوەی قومێک جیاوازی هەیە لە 'خواردنەوەی' لە ناو تاقمێکی تردا.

- ئایا ڕێگە بدەین بێ-باوەڕان نان و شەربەتی مێوژ بخۆن و بخۆنەوە؟ نەخێر، ئەوە بۆ شوێنکەوتوانی مەسیحی خۆیەتی.

## یاسای خۆشەویستی (پرسیارەکانی ١١-١٣)



**یەکەم یۆحەنا ٤: ٧-١٣ بخوێنەوە:**

- کام ئایەت دەڵێت خودا خۆشەویستییە؟ ئەمە هەستت چۆن لێدەکات؟
- کام ئایەت نیشانی دەدات کە خودا یەکەم جار ئێمەی خۆشویست پێش ئەوەی ئێمە هیچشتێک بکەین لە گێڕانەوەدا.
- خودا چۆن خۆشەویستی خۆی نیشانی ئێمە دەدات
- چۆن بەرسڤی خۆشەویستی خودا بدەینەوە لە ڕوانگەی ئایەتەکانی ٧ و ١١ وە؟
- کەس ناتوانێت خودا خۆی ببینێت، هێشتا ئەوان چ دەبینن کاتێک یەکترمان خۆشویست؟ بڕوانە ئایەتی ١٢.

ئایەتی ٨ .
ئەیەتەکانی ٩-١٠.
خودا کوڕە تاقانەکەی خۆی نارد (ئ.ی٩) بۆ کەفارەتی گوناهەکانمان (ئ.ی١٠).
(بە پێچەوانەوە، قورئان ئەوە فێردەکات کە خودا ئەوانەی خۆشدەوێت کە خۆیان پاکدەکەنەوە (پیرۆز دەکەن.)

بە خۆشویستنی یەکتری
ئەوان دەبینن کە خودا لەگەڵماندا دەژیت و خۆشەویستی ئەو تەواو دروست بوو لە ئێمەدا.

**پرسیاری ١٣: پێداچوونەوە و ڕاهێنان لەسەر ئایەتی لەبیربوون بکە:** مەرقۆس ١٢: ٣٠-٣١

- پوختەی یاسای خۆشەویستی مەسیح زۆر کورتە و سانایە بۆ لەبەرکردن. بەڵام ئایا سانایە بۆ گوێڕایەڵیکردن؟
- کێ دەتوانێت وامان لێبکاتە گوێڕایەڵی ئەم یاسای خۆشەویستییە بین؟ ڕوحی خودا لە ژیانماندا.

**پرسیاری ١٤:** بازنەت لە دەوری کام ساچمە خاڵەدا ( ● )؟ بۆچی؟ ڕاوێژکارەکەش پێویستە هاوبەشی بکات.

## خۆشویستنی نزیکەکانمان و دراوسێکانمان وەک خۆمان (پرسیارەکانی ١٥-٢٥)

**پرسیاری ١٧:** سەیری چوار وێنەکە بکە. تاوتوێی بکەن کێ گوێڕایەڵی شەرعی مەسیح دەبێت (یاسا)

- لە وێنەی ا، بۆچی مێردەکە دەیەوێت ژنەکەی دڵخۆش بکات؟
- لە وێنەی ب، بۆ گوێڕایەڵی یاسای مەسیح، مێردەکە دەبێت چ بکات؟
- لە وێنەی پ، لە چ ڕێگەیەکەوە دەشێت خودا وەڵامی نزاکەی ئەو خاتوونە بداتەوە؟
- لە وێنەی ت، کچەکە گوێڕایەڵی شەرعی مەسیح نییە (یاسا). ئەنجامەکەی چ دەبێت؟

**پرسیاری ١٩:** بیخوێنەوە و تاوتوێی پرسیارەکە بکە.

**پرسیاری ٢٢:** چیرۆکە ڕاستییەکەی ناو چوارگۆشەکە بخوێنەوە.

- لە خوارەوە کەرتەکە بخوێنەوە دوای چیرۆکی چوارگۆشەکە. چیت لێرە نوسی؟

**پرسیاری ٢٤:** سەیری وێنەکەی فەریدە و ئەزغەر بکە.

- کامیان وەک تۆیە؟

**پرسیاری ٢٥:** تەواوی پرسیاری ٢٥ و وتاری بڵقەکە بخوێنەوە.

- چۆن بیر دەکەیتەوە؟ ئایا دەشێت دوژمنەکانمان خۆشبوێت؟ بڕوانە فیلیپی ٤: ١٣!
- دەتوانیت نمونەیەکی ڕاستی شوێنکەوتوانی مەسیح بدەیت کە دوژمنەکانیان خۆشویستبێت؟
- ئەگەر خەڵک لەم جیهانەدا و لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، خۆشەویستی بۆ دوژمنەکانیان دەسپێبکەن، دەرئەنجامەکەی چ دەبێت؟

چیرۆکێکی ڕاستی فەریدە لە وانەی ١٠.
دانەیەکی تر وتراوە لە پەرتوکی نیک ڕیپکن 'شێتی خودا' دەربارەی پیاوێکە کە چەندەها ساڵ لە بەندیخانە بەسەردەبات، کاتێک کە پاسەوانەکە زۆر بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. چەندەها ساڵ پاش دەربازبوونی، ئەو پاسەوانەکەی دیتەوە، کە هەتاکو ئەو کاتە پیر و نەخۆش بوو. باوەڕدارەکە نزای بۆ ئەم پیاوە دەکرد و دەرمانی بۆ دەهێنا.

## دەرئەنجام

**گوێڕایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ:**

- یەکەم پەترۆس ٤: ٨ دەفەرموێت " خۆشەویستیتان بۆ یەکتری بە هێز بێت". وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تودا دەکات؟
- **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە.**
- هەموو هەفتەیەک بەردەوامبە لەسەر خوێندنی ماڵەوە و ئەرکی کرداری!

**پێکەوە نوێژ بکەن:**

ئەگەر هەستت کرد گونجاوە ئەوا پێکەوە شێوی یەزدان بخۆن. ئینجا کاتێک بۆ نوێژکردن، سوپاسی مەسیح بکە بۆ جەستە و خوێنی خۆی. وە نزا بکە کە یارمەتی هەر یەکەمان بدات بۆ ئەوەی شوێن یاسای خۆشەویستی ئەو بکەوین.

# وانەی ١٧: ڕۆژووگرتن و بەخشین

| ئامانجی هەر خوێندکارێک: | سەرەداوی کەلتوری: |
|---|---|
| ا) لە ژێر ڕێنمایی خودادا دەست بکە بە خویەکی ڕێکوپێکی بەڕۆژووبوون و بەخشین.<br>ب) دڵشادبە بە کردنی ئەمە بە دڵفراوانی و قوربانییانەوە، بەبێ ناچارکردن و گەڕان بە دوای دەستکەوتدا.<br>پ) دوو بنەما فێربە کە خودا چۆن ڕێنماییمان دەکات.<br>ت) بژارکردنی مەرقۆس ١٢: ٣٠-٣١. | • ب.پ.م و ڕێنیشاندەری وردەکاری کراوەی شەرع<br>• ب.پ.م و ڕەمەزان<br>• موسڵمان و بەخشین |

## کردنەوە

**ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئایا توانیت یارمەتی برایەک یان خوشکێکی لای مەسیح بدەیت. چیت کرد؟ ئەو کەسە کاردانەوەی چۆن بوو؟ **داوا لە کەسێک بکە نوێژ بۆ وانەی ئەمڕۆ بکات.**

**وانەی ١٧ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** وشەی، ڕوحی
**پرسیاری ٢:** نوێژ
**پرسیاری ٣:** ا) هەمووی؛ ب) هەرچەندی دەگونجێت
**پرسیاری ٤:** ا) خودا، خەڵکی؛ ب) خۆشەویستی

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** هەتاکو ئێستا چی فێر بووین دەربارەی شەرعی مەسیح؟ بڕوانە پێشەکی وانەکە. وەک شوێنکەوتووی مەسیح ئێمە بەڕۆژوو دەبین و دەبەخشین بە سۆنگەیەکی جیاوازەوە بەراورد بە شەرعی کۆنمان.

## گفتوگۆ

### خودا چۆن ڕێنماییمان دەکات بۆسەر ڕێگای ڕاست؟ (پرسیارەکانی ١-٥)



**پرسیاری ١:** سەیری ئەو دوو وێنەی مەڕەکان بکە.
- کامێک لەو دوو وێنەیە وەک شەرعی کۆنی ئێمە وایە و کامیان وەک شەرعی مەسیح وایە؟ جیاوازییەکان چین؟

شەرعی ئیسلام وەک پەرژینێک وایە، کە زۆر قایم دروست کراوە بۆ ئەوەی مەڕەکان لە جێگەیەکی تەواو ڕابگرێت. ڕێنوێی وەردەکاری کراوە ڕۆخێک دروست دەکات لە نێوان چی قەدەخەکراوە و چی ڕێگەپێدراوە. بە پێچەوانەوە لە مەسیحییەتدا ڕێنوێی کەمتر هەیە و هەست بەوە دەکەین ئێمە کە نازانین ڕۆخەکان لە کوێوەدا ڕایەڵە کراون. بەڵام ئێمە مەسیحمان هەیە وەک شوانی ئێمە. ئەو بەڵێنی داوە مەڕەکانی خۆی بۆ جێگەیەکی باش ڕێبەری بکات و بمان پارێزیت.

**پرسیارەکانی ٣-٤:** تەواوی پرسیاری ٣ و یەکەم بڕگەی پرسیاری ٤ بخوێنەوە.
- **چۆن گوێمان لێبێت مەسیح قسەمان لەگەڵدا دەکات لەلایەن ڕوحی خۆیەوە؟** ڕوحەکە لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزەوە قسەمان لەگەڵدا دەکات هەر کە خوێندمانەوە هەموو ڕۆژێک، بە ڕێگەیەکی ئاهۆن بە ویژدانەوە، بە هێنانی بیرۆکەکە بۆ ناو مێشکمان زۆر بە تواناوە، یان هەستەکانمان لە ڕێگەی ڕوحمانەوە. هەندێک جار ئەو بە بڵنگتر قسە دەکات، لە ڕێگەی خەونەوە یان دەنگێکی ڕوون. هەروەها ئەو قسە دەکات لە ڕێگەی دەنگی باوەڕدارانی ترەوە.
- **بەڵام دەکرێت هەڵە بکەین لە گوێبیستنمان لە دەنگی ڕوحی پیرۆز؟** بەڵێ! هەندێک جار ئێمە وا دەزانین دەنگی خودایە کاتێک تەنها ئارەزوی گوناحباراویمانە. هەرچی خودا بە ئێمەی بڵێت هەرگیز بەرپەرچی وشەی خۆی ناداتەوە ئەوەی نوسراوە پەرتوکی پیرۆز. کەواتە ئێمە پێویستە هەموو کات بپشکنین ئەوەی 'گوێبیستی' دەبین لە دژی پەرتوکیی پیرۆز نییە!

### ڕۆژووگرتن (پرسیارەکانی ٦-١٤)



**پرسیارەکانی ٦-٧:** یەکەم بڕگەی پرسیاری ٦ و وتاری بڵقەکان بخوێنەوە.
- تۆش هەمان پرسیاری پەروینت هەیە؟ یان پرسیاری دیکە دەربارەی ڕۆژووگرتن؟
- لە پرسیاری ٧، چ دوو شت دەکرێت یارمەتی پەروین بدات بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەو؟

**پرسیاری ٨: بۆچی ئێمە دەبێت بەڕۆژوو بین؟** خوێندکارەکان بەسەر دوو کۆمەڵدا جیا بکەرەوە و پارچەیەک بەسەر هەر یەکەیان بسپێرە بۆ بەکارهێنانی وەڵامدانەوەی پرسیارەکە. یان پێکەوە بەناو هەموو پارچەکاندا بڕۆن.

- لە پارچەکانی ئەم پەرتوکانەی خوارەوە، خەڵک بۆچی بەڕۆژوو بوون؟

**دانیال ٩: ٣-٥** - دانپێداهێنانی گوناحەکان، پاڕانەوە و داواکارییەکان.
**زەبوورەکان ٣٥: ١٣**- نوێژکردن بۆ کەسێکی پێویست.
**کردار ١٣: ٢-٣:** - پەرستن، نوێژ بۆ ئەرکێک و گەڕان بە دووای دانای بۆ بڕیار.

**پرسیاری ١٢: دەبێت کەی بەڕۆژوو بین؟** پرسیارەکە بخوێنەوە.
- دەبێت کەی بەڕۆژوو بین؟ ئایا ڕۆژووگرتن فەرزە یان هەڵبژاردەیە بۆ ئێمە؟ ڕوحەکە ڕێبەریمان دەکات بۆ بەڕۆژوو بوون.

**پرسیاری ١٣:** تەواوی پرسیاری ١٣ بخوێنەوە، بە کەرتە تۆخکراوەکەی 'بۆستە و بیربکەوە'

- بەرسڤی تایبەتی خۆت بۆ ئەم پرسیارە چییە؟

**پرسیاری ١٤:** تەواوی پرسیاری ١٤ بخوێنەوە، ئەگەر ئەمە دۆزێکی پەیوەندیدارە لە پێکهاتەکانی تۆدا.

- چ هۆکارێکت نوسی بۆ و دژی پەروین کە بەڕۆژوو بێت لەگەڵ خێزانەکەی لە ڕەمەزاندا؟

**هۆکار بۆ:** ئەو دەتوانێت دڵسۆزی بۆ خێزانەکەی نیشان بدات تەنانەت وەک شوێنکەوتووی مەسیح. دەتوانێت بەڕۆژوو بێت و نوێژ بکات بۆ خێزانەکەی بۆ دۆزینەوەی ڕزگاری. ئەگەر ئەو بەرۆژوو نەبوو، ڕەنگبێت کێشەی ناپێویسیت دروست بکات و خێزانەکەی وا بیربکەنەوە کە شوێنکەوتووانی مەسیح تەمبەڵن. **هۆکار دژی:** ئەوان ڕەنگبێت وا بیربکەنەوە کە ئەو ئێستاش هەر شوێنکەوتووی ئیسلامە و یان ئەمە بکات بۆ دەستکەوتی ئاینی. ڕەنگبێت ئەو کاریگەری تێکرابێت بە هەمان ڕێگەی بیرکردنەوەی کۆنی کە ئەم کردارە بۆ دەستکەوتی ئاینییە.

- هەتاکو چ ئاستێک بڕیاری پەروین دەکەوێتە سەر بارودۆخەکەی؟ ب.ن. ئەوە دەکەوێتە سەرئەوەی ئەگەر پەروین لەگەڵ خێزانەکەی بێت و وە هەموویان ئیسلامی توند بن. بۆ ئەوانەی کە بە تەنیان دەژین هەڵبژاردەی زیاتر هەیە.
- ئەی دەربارەی تۆ، لە بارودۆخی تۆدا؟

## بەخشین (پرسیارەکانی ١٥-٢٥)



**پرسیاری ١٥:** بڕگەی یەکەم و وتاری ناو بڵقەکان بخوێنەوە.

- ئایا هەمان پرسیاری خالیدد هەیە تۆش؟ یان پرسیاری دیکە دەربارەی بەخشین؟

**پرسیارەکانی ١٦-١٩:** تەواوی پرسیاری ١٦ و نیوەی یەکەمی پرسیاری ١٧ بخوێنەوە.

- چەندی موڵکی ئێمە هی خودایە؟
- پێویستە ئێمە سنور دابنێین لەسەر ئەوەی کە چەند بدەینەوە بە خودا؟

### دووەم کۆرنسۆس ٩: ٦-١٥ بخوێنەوە:

داوا لە ئەندامانی کۆمەڵەکە بکە هەر یەکەو یەک یان دوو ئایەت بخوێننەوە، بە دەوری کۆمەڵەکەدا، بۆ ئەوەی هەموویان شتێک بخوێننەوە.

لە پاش خوێندنەوە، یەک خولەک بدە بۆ هەر یەکەیان بۆ ئەوەی بیر لە واتاکەی بکەنەوە.

- تکایە هەر کەسەو بە وشەی خۆی واتای ئایەتەکەی خوێندویەتیەوە شیبکاتەوە.

**پرسیاری ٢١:** پرسیارەکە بخوێنەوە. وەڵامی تۆ چییە بۆ ئەم پرسیارە، و بۆچی؟

**پرسیاری ٢٤:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

- لێرە چیت نوسیوە؟ چۆن بتوانیت بە کرداری هەندێک پارە بخەیتە لاوە و خەرجی نەکەیت؟
- ئەگەر داهاتت نییە، بە چ ڕێگەیەکی تر دەتوانی بە خودا ببەخشی؟ ب.ن. کاتی خۆمان، خزمەتی خۆبەخشانە هتد.... بەڵام زۆرینەی خەڵک بەلایەنی کەمەوە هەندێک پارەی هەیە و وە هەروەها پێویستە فێرببین لەوە ببەخشین. تەنانەت منداڵەکان دەتوانن لە دەرماڵە بچوکەکەیان ببەخشن.

**پرسیاری ٢٥:** پرسیارەکە بخوێنەوە. لێرە چیت نوسیوە؟ بریتییە لە بیرۆکە: یارمەتی هەژاران بدە، نەک تەنها خزمەکانمان. پەرتوکی مزگێنی دەربارەی عیسا بکڕە و بیدە بە کەسانی نا- مەسیحی کە دەخوازن بخوێننەوە. بەشداری بکە لە یارمەتی دانی تیچوی کۆمەڵەی باوەڕدارانی ناوخۆ. بەشداری بکە لە یارمەتیدانی باوەڕداران کە لە خزمەتی مەسیحدان هەموو کات، لە وڵاتەکەمان یان هەندەران.

## یاسای خۆشەویستی (پرسیاری ٢٦)

**پرسیاری ٢٦:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

- ڕۆژوگرتن چۆن دەتوانێت ببێتە ڕێگەی گوێڕایەڵبوونی یاسای خۆشەویستی؟ نکۆڵی لە خۆمان دەکەین بە خۆشەویستی بۆ خودا، ئەو دەخەینە پێش برسێتی خۆمانەوە. هەروەها، کاتێک بەڕۆژوو دەبین و نوێژ بۆ خەڵکانی پێویست دەکەین، ئەمە خۆشەویستی نیشان دەدات بۆ ئەوان.
- بۆچی پارە بەخشین ڕێگەیە بۆ گوێڕایەڵی ئەم یاسای خۆشەویتییە؟ لەبەرئەوەی ئێمە خۆشەویستی نیشانی خودا دەدەین بە دانەوەی پارەکە بە ئەو. وە خۆشەویستی ئێمە بۆ خاڵکانی دیکە بە بەکارهێنانی پارەکە بۆ یارمەتی ئەوان.

| دەرئەنجام | |
|---|---|
| **گوێڕایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ:**<br>• وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>• **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە.** تەنها بیر لەوە مەکەرەوە پارە بخەیتە لاوە بۆ ئەوەی بیبەخشی بە خودا، هەوڵ بدە ئەم مانگە دەستپێبکە!<br>ئەگەر دەتەوێت، ڕۆژێک پێشنیار بکە بۆ ڕۆژووگرتن و نوێژ بە کۆمەڵ. هەمووتان دەتوان پێکەوە بەڕۆژوو بن بۆ ڕۆژێک و بێنە لای یەک پێکەوە نوێژ بکەن بۆ چەند کاتێک، ب.ن. بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. | **نوێژ بکە:** بە چەند خولەکێک بە بێدەنگی، داوا لە خودا بکە چۆن و کەی بەڕۆژوو بین، وە ئەو دەیەوێت ئێمە چەند ببەخشین. ئینجا داوای لێبکە یارمەتیمان بدات دڵفراوان بین و ڕێکخراو بین لە ئەم شتانەدا. |

# وانەی ١٨: چارەنووس و جادوو

| **ئامانجی هەر خوێندکارێک:** | **سەرەداوی کەلتوری:** |
|---|---|
| ا) دڵنیابە لەسەر سێ کلیلی ڕاستی کتێبی پیرۆز پەیوەستن بە چارەنووس و جادووەوە.<br>ب) لەوە تێبگە کە خودا نزیکە و خەمخۆرە.<br>پ) مامەڵە بکە لەگەڵ هەر جادووییەکی کاریگەری ژیانی ڕابردوویان.<br>ت) یەکەم پەترۆس ٥: ٧ لەبەرکە. | • موسڵمان و جادوو<br>• موسڵمان و هێزی ڕوحانی<br>• سەرەخۆشی لێکردن |

**ئامادەکاری:** هەر وەک ئامادەکاری دەکەیت و ئەم وانەیە بەڕێوە دەبەیت، دڵنیابە تۆ وەک ڕێبەرێک سەرکەوتنی مەسیح ڕابگەیەنی لە کاتی پەرستندا، و لە دانپێداهێنانی تاوانەکان. داوا لەوانی دیکەش بکە هەروەها نوێژ بکەن بۆ وانەکە. وانەکە ڕەنگبێت پەردە لابات لەسەر جادووی کاریگەری پێشوو لەسەر خوێندکارەکانت، دەکەوێتە سەر پێشینەکانیان، کەواتە ئەوە زۆر گرنگە کە ڕوحییانە ئاگادار بیت.
**تۆ پێویستە وانەکە بە پەرستن و نوێژ دەستپێبکەیت و کۆتایی پێبهێنی، بانگەوازیکردنی سەرکەوتنی خودا پێکەوە.**

## کردنەوە

**ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** بڕیارتدا، و کردارت لەسەر کرد، کە چەند پارە بخەیتە لاوە و وە مانگانە بیدەیتەوە بە خودا؟ یان ئایا بیرت لە ڕێگەکانی تر کردەوە تاکو ببەخشی بە دڵفراوانی؟

**وانەی ١٨ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:** **پرسیاری ١:** ا) چارەنووس؛ ب) قیزی؛ پ) هێزە

**پرسیاری ٢:** هەموو خەمێکتان بە خودا بسپێرن، بایەختان پێدەدات (یەکەم پەترۆس ٥: ٧)

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** کێ بەهێزترین کەسە لە گەردوندا؟ خودا بەهێزترینە، و ڕۆڵەکەشی عیسای مەسیح بەسەر ئەهریمەندا (شەیتان) و هەموو تاریکیدا سەرکەوت. ئەمڕۆ فێر دەبین بۆچی، دەبێت وەک گەلی هەڵبژێردراوی خودا، پێویست ناکات بەترسەوە بژین لە هیچ شتێک – جا داخۆ چارەنووسە، جنۆکەیە، یان چاو پیسی.

## گفتوگۆ

### پێشەکی و پرسیاری ١

**پێکەوە نوێژ بخوێنن پێش پرسیاری ١.** لە ئەم بابەتەی چارەنووس و جادوو، ئەهریمەن درۆگەلێکی زۆری بە ئێمە وتووە. زۆرێک لە خەڵک بۆ سەدانساڵ باوەڕی بە ئەو درۆیانە کردووە، کەواتە ئەوان لە ژێر هێزی شەیتان ماونەتەوە. پێدەچێت ئەو بیرۆکە گێلانە لەناو مێشکی ئێمەشدا دامەزرێت. بە ڕاستی خودا با ئەمڕۆ تێکیان بشکێنین!

**پرسیاری ١:** پرسیارەکە بخوێنەوە. کات بە خوێندکارەکان بدە با پێشینە و تێگەیشتنی خۆیان هاوبەش بکەن.

- بۆچوونی **ڕاستی** خۆت چییە: 'بەڵێ'، 'نەخێر'، یان 'دڵنیا نیم'؟ ئەم بۆچوونەت چۆن شێوەکرد؟

### خودا ڕێنمای ژیانی ئێمە دەکات، نەک چارەنووس (پرسیارەکانی ٢-٩)

**پرسیاری ٢:** پرسیارەکە بخوێنەوە و سەیری هێڵکارییەکە بکە (بیرۆکەی هەڵەی خەڵک).

- ئایا هەرگیز باوەڕت کردووە کە خودا زۆر دوورە بۆ خەمخواردن؟ ئەمە چۆن گۆڕا بۆ تۆ؟

**پرسیاری ٣:** سەیری هێڵکارییەکە بکە (لەگەڵ ئەو وشانەی پڕکراونەتەوە لە بۆشایە بەتاڵەکان).

- هیچ کەسانێک دەناسی کە وا بیربکەنەوە کەوا چارەنووس، جنۆکە و چاو پیسی کاردەکاتە سەر ژیانی ڕۆژانەیان؟
- لە ڕوانگەی کتێبی پیرۆزەوە، ئایا ئەم شتانە هەبوون؟ بەڵێ (سەرەڕای ئەوەش مەسیحییەکان جیاوازییان هەیە لە لێکدانەوەکانیان).

**پرسیاری٦:** سەیری وێنەکە بکە و پرسیارەکە بخوێنەوە.

- چیت نوسیوە بۆ بەشی ا)؟ ئەی بەشی ب)؟ بۆ ئەم وەڵامانە؟
- جارێکی تر خۆت ئازار دەچێژی، دەستەواژەی ١ یان دەستەواژەی ٢ زیاتر ئاسودەت دەکات؟

**پرسیاری ٧:** هێڵکارییەکە بخوێنەوە: 'خودا بەڕاستی لە چی دەچێت'.

- جیاوازی ئەم هێڵکارییە چییە لەگەڵ ئەوەی پرسیاری ٣؟ خودا، لە جیاتی ئەوەی دوور بێت، دێتە ئاستی ئێمەوە لە عیسای مەسیحەوە. ئەو بەڕاستی خەمدەخوات بۆ ئێمە. ئەو زۆر دوور نییە بۆ خەمخواردن.

**پرسیاری ٨:** پرسیارەکە بخوێنەوە و ڕاهێنان لەسەر ئایەتی لەبیربوون بکە. ئەمە بە کۆمەڵ یان بە جووت بکەن:

- کەسی یەکەم پرسیار لە کەسی دووەم دەکات، "نیگەرانییەکانت چین دەربارەی ئەم ڕۆژگارە؟"
- کەسی دووەم بەرسڤی تایبەتی کەسی خۆی دەداتەوە. ئینجا کەسی یەکەم دەڵێت: "هەموو خەمێکتان بە خودا بسپێرن، چونکە ئەو بایەختان پێدەدات (یەکەم پەترۆس ٥: ٧)". کەسی دووەم هەمان شت دەکات لەگەڵ کەسی دواتر، و بەردەوام دەبێت بە دەوری کۆمەڵەکەدا، بە تۆشەوە وەک ڕێبەری کۆمەڵەکە لە کۆتایدا.

## خودا قێزی لە بتپەرستی و جادوو دەبێتەوە (پرسیارەکانی ١٠-١٧)

**پرسیاری ١٠:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

- لێرە چیت نوسیوە؟

موسڵمانان لە ڕۆژئاوا ئەم شتانە تاڕادەیەک کەمتر دەکەن، بەڵام زووزوو هەر کارتێکراودەبن لەلاینە بیروباوەڕی بنچینەییەکانەوە. هەروەها دەربارەی کەلتوری خێزانەکەشیان بپرسە.

**پرسیاری ١١-١٥:**

- چ کردارانێک لەم پرسیارەدا ئاماژەی پێکراوە؟ هەندێک لەمانە وشەی ئاستەنگن لە وەشانی ک.س.س، کەواتە ئامادەبە بۆ شیکردنەوەی واتاکانیان. پێویست ناکات بچیتە سەر پەرتوکی پیرۆز بۆ سەر پارچەکە، لەبەرئەوەی پاشان دەچینە سەری لە کتێبی پیرۆزدا.
- ڕەفتاری خودا چۆنە بەرامبەر ئەوانە هەموویان؟ قێزی لێیانە، ڕقی لێیانە و قەدەغەیان دەکات.
- بۆچی ئەم کردارانە شێوەیەکن لە بتپەرستی (پرسیاری ١٥)؟ ئەم کردارانە وەک بت وان ئەگەر خەڵک متمانە و گوێڕایەڵییان بکات زیاتر لە خودا، لەبەرئەوەی شتی دروستکراو لە جێگەی بەدیهێنەر جێگیر دەکەن.

**پرسیاری ١٦:** وتاری بڵقەکە بخوێنەوە. چ ئامۆژگارییەک دەدەیتە ئەم خاتوونە؟

**هەندێک پێشنیار:** لەسەروی هەموویەوە، دەبێت ئەوە بزانێت خودا زۆر بایەغی پێدەدات. ئەو هەست بە پەژارەکانی دەکات. 'پیاوێکی پیرۆز' لەم خاتوونە لە خوداوە نزیکتر نییە، لە ڕاستیدا ئەم خاتوونە لای مەسیحە و لە ئەو نزیکتری لە خودا. ئەو پێویست ناکات شوێن دوو گەورە بکەوێت، یاخود مەسیح گەورەی ئەوە یان پیاوە پیرۆزەکە. ئەو پێوسیتە داوا لە باوەڕدارانی تر بکات نوێژی لەگەڵدا بکەن تاکو خودا منداڵێکی بداتێ. بەڵام ئەم مەبەستە باشترە، ئاخۆ ئەگەر ئەو دڵخۆش دەکرێت بە منداڵێک یان نا.

## یەزدانی مەسیح دەسەڵاتی بەسەر هەموو هێزە ڕوحانییەکاندا هەیە (پرسیارەکانی ١٨-٢١)

**پرسیارەکانی ١٨-١٩: بیخوێنەوە و تاوتوێی دوو پارچەی کتێبی پیرۆز بکەن.**


- **مەرقوس ١: ٢١-٢٧.** لە ئایەتی ٢٢، خەڵک سەرسامی چی بوون دەربارەی مەسیح؟ وەک دەسەڵاتدارێک فێری دەکردن.
- مەسیح چۆن دەسەڵاتەکەی خۆی سەلماند بە کردار؟ ڕوحی پیسی ڕاسپارد و ئەویش گوێڕایەڵی کرد.
- لە ئایەتی ٢٤، ڕوحە پیسەکە کام دوو شتە گرنگەی ناسییەوە دەربارەی عیسا؟

  ١. عیسا هاتووە ڕوحی پیس لەناوبەرێت. ٢. ئەو پیرۆزەکەی خودایە.
- کاردانەوەی خەڵک چۆن بوو لە ئایەتی٢٧؟ ئەوان تەنانەت لە پێشوتر زیاتر سەرسام بوون.

- بڕۆ بۆ هێڵکارییەکەی پرسیاری ١٩ و **یەکەم پەترۆس ٣: ٢١ب-٢٢ بخوێنەوە** (لە نیوەی دووەمی ئ٢١)

  کام ڕاستییانە لە پارچەکەدا نیشاندراون بە تیرەکە ئاراستەی بۆ سەرەوەیە؟

  'ژیانەوەی عیسای مەسیح'، 'چوون بۆ بەهەشت'، لە دەستی ڕاستی خوداوە'.



- لە بۆشاییە هێلکەییەکاندا چیت نوسیوە؟ پەری، دەسەڵات، هێز.
- لە هێڵکارییەکەدا، کە بەرزترە لە جنۆکە و هێزی ڕوحانی؟
- ئێمە لە کوێین لە هێڵکارییەکەدا؟ لەگەڵ مەسیح دانیشتوین و فەرمانڕەوای دەکەین، ئەفەسۆس ٢: ٦.
- ئەگەر کەسێک نەفرەتمان لێبکات، کێ بەهێزترە لە نەفرەتەکە؟

**پرسیاری ٢١:** ئایا هیچ کامێک لە ئێمە ئەو ئەزمونەمان هەیە کە مەسیح ڕوحی پیس تێکدەشکێنێت؟

- **کەرتەکەی ناو کەوانە گۆشەکان بخوێنەوە.** هەندێک لە ئێوە ڕەنگبێت تەنگەژ بووبن دەربارەی ڕوحی پیس، هەندێکیش لە ئێوە ڕەنگبێت تەنگەژە نەبووبن. ئەگەر تۆ تەنگەژە بوویت، تکایە لە دوایاندا قسە لەگەڵ من بکە یان باوەڕدارێکی تری بە ئەزموون.

## ئایا دەتوانین خزمەتی دوو گەورە بکەین؟ (پرسیارەکانی ٢٢-٢٤)

**پرسیاری ٢٣:** چیرۆکەکە بخوێنەوە. چ وەڵامێکت نوسیوە؟

- ئەم وتەت لەبیربێت، 'ئەگەر عیسا یەزدانی هەمووی نەبێت، ئەوا ئەو بەهیچ شێوەیەک یەزدان نییە!'
- ئەمڕۆ ئێمە فێری سێ ڕاستی گرنگ بووین بۆ شکاندنی درۆکانی ئەهریمەن. ئەو سێ ڕاستییە چین؟

١. خودا ڕێنمای ژیانی ئێمە دەکات، نەک چارەنووس. ٢. خودا قێزی لە بتپەرستی و جادوو دەبێتەوە. ٣. یەزدانی مەسیح دەسەڵاتی بەسەر هەموو هێزە ڕوحانییەکاندا هەیە.

- هەستت چۆنە لە کۆتایی گۆفتوگۆی ئەمڕۆدا؟

## دەرئەنجام

| گۆڕایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ: | پێکەوە نوێژ و پەرستن بکەن: |
|---|---|
| • وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>**پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێنینەوە:** بە وردی بەسەر پرسیارەکاندا بڕۆن. داوا لە خودا بکە بیرت بهێنێتەوە لە هەر ڕوداوێک کاتێک ئەم شتانە کاریان کردۆتە ژیانی تۆوە. ئەگەر هەر کارتێکردنێک بوونی هەیە، داوا لە باوەڕدارێکی تر بکە نوێژت لەگەڵدا بکات لە دژی. | پێکەوە هەستنە سەر پێ و ئەو سێ ڕاستییە لە دژی ئەهریمەن ڕاگەیەنن: خودا ڕێنمای ژیانی ئێمە دەکات، نەک چارەنووس. خودا قێزی لە بتپەرستی و جادوو دەبێتەوە. یەزدانی مەسیح دەسەڵاتی بەسەر هەموو هێزە ڕوحانییەکاندا هەیە. |

# وانەی ١٩: خزمەتکردنی یەکتری

| **ئامانجی هەر خوێندکارێک:** | **سەرەداوی کەلتوری:** |
|---|---|
| ا. پابەندبوون بە بەکارهێنانی بەهرەکانیان بێفیزانە، بۆ خزمەتکردنی یەکتری.<br>ب. پشگیری ڕێبەرانی کڵێسە بکە و تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتییەکانیان.<br>پ) یەکەم پەترۆس ٤: ١٠ لەبەرکە | • شوشتنی پێ لە کەلتوری موسڵماندا<br>• کێشەی ڕێبەرایەتی لە کۆمەڵەکانی ب.پ.م<br>**ئامادەکاری:** خاولی، سابوون، جام، ئاوی شلەتێن |

## کردنەوە

**ئەرکی کرداری هەفتەی ڕابردوو:** ئایا پشکنینت کرد داخۆ ئەگەر هیچ کارتێکردنێکی جادوو یان پیاوێکی پیرۆز لەسەرتبێت لە ڕابردوودا؟ ئایا نوێژت کرد لەگەڵ کەسێکدا؟ ئەگەر هەر تەنگژەت ماوە دەربارەی ئەمە، تکایە بمبینە بە تایبەتی خۆم و خۆت.

**وانەی ١٩ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** ا) جیاوازیان؛ ب) هەریەک؛ پ) بێفیزانە

**پرسیاری ٢:** "هەریەکە بەگوێرەی ئەو بەهرەیەی وەریگرتووە، خزمەتی یەکتری پێ بکەن" (یەکەم پەترۆس ٤: ١٠).

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** خودا بەهرە و توانای جۆراوجۆری داوە پێمان. ئەمڕۆ فێری ئەوە دەبین کە چۆن ئەو بەهرانە بەکاربهێنین بۆ خزمەتکردنی خودا و خزمەتکردنی یەکتری. تەنانەت سەرکردەکانیش دەبێت خەڵک خزمەت بکەن!

## گفتوگۆ

### خزمەتکردنی یەکتری (پێشەکی و پرسیارەکانی ١-٣)

**ڕەنگدانەوە لەسەر وێنەی دەستپێک:** عیسا پێیەکانی نزیکترین هاوڕێکانی خۆی شوشت شەوێک پێش ئەوەی بچێتە سەر خاچەکە.



**یۆحەنا ١٣: ٣-٥، ١٢-١٧ بخوێنەوە.** ئینجا بە هێواشی بڵێ، لە چەند ناوبڕێکدا:

"سەیری ئەو دەستانە بکە لە وێنەکەدا. وێنای بکە کە ئەوە دەستەکانی مەسیحە."

"سەیری ئەو پێیانە بکە و وێنای بکە کە ئەوە پێیەکانی تۆن. مەسیح پێیەکانت دەشوات!"

"هەستت چۆنە دەربارەی ئەمە؟ قسە لەگەڵ یەزدانتا بکە دەربارەی ئەمە هەر ئێستا، لە دڵی خۆتدا."

**هەستەکانمان چۆن بوو کاتێک بیرماندەکردەوە دەربارەی عیسای مەسیح پێیەکانی ئێمە دەشوات؟**

**پرسیاری ٢:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

- لەو کەلتورەی ئێمە لێی هاتووین، ئایا سەرکردەکان خزمەتی شوێنکەوتووەکانیان دەکەن؟
- بەڵام گەورەترین سەرکردەی ئێمە عیسای مەسیح چەمایەوە بۆ شوشتنی پێیەکانی ئێمە. کەواتە، لە بەرسڤدا ئێمە دەبێت چ بکەین؟
- ئایا سەرکردەکان ڕێزیان لەدەست دەدەن ئەگەر خزمەتی خەڵک بکەن وەک مەسیح کردی؟

بڕوانە چوارگۆشەکە لە پ.١، "من نمونەیەکم پێدان". ئێمە سوپاسی ئەو دەکەین بۆ خزمەتکردنی ئێمە، و ئێمە پێویستە وەک ئەو بین بچەمێینەوە بۆ خزمەتکردنی یەکتری. لە کۆتایدا، سەرکردەی ئاوها ڕێز بەدەست دێنێت.

### بەهرەکان بۆ خزمەتن (پرسیارەکانی ٤-٨)

**یەکەم پەترۆس ٤: ١٠-١١ بخوێنەوە و پێداچوونەوە بە ئایەتی لەبیربوون بکە (یەکەم پەترۆس ٤: ١٠).**

- لە ئ. ١٠، چۆن ئەو بەهرە بەکاربهێنین کە خودا داوێتی بە هەریەک لە ئێمە؟ بۆ خزمەتی یەکتری
- بۆ وا بیر دەکەیتەوە کە دەبێت وەک 'کارگێڕێکی دڵسۆز' بین؟ ئێمە پێویستە وەک بەڕێوبەرێکی سەرڕاست بین کە خاوەنی هیچشتێکی گەورەکەی نییە، بەڵام شتەکان بەکاردەهێنێت بە باشی لە جیاتی خاوەنەکەی.
- چەند پارچەیەکی جیاوازی پەرتوکی پیرۆز ئاماژەی کردووە بە چەندەها بەهرەی جیاواز. کام دوو بەهرە دۆزراوەتەوە لە ئایەتی ١١؟
- ئەو دوو کەسەی ئ. ١١ چۆن دەتوانن بەهرەکانیان بەکاربهێنن؟
- ئێمە پێویستە بەهرەکانی خۆمان بەکاربهێنین بۆ شکۆیی خودا. با دوا بەشی ئایەتی ١١ پێکەوە بە دەنگی بەرز بڵێینەوە.

### خەڵکی جیاواز بەهرەی جیاوازیان هەیە (پرسیارەکانی ٩-١٠)

**پرسیاری ٩:** چیرۆکی ناو چوارچێوەکە و بڕگەکەی خوارەوەشی بخوێنەوە.

- **چیت نوسیوە لێرە؟** بۆ نمونە: ئێمە هەموومان توانامان هەیە بەڵام هەمووومان لاوازیشمان هەیە. ئێمە هەمووومان 'کوێرین' یان 'پەکەوتەین' لە هەندێک ڕێگەوە. هیچ کامێک لە ئێمە مرۆڤێکی تەواو بێخەوش نییە بۆ خۆمان. بەڵام لاوازییەکانی من تواناکانی تۆیە. کەواتە لە کۆمەڵەی باوەڕدارانی ناخۆدا ئێمە پێویستمان بە یەکتری هەیە.

## هەریەک لە ئێمە بەهرەمان هەیە (پرسیارەکانی ١١-١٤)

**پرسیاری ١١:** سەیری وێنەکە بکە.



- خودا چ بەهرەیەکی داوە بە فەیزییا بۆ خزمەت؟
- لەیلە چۆن یارمەتی فەیزییا دەدات بەهرەکەی خۆی بناسێت.

**پرسیاری ١٣:**

- چۆن بزانین بەهرەکانی ئێمە چین؟ بڕوانە سێ تیرە خاڵەکان.
- یەک ئەندامی کۆمەڵەکە، تکایە ناوی یەک ڕێگەی خزمەتکردن بڵێ. ئەندامی دواتر ئەوە دوپات بکەرەوە و بە ڕێگەیەکی تر زیادیکە بۆی. هەتاکو دەتوانین با بەردەوام زیادی بکەین بۆ ڕیزبەندەکە. بۆ نمونە: ڕێبەریکردنی دیدارەکان، فێرکردنی پەرتوکی پیرۆز، ژەنینی ئامێرێکی مۆزیقا، میواندارییکردنی کۆمەڵێک، تیشکخستنەسەر نوێژ، هاندانی تاک، خۆگەیاندن بە بێ-باوەڕان، پشتگیری کرداری، یارمەتی دارایی، شێو دروستکردن، هتد.....
- ئەم جۆرە خزمەتانە چۆن یارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیات نانی کۆمەڵە باوەڕدارێکی ناوخۆ؟

## پێویستە بەهرەکانمان بێفیزانە بەکاربهێنین (پرسیرەکانی ١٥-١٨)

**پرسیاری ١٥:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

- چ هۆکارێکت نوسی بۆ سەمیر ببێتە ڕێبەری کۆمەڵەکە؟ چ هۆکارێکت لە دژی نوسی؟
- کۆمەڵەکە چۆن دەتوانن یارمەتی سەمیر بدەن گەشە بکات لە ڕوانگەی ڕێبەرایەتییەوە بە بێ لووتبەرزی؟

باوەڕدارێکی بەتەمەن دەتوانێت لەگەڵ سەمیردا قسە بکات دەربارەی هەڵوێستە لووتبەرزییەکەیەوە. هەروەها، دەکرێت بەرپرسیارێتیکی بچوک بدرێت بە سەمیر لە ژێر فەرمانڕەوای ڕێبەرێکدا. ئەگەر بە باشی کردی، بە هەڵوێستێکی بێفیزەوە، دەکرێت بەرپرسیارێتی زیاتری بدرێتی لە دوایاندا. هەروەها، ئەگەر ئەو بوو بە ڕێبەر، نابێت بە تەنها بێت، بەڵام لە دەستەیەکی دوو ڕێبەری یان زیاتر پێکەوە ئیش بکەن.

**پرسیاری ١٧:** پرسیارەکە بخوێنەوە.

- لە ڕوگەی خوداوە کێ زیاتر گرنگە، ئەو کەسەی وتاربێژە یان ئەو کەسی خزمەتی ژەمەکان دەکات؟

هەردووک بە یەکسانی گرنگن. ئێمە پێویستە سوپاسی ئەوانە بکەین کە وتاربێژن و وە سوپاسی ئەوانەش بکەین کە خزمەتی ژەمەکان دەکەن

## خزمەتکردن وەک ڕیبەرێک (پرسیارەکانی ١٩-٢٥)

**پرسیاری ٢١:** سەیری ڕیزبەنی ئەدگارەکان (تایبەتمەنییەکان) بکە لە کۆتایی ئەم پرسیارەدا.

- ئایا عیسا سەرۆکی شوانەکان کامێک لەو جۆری ڕێبەرایەتییە نیشان دەدات؟ ا)، ب) و ج).
- ڕێبەرێکی مەسیح-ئاسا چۆن دەتوانێت ئەو ئەدگارانە نیشان بدات بە ڕێگەیەکی کرداری؟

**یەکەم پەترۆس ٥: ١-٦ بخوێنەوە:**

- لە ئایەتی ٢-٣ سێ ڕێگە بدۆزەرەوە کە ڕێبەرانی مەسیح-ئاسا دەبێت جیاوازبن لە ڕێبەرانی جیهانی. ئەگەر لە دوودڵیدایت، بڕوانە پرسیاری ٢٢.
- ئایەتی ٤ چ بەڵێنێک دەدات بە وەها ڕێبەرانێک؟
- لە چ ڕێگەیەکەوە باوەڕداران دەتوانن یارمەتی ڕێبەرەکانیان بدەن لە تەوەرە قورسەکانیاندا؟ ملەکەچیان بن (ئ.١٥)، نوێژیان بۆ بکەن، ڕێزیان لێبگرن، هانیان بدەن، سوپاسگوزار بن پێیان، گلەییان لێ مەکەن لە پاشەملە.
- لە ئایەتەکانی ٥ب و ٦، دەبێت هەموومان چ هەڵوێستێکمان هەبێت لە بەکارهێنانی بەهرەکانماندا؟

**پرسیاری ٢٥:** بڕگەی دووەم بخوێنەوە.

- لێرە چیت نوسیوە؟

**هەموو پێکەوە، وتاری ناو بڵقەکەی مامۆستاکە بخوێننەوە لە کۆتایی پرسیاری ٢٥.**

ب.ن. ڕێبەرەکەی کە خزمەت دەکات هەر ڕێبەرە. ئەوان دەسەڵاتیان هەیە ڕێبەری بکەن و خەڵک دەبێت ڕێزی ئەمە بگرن. ڕێبەرەکە خزمەتیان دەکات بە قوربانیکردنی خۆی بۆ قازانجی ئەوان.

## دەرئەنجام

**گۆڕانکاریکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ:**

- وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک دەکات لە ژیانی تۆدا؟
- **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە.**
- ئایا تۆ هیچ بیرۆکەیەکت هەیە کە بتوانی خەڵکی دیکە خزمەت بکەی بە بەهرەکانت؟

**ڕاهێنان بکە لەسەر خزمەتکردنی یەکتری:**

بە نۆرە پێیەکانی یەکتری بشۆن (پیاوان و ئافرەتان بە جیاجیا). تۆ وەک ڕێبەرێک پێویستە دەستپێبکەیت!

**پێکەوە نوێژ بکەن:** سوپاسی خودا بکە دەربارەی مەسیح پێیەکانی ئێمەی شوشتووە. داوای لێبکە چۆن دەیەوێت ئێمە خزمەتی خەڵک بکەین و یارمەتیمان بدات خزمەتی خەڵکی دیکە بکەین هەر وەک ئەو خزمەتی ئێمەی کردووە.

# وانەی ٢٠: گەشتی ئێمە بۆ ئاسمان

**ئامانجی هەر خوێندکارێک:**
ا. دڵنیابە ئەوان بە بەهەشت دەگەن بە سەلامەتی و وە بەتامەزرۆوە چاوەڕوانی بکەن.
ب. فێربە هێرشی ئەهریمەن بناسیتەوە و بەرەنگاری ببیتەوە.
پ. یەکەم پەترۆس ٥: ١٠-١١ لەبەرکە.

**سەرەداوی کەلتوری:**

- موسڵمان، گەشتیار و بەهەشت
- ئۆرشەلیم و زایۆنیزم

**ئامادەکاری:** وتەکە بنوسە یان چاپی بکە (بڕوانە پرسیاری ٢٢) لەگەڵ 'ئێمە' و 'ئێمەش'. نەخشە دانێ بۆ ئاهەنگ گێران لە کۆتایی خولەکەدا، ب.ن. دیدارێک ڕێکبخە بۆ هاوبەشکردنی سەرهات و بورهان و شایەتی یەکتری و وە ژەمێکیش پێکەوە بخۆن.

## کردنەوە

**بە نوێژکردن دەستپێبکە ئینجا پێداچوونەوە بەسەر ئەرکی کرداری بکە:** ئایا پرسیارت لە هاوڕێیەکت کرد کە تۆ چ بەهرەیەکت هەیە؟ چیبان وت؟ ئایا دەرفەتت هەبوو خزمەتی ئەوانی دیکە بکەی ئەم هەفتەیە؟ هەموو ئەندامێک پێویستە قسە بکات.

**وانەی ٢٠ پێداچوونەوەی خوێندنی ماڵەوە:**

**پرسیاری ١:** ا) ئۆرشەلیم؛ ب) ئاسمان (یان بەهەشت) **پرسیاری ٢:** ا) ئێمە؛ ب) مەسیح

**پرسیاری ٣:** ئەوەی بە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیحدا بانگی کردوون بۆ شکۆیە هەتاهەتاییەکەی، کە تۆزێک ئازارتان چێژت، خۆی تەواوکارتانە و دەتانچەسپێنێت و بەهێزتان دەکات و بناغەتان دادەنێت؛ هەتاهەتایە دەسەڵات بۆ ئەوە (٥: ١٠-١١)

**پرسیاری ٤:** وەڵامی تایبەتی. خودا دەیەوێت ئێمە بەتەواوی دڵنیا بین. ئێمە یەکەم جار بە ئەشکەنجەدا تێناپەڕین، بەڵام لەگەڵ خودا دەبین لە بەهەشت کاتێک ئێمە مردین! ئەگەر هەر تاکێک تاکو ئێستاش گومانی هەیە، بچۆ بۆ لوقا ٢٣: ٣٩-٤٣ پێشانیان بدە کە مەسیح تەنانەت بەڵێنی داوە بە تاوانباریش 'کە ئەمڕۆ تۆ لەگەڵ من دەبیت لە بەهەشت'!

**بابەتی ئەمڕۆ بناسێنە:** ئێمە لە گەشتێکی درێژی ژیانداین بۆ ئاسمان، یان بەهەشت. ئێمە جێگەیەکی شکۆدارمان هەیە، بەڵام لە گەشتەکەدا دەبێت بەرەنگاری نەیارەکانمان ببینەوە ئەهریمەن. ئەمڕۆ ئێمە دەربارەی ئەم گەشتکردنە ڕوحانییە فێردەبین.

## گفتوگۆ

### گەشتی ڕوحانیمان (پرسیارەکانی ١-٥)

**پرسیارەکانی ٢-٣:** تەواوی پرسیاری ٢ و یەکەم بڕگەی پرسیاری ٣ بخوێنەوە.

- ئێمە بۆ چ جۆرە گەشتێک یان حەجێک دەچین وەک شوێنکەوتووی مەسیح؟ گەشتی ڕوحانی کە درێژەی هەیە بۆ هەموو ژیانمان. ئێمە ملی ڕێگە دەگرین بەرەوە نیشتیمانەکەمان لە ئاسمان.
- بەم ڕۆژگارانە کە شوێنکەوتوانی مەسیح نوێژ دەکەن، بۆ ڕوو ناکەنە ئۆرشەلیم؟ لەبەرئەوەی نوێژ و ژیانمان نابێت ڕووەو شارێکی زەویی بێت، بەڵام ڕووەو خودا خۆی.

**پرسیاری ٤:** پرسیارەکە بخوێنەوە، لەگەڵ 'ڕاوەستە و بیربکەرەوە'.

- ئایا بیرت لەمە کردوە و چ بڕیارێکت دا؟

### بەربەرەکانی ئەهریمەن (پرسیارەکانی ٦-١٦)

**یەکەم پەترۆس ٥: ٦-١١ بخوێنەوە**

- ئایەتی ٦ چۆن یارمەتیمان بدات کاتێک ئێمە زۆر لووتبەرزین؟
- ئایەتی ٧ چۆن یارمەتیمان بدات کاتێک ئێمە زۆر خەمبارین؟
- کێ وەک شێر وایە، لە ڕوانگەی ئایەتی ٨؟
- ئایا ئێمە دەتوانین بەربەرەکانێی ببینەوە، لە ڕوانگەی ئایەتی ٩؟
- ئایەتی ١٠-١١ پێکەوە بخوێننەوە بە یەک دەنگ هەتاکو هەمووتان لەبەریاندەکەن.



یارمەتیمان دەدات بێفیزبین.
بەڵێنێکی بەهێزمان دەداتێ، کە خودا خەمی ئێمەیەتی!
ئەهریمەن. یان شەیتان
بەڵێ، ئەگەر ئێمە چەسپاو بین.'

**پرسیاری ٧:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە و هاوبەشی بکە چیت نوسیوە لە سێ بەشەکەدا.

- چ دەتوانێت شوێنکەوتوانی مەسیح لاواز بکات؟ ب.ن. ئەگەر دەست هەڵگرن لە خوێندنەوەی وشەی خودا و نوێژکردن. یان ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ باوەڕیان بشارنەوە کە ئەوان شوێنکەوتووی مەسیحن (لەگەڵ ئەوەشدا شاردنەوە بۆ ماوەیەک ئاساییە).
- چ شتگەلێک دەتوانێت شوێنکەوتوانی مەسیح نا وشیار بکات؟ ب.ن. کاتێک نازانن کە ئەهریمەن تاقیان دەکاتەوە. ئینجا دەکرێت بەسەر گوناحدا بکەون، وەکو لووتبەرزی، تووڕەیی یان گوناحی زایەندی (گوناحی جووتبوون).
- چ شتگەلێک دەتوانێت شوێنکەوتوانی مەسیح لە مێگەلەکە جیا بکاتەوە؟ ب.ن. ئەگەر بەشداریکردنیان ڕاگرد لەگەڵ باوەڕدارانی دیکە بۆ هاوەڵێتی، بۆ نمونە لەبەرئەوەی ئەوان کەسێکی نا-مەسیحییان مارە کردووە.

**پرسیاری ١١:** برگەی یەکەم بخوێنەوە.
- هەندێک جار چەرمەسەرییەکانمان زۆر لە گەورە دەچێت کە وا دەزانین چیتر بەرگەی ناگرین! بەڵام **یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٣ بخوێنەوە.** ئەمە چ ئومێدێکمان دەداتێ؟
- دەتوانیت باسی بەسەرهاتێک بکەیت کە وا بیرت کردبێتەوە چیتر بەرگە ناگریت؟ خودا چۆن توانای دا پێت کە لەژێریا بێیتە دەرەوە؟ دەرفەت بە هەموویان بدە بۆ هاوبەشکردن بەبێ پەستانکردنە سەریان (گوشار).

**پرسیاری ١٢:** سەیری وێنەکان بکە لە پرسیاری ١٢.
- کام لەو دوو بڕوادارە پەلامار دراون لەلایەن ئاستەنگە دەرەکییەکان؟ گوڵ (ب) و ئیفتیخار (ت).
- کام لەو دووانە پەلامار دراون لە ڕێگەی تاقیکردنەوە ناوەکییەکان؟ ئاختەر (ا) و شیرین (پ).
- باسی کاتێک بکە کە شەیتان پەلاماری داویت لە ڕێگەی ئاستەنگە دەرەکییەکان یان تاقیکردنەوەی ناوەکییەکان. چی ڕوویدا؟ چی لێوەی فێربوویت؟ ئەمە زۆر گرنگە، ڕێگە بە هەموویان بدە هاوبەشی بکەن.

**پرسیارەکانی ١٥-١٦:** سەیری وێنەکە بکە لە پرسیاری ١٥. تەواوی پرسیاری ١٦ بخوێنەوە.
- هەرکاتێک ئێمە دێینە دووڕیانێک لەسەر جادەیەک، چ بژاردەیەکمان هەیە؟
- ئەهریمەن تاقیمان دەکاتەوە کە بە ڕێگەی ئەودا بڕۆین. کێ دەبێت ئەو بژاردەیە دەستنیشان بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاقیکردنەوە – ئێمە یان مەسیح؟ ئێمە پێویستە بژاردەکە دەستنیشان بکەین. ئەگەر بە ڕێگەی ئەهریمەندا بڕۆین ئەوا هەڵەی خۆمانە، نەک مەسیح.
- بۆ ئاختەر و شیرین لە پ.١٢. پێویستە کێ دووڕکەوتنەوە هەڵبژێرێت لە تاقیکردنەوە؟ ئەوان پێویستە خۆیان هەڵیبژێرن. کێ توانایان دەداتێ تاوەکو بژاردەیەکی تەواو هەڵبژێرن؟ مەسیح
- کاتێک ئەهریمەن تاقیمان دەکاتەوە، ئێمە دەتوانین بەرەنگاری ببینەوە ئەگەر بمانەوێت بژاردەیەک دەستنیشان بکەین بۆ کردن. **یەکەم یۆحەنا ٤: ٤ بخوێنەوە،** مەسیح لەناوماندایە و وە ئەو لە شەیتان بەتواناترە!

## جێگەی ئێمە لە ئاسمان (پرسیارەکانی ١٧-٢٢)

**پرسیاری ١٩:** پرسیارەکە بخوێنەوە.
- چۆن دڵنیابین کە خودا ئێمە وەردەگرێت بۆ ناو بەهەشت؟

عیسای مەسیح خۆی هەڵمان دەگرێت بەسەر پردەکەدا بۆ بەهەشت. ئێمە متمانەی خۆمان داوە بە ئەو، و ئەو ڕێگە نادات ئێمە بکەوینە خوارەوە!

**پرسیاری ٢١:** بەسەرهاتە ڕاستەقینەکەی عومەر بخوێنەوە (لە ناو چوارگۆشەکە).
- هەتا چەند بە تامەزۆری ئەوەوەی بچیت بۆ ئاسمان: کەمێک یان زۆر؟

پێکەوە تاوتوێی بکەن. شتێکی باشە دڵخۆشبیت و ئەوەت بۆ بێتە دی کە خزمەتی خودا بکەی لەسەر زەوی، بەڵام پێویستە هەرگیز چاومان هەڵنەگرین لەسەر جێگەی ڕاستەقینەمان، ئاسمان! ڕەنگبێت زیاتر و زیاتر تامەزرۆی بین وەک عومەر!

**پرسیاری ٢٢:** تەواوی پرسیارەکە بخوێنەوە.
- لەم پارچەیەدا کام وشانەت بەلاوە خۆشەویستە بەزۆری؟
- چ جۆرە بەڵێنانێکی نایەب لەم پارچەدان! با دووبارە بیان خوێنینەوە، وشەی 'ئەوان' ئاڵوگۆڕبکە بە وشەی 'ئێمە'.

هەندێک لە هێماکانی وتە لە ک.س.س هەن، لێرە لابراون بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوە.
داوە لە هەموو خوێندکارەکان بکە قسە بکەن و تۆش پێویستە هاوبەشی بکەی.
**بۆ یارمەتی خوێندکارەکان، ئەو پارچەیە پێشەکی بنوسەوە یان چاپی بکە و وە گۆڕانکارییەکانی وشەی 'ئەوان' بۆ 'ئێمە' کرابێت پێشەکی؛** ب.ن. "ئێمەش دەبین بە گەلی ئەو، خودا خۆی لەگەڵماندایە و دەبێتە خودای ئێمە. ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاومان دەسڕێتەوە" هتد...



**پرسیاری ٢٢:** سەیری وێنەکە بکە لە پەڕەی کۆتایی و وشەکان بخوێنەوە.
- چ هەست و سۆزێکت هەیە؟
- وێنای بکە خودا هەموو فرێسکەکانمان دەسڕێتەوە لە بەهەشت!

## دەرئەنجام

| گوێرایەڵیکردنی فێربوونەکانی ئەمڕۆ: | پێکەوە نوێژ بکەن: |
| --- | --- |
| • وانەی ئەمڕۆ چی جیاوازییەک لە ژیانی تۆدا دەکات؟<br>• **پێکەوە ئەرکی کرداری بخوێننەوە.** هەموو ڕۆژێکی ئەم هەفتەیە یەک وتە بخوێنەوە. بە قوڵی بیری لێبکەرەوە. لە ناو مێشکتا بیگێرە هەر وەک منداڵێک چۆن نقوڵ لەناو دەمیدا دەگێرێت، چێژ و خۆشی لە شیرینیەکەی دەبینێت بۆ ماوەیەکی زۆر.<br>• **جەژن:** کۆمەڵەکە چۆن جەژنی تەواوبوونی خولەکە بگێڕن؟ ب.ن. هەفتەی داهاتوو ژەمێک پێکەوە بخۆن، بە گێڕانەوەی گۆڤانی (شایەتیدانی) چی فێربوویت لە خولەکە؟ تاوتوێی بکەن و نەخشەی بۆ دابڕێژن.<br>• **تاوتوێکردن** چۆن قوتابییەتی بەردەوام درێژەی دەبێت، یاخود وەک کۆمەڵێک یان لە پەیوەندێکی ڕێبەرایەتی خودی خۆت. | هەمووان پێویستە یەکەم پەترۆس ٥: ٨-١١ بکەنەوە. بە نۆرە، هەمووان پێویستە نوێژێکی کورت بخوێنن لەسەر بنەمای بەشێکی جیاواز لە ئەم پارچەیەدا.<br>نوێژ بکە پەتاییەتی بۆ "خوشک و براکانیشتان لە جیهاندا هەمان ئازار دەچێژن" (ێ.٩) |

# پاشکۆ: هێڵکاری لەبەرکردنی پەرتوکی پیرۆز

| | | | |
|---|---|---|---|
| وانەی ١ | **مەتا ١١: ٢٨**<br>"وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە." | وانەی ١١ | **پەیدابوون ٢: ٢٤**<br>"لەبەر ئەوە پیاو دایک و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر دەبنە یەک جەستە." |
| وانەی ٢ | **دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧**<br>"ئەگەر هەرکەسێک لەگەڵ مەسیحدا ببێتە یەک، دەبێت بە بەدیهێنراوێکی نوێ. شتە کۆنەکان بەسەرچوون و شتی نوێ هاتووە!" | وانەی ١٢ | **یەکەم پەترۆس ٣: ١١**<br>"بەدوای ئاشتیدا بگەڕێت و کۆششی بۆ بکات." |
| وانەی ٣ | **یەکەم یۆحەنا ٣: ١**<br>"تەماشا بکەن باوک چ خۆشەویستییەکی پێداوین، تاکو پێمان بگوترێت ڕۆڵەی خودا!" | وانەی ١٣ | **یەکەم پەترۆس ٣: ١٨**<br>"لەبەر ئەوەی مەسیح تەنها جارێک لەبەر گوناە ئازار درا، بێتاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیک بکاتەوە." |
| وانەی ٤ | **یەکەم پەترۆس ١: ١٥**<br>"بەڵکو وەک ئەوەی بانگی کردوون پیرۆزە، ئێوەش لە هەموو هەڵسوکەوتێک پیرۆز بن." | وانەی ١٤ | **مەتا ٢٨: ١٩**<br>"کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن." |
| وانەی ٥ | **نوێژی یەزدان**<br>"ئەی باوکمان لە ئاسمان....."هتد | وانەی ١٥ | **یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩-٢٠**<br>"ئێوەش هی خۆتان نین، چونکە ئێوە بە نرخێک کڕاون. جا بە لەشتان ستایشی خودا بکەن." |
| وانەی ٦ | **نوێژی یەزدان**<br>"ئەی باوکمان لە ئاسمان...."هتد | وانەی ١٦ | **مەرقۆس ١٢: ٣٠-٣١**<br>"جا بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو بیر و بە هەموو تواناتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێ... نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت." |
| وانەی ٧ | یەکەم پەترۆس ٢: ٩<br>"بەڵام ئێوە گەلێکی هەڵبژێردراون، کاهینییێتی شاهانە، نەتەوەیەکی پیرۆز، گەلی تایبەتی خودان، تاکو چاکییەکانی ئەوە ڕابگەیەنن کە بانگی کردوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەیرەکەی." | وانەی ١٧ | **مەرقۆس ١٢: ٣٠-٣١**<br>"جا بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو بیر و بە هەموو تواناتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێ... نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت." |
| وانەی ٨ | **یەکەم پەترۆس ٢: ١٧**<br>"ڕێز لە هەمووان بگرن، هاوباوەڕانتان خۆشبوێ." | وانەی ١٨ | **یەکەم پەترۆس ٥: ٧**<br>"هەموو خەمێکتان بە خودا بسپێرن، چونکە ئەو بایەختان پێدەدات." |
| وانەی ٩ | **یەکەم پەترۆس ٢: ٢١**<br>"مەسیحیش لە پێناوتاندا ئازاری چێژت و نموونەی بۆ بەجێهێشتن، تاکو بە هەنگاوەکانیدا بڕۆن." | وانەی ١٩ | **یەکەم پەترۆس ٤: ١٠**<br>"هەریەکە بەگوێرەی ئەو بەهرەیەی وەریگرتووە، خزمەتی یەکتری پێ بکەن." |
| وانەی ١٠ | **مەتا ٥: ٤٤**<br>"دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە." | وانەی ٢٠ | **یەکەم پەترۆس ٥: ١٠-١١**<br>" خودای هەموو نیعمەتێک، ئەوەی بە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیحدا بانگی کردوون بۆ شکۆیە هەتاهەتاییەکەی، کە تۆزێک ئازارتان چێژت، خۆی تەواوکارتانە و دەتانچەسپێنێت و بەهێزتان دەکات و بناغەتان دادەنێت. هەتاهەتایە دەسەڵات بۆ ئەوە. ئامین" |

وەرە شوێنم کەوە